# گەیشتن بە ڕووبەری شیعر

لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی لەزموونی شـیعری

(فەرید زامدار)

ناڵە حەسەن

2020

ناوی کتێب : گەیشتن بە ڕووبەری شیعر
نووسینی : ناڵە حەسەن
بابەت : لێکۆڵینەوە
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە : هیوا کۆمپیوتەر
چاپخانە :

# (ژیان هەمیشە وتوویەتی نا .... !)

فەرید زامدار

# ناوەڕۆک


**سەرەتایەك :** ......................................................................... ٥
**گەیشتن بە ڕووبەری شیعر** ........................................................... ٧
**نوێخوازی وەك پڕۆژە** ................................................................. ١٦
**(شیعر و یاخیبوون) یان (بەشی دووەمی نوێخوازی)** ........................... ٢٧
**فەرید زامدار و شیعر و ئەزموون** ................................................... ٤١
**خوێندنەوە بۆ چەند کتێبێکی (فەرید زامدار)** .................................... ٥٣
**فەرید زامدار و قوتابخانە ئەدەبییەکان** ........................................ ١١٦
**شیعر و ناونیشانی شیعر** ............................................................ ١٣١
**شیعر و پارادۆکس** .................................................................... ١٣٦
**شیعر و چەمکی (مردن)** ............................................................. ١٤٤
**شیعر و ئەفسانە** ...................................................................... ١٥٢
**شیعر و (ڕەنگ و وشە)** .............................................................. ١٥٦
**شیعر و قەڵەم** ......................................................................... ١٦٢
**بۆ شاعیری خۆشەویست هاوڕێم/ فەرید زامدار** .................................. ١٦٩
**سەرچاوەکان :** ......................................................................... ١٧٣
**سوپاسنامە :** ........................................................................... ١٧٤

## سەرەتایەك :

مەبەستمان لەم خوێندنەوە و نووسینە لەسەر شیعر و ئەزموون و داهێنانەکانی (فەرید زامدار)ی شاعیر، لەبەر خاتری ئەوە نییە کە لە ئێستادا، ئەو لەنێوماندا نەماوە. یان ئەو وتارەی ئێمە وەفایەک و یادکردنەوەیەک بێت بۆ ئەو.. ئێمە لە کاتی ڕێو ڕەسمی چلەی ئەم شاعیرە ئازیزەمان وەکو هاوڕێیەکی ئەو وتارێکمان بڵاوکردەوە و دڵتەنگی و هەستەکانی خۆمان بۆ سەفەرە ئەبەدییەکەی دەربڕی، بە کورتیش چەند قسەیەکمان لەسەر داهێنان و ئەزموونە نوێخوازییەکەی کرد. دیارە مەبەستمە ئەوە بڵێم/ ئەوەی وایلێکردم ئەم لێکۆڵینەوە شیعرییە بنووسم خودی شیعرەکانی (فەرید) خۆیەتی، واتە/ شیعر و داهێنان و جیهانبینییە نوێیەکانی بۆ شیعر منیان هێناوەتە قسە.. حەزدەکەم لەم وتارەم ئەوەش بخەمە ڕوو/ کە من لە ئەزموونە سەرەتاییەکانی شیعریم، (سوودم لە تێبینییەکان و دیدگاکانی فەرید بینیوە، چ لەسەر شیعرەکانی ئەوکاتی خۆم چ لەسەر شیعر بە گشتی). هەوڵدەدەم لەم وتارەم قسە لەسەر هەندێ گۆشە و ڕووبەری شیعری بکەم کە تا ئێستا / ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی شیعری کەمتر قسەیان لەسەر کردووە، بە تایبەتتر مەبەستمە قسە لەسەر (ڕووبەری شیعری و گەیشتن

بەم ڕووبەرە) و هەروەها، (نوێخوازی وەک پرۆژە و یاخیبوونی شـــیعری و..) چەنـــد لایەنێکیتـــر.. بە کـــورتی لەم وتـــارەم هەوڵدەدەم خوێنـدنەوەیەکی هەمەلایەنە بـۆ شـیعر و ئەزمـوونە شیعرییەکەی (فەرید زمدار) بکەم. دواجار/ خـۆزگەی ئەوەشـم دەخواسـت کە ئێسـتا ئەو لە ژیانـد بمابـا و ئەو وتـارەی منـی بینیبا...! بە ئومێدم بتـوانم گۆشـەیەک لە گۆشـە تاریکەکـانی نێو ڕووبەری شیعر ڕووناک بکەمەوە.

## گەیشتن بە ڕووبەری شیعر

ڕووبەری ڕاستەقینەی شیعر ئەو شوێنەیە کە/ هەموو شیعرێک ناتونێ بیگاتێ و لە نێویدا بمێنێتەوە تەنها ئەو شیعرانە نەبێ کە، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی جوانی نووسراون، لەوێدا شیعر دەبێتە جووڵەیەکی بەردەوامی ئیستاتیکی و لە ئاستێکی بەرزی داهێناندا دەبێ، چ لەڕووی زمانەوە یان لە ڕووی فۆرمەوە.. بە مانای، شیعر وەکو ژیان دەبێتە پڕۆژەیەکی بەردەوام و تەواو نەبوو . لەنێو ئەم رووبەرە/ شاعیر لەنێو بیرکردنەوە شیعرییەکانی لەژێر هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی و کاریگەرە کەلتووری ئایدیۆلۆژییەکاندا نابێت، هەر خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکە دەبێتە کرانەوەیەک بە ڕووی ژیان و گەردووندا، کەواتە شیعرەکانی نێو (ڕووبەری شیعر) داهێنانەکانییان لە ئاستێکدایە و دەبنە بەشێک، (لە پڕۆسەیەکی بەردەوامی لە نەبوونەوە بەرەو بوون، لەپێناو خۆ تەواوکردنەوە دەکەونە گەڕ ...) بە مانایەکیتر/ هاوتەریب دەبن لەگەڵ ژیان و بەها مرۆییەکان و چەمک و پێکهاتە گەردوونییەکان . ئازادی بوون توخمێکی سەرەکی نێو ڕووبەری شیعرە، شاعیر دەبێ تەواو بیرکردنەوە و بوونێکی ئازاد بێت، پڕ بێت لە خەون و جووڵە و نیگەرانی، لەنێو

رووبەری شیعر پەیوەندییەکان خۆڕسک و توندوتۆڵن، تەنانەت پەیوەندی نێوان (سیاسەت و شیعر)یش، پەیوەندییەکی نزیک و لێکدانەبڕاوە چونکە، شیعر لەنێو ڕووبەری زمان دەتوانێ قسە لەسەر هەموو شتێک بکات، مەبەستمە بڵێم/ لەنێو پانتایی جوانی (شیعر و سیاسەت) تەبا دێنە بەڵام، بە دیوەکەی تر هاودژ و پێچەوانەن (مەبەستمان ئەو دیوەیە کە سیاسەت و گوتاری سیاسی لە جوانی دوور دەکەونەوە ..!)، هەروەها زۆرێک لە قسەکانی نیو شیعر وەک قسەکردن لە خەون، عەشق، بوون، .. بەشێکی دانەبڕاون لە سیاسەت، بە مەبەستی بیناکردن و داهێنان یان گۆڕینی ئاسۆکانی نووسین بەڵام، لەو شوێنەی شیعر دەبێتە هۆکار لەپێناو سیاسەت و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو لەوێدا، شیعر ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی لەدەست دەدات و دەچێتە دەرەوەی ڕووبەری شیعر . چونکە لە دواجاردا/ زۆرێک لە شیعرە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان لە دەرەوەی ڕووبەری شیعر وەک، (مەلەف و بەڵگەنامەیەکی سیاسی و مێژوویی) دەمێننەوە . دەقە زیندووەکانی نێو ڕووبەری شعر شێلگیرانە و بەردەوام لە هەوڵی بەرهەمهێنانی پرسیاری نوێدا دەبن، ئیش لەسەر سڕینەوەی مانا پێشوەختەکان دەکەن . کەواتە شیعر گەڕانێکی بەردەوامە لەنێو پانتایی مانادا .. ئەو شیعرانەی

لەئاستێکی بەرزی داهێناندان بە تۆخی ئیش لەسەر زمان و پێکهاتە شیعرییەکانی وەک، (هێما و میتافۆر و وێنە و پارادۆکس و جێگۆڕکێ و دووبارەبوونەوە و گومان و پرسیار و گەمە کردن بە وشە) دەکەن .. چونکە لەم ڕووبەرە شیعرییە باوەڕمان بەوە دەبێ کە/ هەموو دەقێکی گەورە ڕوئیایەکی فەلسەفی گەورە و گومان و پرسیارێکی گەورە لەگەڵدا دەبێت .. چونکە قووڵایی بەهرە و توانا مەعریفییەکانی مرۆڤ لە وەڵامدانەوە نییە بەڵکو، لە پرسیارکردن دایە، ئەوە ئایین و ئایدیۆلۆژییەکانن کە هەمیشە وەڵامێکی جێگیر و نەگۆڕییان پێیە، هەر لێرەوەیە شیعر ڕەنگ و ڕووبەر و سیمای خۆی لە ئایین و ئیدیۆلۆژیاکان جیا دەکاتەوە . لێرەدا دەمانەوێت، (شاعیر لە شیعرنووس) جیابکەینەوە . واتە هەموو ئەو شیعرانەی لە ئاستێکی بەرزی داهێناندان و لەنێو ڕووبەری شیعر دەمیننەوە، ئەوانە نووسەرەکانییان (شاعیرن)، ئەو شیعرە سادانەی دەرەوەی ڕووبەری شیعریش نووسەرەکانییان شاعیر نین، بەڵکو تەنها (شیعرنووسن)، چونکە (شاعیربوون) جێگاکەی لە هەورازێکە هەموو شیعرنووسێک ناتوانێ بیگاتێ ...! تا ئێرە قسەکردن بوو لە ڕووبەری شیعر و دەرخستنی سیماکانی شیعری باش یان ئەو شیعرانەی زێتر لە جارێک دەخوێندرێنەوە، یان لەو شیعرانەدا/ تواناکانی زمان و داهێنان

له شوێنێکه که خوێنەر ناتوانێ بەبێ قووڵبوونەوە و ڕامانی ورد و بیرکردنەوە و مانەوە لەنێویدا بە سووکی بەسەریاندا گوزەر بکات . ئەگەر لێرەوە قسە لەسەر کتێبە شیعرییەکان و ئەزموونی شیعری (فەرید زامدار)ی شاعیر بکەین .. دەتوانین بڵێین فەرید لە کتێبی (بروسکەی هەوری مەبەستێک) و (ژووانی سێبەر)دا، لە دەرەوەی ڕووبەری شیعردا بووە، لە دیوانە (بێناونیشانەکەی) هەوڵدەدا بگاتە ڕووبەری شیعر و لە کەنارەکەی بمێنێتەوە و دواتر بەرەو قووڵایی نێو ڕووبەرەکە بڕوات . ئەگەر سەرنج بدەینە کۆبەرهەمەکەی بە ناوی (شەڕی وشەکان، نیو نوقتە لەژێر نیودا)، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ چاپی کردووە، (فەرید زامدار) خۆی لە پێشەکییەکەدا دەڵێ، ("برووسکەی هەوری مەبەستێک " یەکەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوی منە (ساڵی ١٩٧٣)، کە دەکەوێتە خانەی هەوڵە سەرەتاییەکانی هەڵچوونی شیعریم کە زمانێکی شیعری سادە و ساکاری پێوە دیارە، لەو کۆمەڵە شیعرە بەراییەدا بە زەقی کاریگەری فیکری (مارکس و لینین) و فیکری نەتەوەیی پێوە دیارە ..!) هاوکات، ئەو قسانەی فەرید خۆی بۆ کۆمەڵە شیعری (ژووانی سێبەری)ش ڕاستن، نەک هەر (فەرید زامدار)، زۆرێک لە شاعیرانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان و دوای ئەوانیش، بە دەرەجاتیک تاکو ئێستاش،

ئەركێكـی قورسـییان خسـتۆتە سـەر شـانی شـیعر، وەكـو هۆكارێک بـۆ گەیشـتن بە ئامانجێـک بەكارییـان هێنـاوە، بـۆیە دەبینـین شـیعرەكان، جـگە لە وشـە ڕیزكـردن بە شـێوەیەكی میلۆدییانە هیچ شـتێكی تـر نـین، ئەمجـۆرە شـیعرانە لە ڕووی جوانكاری و هونەری زمان و داهێنانەوە ئەو هێـز و توانایەیـان پێ نییە بگەنە نێو ڕووبەری شیعر یان هەر لێی نزیک ببنەوە، با سەرنج بدەین (فەرید زامدار) لە شیعری (بروسكەی هەوری مەبەسـتێک) دا دەڵـێ، (شـیرینەكەم .. دڵـی سـاوام .. بەرەو لـوتكەی .. مەبەسـتێكی .. بڵنـد دەڕوات .. چـاوی هۆشـم .. پرشـنگدارە لە پرشـنگی چاوتـا ئەكـات ! بیـری تـازەم .. شۆڕشێكە لە مەیدانی .. هەوڵ و خەبات ! .. پێنووسەكەم .. تەورداسی كاوەیێكە .. هەزار زوحاک لەناو ئەبـات ! ...)، لەم كۆپلە شـیعرەدا جـگە لە هەسـتێكی نەتەوەیـی و شۆڕشـگێری هیچ هونەرێكی شیعری و زمـانەوانی و ئیسـتاتیكی نـابینین .. ئەمجـۆرە شـیعرانە مانـایەكی جوانییـان هەیە نەک هـونەر و ئیستاتیكای شیعری، بە مانـایەک هـیچ داهێنـانێكی شـیعرییان تێدا نییە، هەر بۆیەش لەدەرەوەی ڕووبەری شـیعر دەمێنـنەوە . شاعیری داهێنەر یان شاعیرە گەورەكان هەمیشە بە چاوێكی ڕەخـنە و ڕاسـتگۆیانە بـاس لە ئەزمـوونە شـیعرییەكانی خـۆی دەكەن، بەتـایبەت ئەزمـوونە سـەرەتاییەكان، لەم پێشـەكییەی

فەرید ڕاستگۆییەکی گەورە بەرامبەر ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی دەبینـدرێ، دیـارە دوو کتێـبەکەی (برووسـکە هەوری مەبەسـتێک و ژووانـی بەر سـێبەر)، پـڕن لەو نمـوونە شـیعرییانەی کە مەبەسـت و ئامانجەکـانی ئـێمە دەپـێکن، (ئەدۆنیس)، لە کتێبی (لەگەڵ ئەدۆنـیس دا)، لە شـوێنێک دا دەڵێ، (لە سەرەتادا هەندێک شیعری سادە و ئاسایی خراپم نووسی کە دەبێ لە مێژووی شیعریمدا بسڕێنەوە، منـاڵانە و نـاهونەری بـوون، وەکـو هەمـوو شـاعیرانی جیهـان شـتی وام نووسیوە، کە دەبێ لە ژیانی شـیعریمدا بسـڕێنەوە، بەڵام دوای دروستبوونی هۆشیاری شیعری لەلام میتۆدێکی جیـاوازم گـرتە بەر) . دەبینـین کەسـانی داهێـنەر چەنـد ڕاسـتگۆیانە و بە چـاوێکی ڕەخنەییـانەوە بـاس لە ئەزمـوونی خۆیـان دەکەن .. ئەدۆنـیس کە دەڵـێ (شـیعری سادە و خـراپ، یـان دەبـێ لە مێـژووی شـیعریمدا بسـڕێنەوە) بەمانـای، ئەو شـیعرانەن لە دەرەوەی ڕووبەری شیعرن، واتە لە ڕووی هونەری زمـانەوانی و تەکنیکـی و ئیسـتاتیکای شـیعرییەوە لاواز و سـادەن . هەر خـودی (ئەدۆنـیس) لەشـوێنێکیتردا لە دیمـانەیەک بە نـاوی (حیکـایەتی) لەوێـدا، بـاس لەوە دەکـات کە کـاتی خـۆی لە گۆڤـاری شـیعر، کتێبێکـی شـیعرییان بەنـاوی، (سـروودەکانی باران) بۆ (بەدر شاکر سەیاب) چاپ کـردووە، لەو شـیعرانەی

سەیاب ناردوونی بۆیان، هەموویـان نەخسـتۆتە نێـو دیـوانەکە، واتە هەنــدێک لە شــیعرەکانییان چــاپ نەکــردووە، دواتــر (سـەیاب) لە (ئەدۆنـیس) دەپرسـێت، ئەی چـی لەو شـیعرانە بکەم، ئەویش لە وەڵامـدا پێـی دەڵـێ، (بیـدەرە دەسـت مێـژوو ..!)، لەم وێنــانە تێگەیشــتنێکی ڕۆشــنمان دەســتدەکەوێت بەرامبەر (ئەو شیعرانەی دەگەنە نێو (ڕووبەری شـیعرەوە) وە ئەو شیعرانەی لە دەرەوەی (ڕووبەری شیعر) دەمێنـنەوە، یـان نووسەرەکانمان بە (شـیعرنووس) نـاو بـردووە نەک (شـاعیر)، (فەریــد زامــدار) دوای ئەم دوو کتێــبە شــیعرییەی، واتە لە دیوانە (بێناونیشـانەکەی)دا، بە هێزێکـی شـیعری جیـاوازتر لە ڕووی زمـان و فـۆرمەوە دەنووسـێت .. توانـا و مەعریفەیەکـی شـیعری جـودا، ئاسـۆیەکی ئیسـتاتیکی لەبەردەم شـیعرەکانی خۆی دەکاتەوە، لەوێوە دەگاتە نێو رووبەری شیعری و بەهۆی داهێنــانە بەردەوامەکــانی تــا کۆتــایی ژیــانی لەنیــو ڕووبەری شــــیعری، وەک دەنگێکـــی داهێـــنەر و نوێخـــواز و جیـــاواز دەمێنێتەوە، بەدوای دیوانە بێناونیشـانەکەی، شـیعرەکانی نێـو کتێبەکــانی (ســتێکس و دروســت نەبــوون لە شـــەوی یەک دەقەییدا و مردنی ئەندازەیی و ئەنیما مۆندی و ماکرۆکۆسـۆم) شاهیدی ئەو قسانەی ئێمەن . ئەگەر ئەم وتـارە (گەیشـتن بە ڕووبەری شــیعر) وەک مێژەرێــک وەربگــرین، هەر شــاعیرێک

دەتوانی بە هۆیەوە سەیری ئەزموونی شیعری خۆی بکات، دەتوانێ جێگەو ڕێگەی شیعری خۆی ببینێت کە لەکوێ ئەم ڕووبەرەوەیە ..! من وەک (ناڵە حەسەن) هەردوو دیوانە سەرەتاییەکانم (مۆمێکی نوێی تەمەنم) و (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) م لەدەرەوەی ڕووبەری شیعر دان .. خۆم وایدەبینم لە کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) گەیشتوومەتە کەناری ڕووبەری شیعر و لەوێوە بەهۆی هەوڵە نوێیەکانمەوە بەرەو قووڵاییەکانی ئەم ڕووبەرە ڕۆیشتووم .. من پێموایە هەندێک لە شاعیرەکان، هەر لەسەرەتاوە بە هێزێکی شیعریی لەنێو رووبەری شیعر سەریان دەرهێناوە و هەر (لەوێندەریش) لە داهێنانە شیعرییەکانییان بەردەوام بوونە، بە مانایەک/ هەر لەبنەڕەتەوە لەنێو ڕووبەری شیعر لەدایکبوون، نموونەی ئەوانەش وەک، (شێرکۆ بێکەس و کەریم دەشتی و سەباح رەنجدەر و چەند شاعیرێکی تر ..) . شێرکۆ بێکەس، لە (تریفەی هەڵبەست و دوو سروودی کێوی و دیوانە سەرەتاییەکانی تری)، بە هێزێکی شیعری پتەو دەستی پێکردووە، (کەریم دەشتی)، لە کتێبەکانی (خاک و هەڵۆ و تەمە سپییەکانی ڕۆح و وردە گەڵاو ...)، بە هێزێکی شیعری ڕسکاو دەستی پێکردووە، (سەباح ڕەنجدەر)یش، لە کتێبی (زێوان) بە هێزێکی شیعری خەملیو و جودا دەستی پێکردووە .. ئەم شاعیرانەمان هەر لە ئەزموونە

سەرەتاییەکانیانەوە لەنێو (رووبەری شیعر) بوون و هەر لەنێو رووبەری شیعریش ماونەتەوە، ئیستاش لەنیو قوولاییەکانی ئەم ڕووبەرە درێژە بە نووسین و داهێنانە شیعرییەکانییان دەدەن . دیارە جگە لەم سێ ناوە، ناویتریش هەن بەلام، تەنها بۆ نموونە و بۆ بەرچاورۆشنی ئەم ناوانەمان هێناوە، هەولیش دەدەین هێندەی بۆمان بکرێت خۆمان لە ناوهێنان دەپارێزین، دەبێ ئەوەش بلێین کە کەسانی وا هەن کە تا کۆتایی بە شیعرنووس دەمێننەوە و نابن بە شاعیر و ناگەنە نێو ڕووبەری شیعری، (فەرید زامدار)ی شاعیریش، بە داهێنانە شیعرییە ناوازەکانی، بە ئەزموونە دەولەمەندەکەی، یەکێکە لە دەنگە جیاوازەکان و نوێخوازەکانی نێو قوولاییەکانی ئەم ڕووبەرە شیعرییە .

## نوێخوازی وەك پڕۆژە

نوێخـــوازی چەمكێكـــی فـــراوان و فرەڕەهەنـــدە، لە یەككاتـــدا دەتـــوانێ لە چەنـــدین ڕووبەر و ســـێكتەردا ڕۆڵ ببینێـــت، وەک ســـێكتەری ئـــابووری، سیاســـی، پەروەردە، كەلتـــووری، ئەدەبـــی تەنـــــانەت پەیوەنـــــدییە كۆمەڵایەتییەكـــــانیش .. نوێخـــــوازی چەمكـــێكە نـــاتوانین تەنهـــا لە چوارچێـــوەی فـــۆرمەوە ســـەیری بكەیـــن، چـــونكە هەمـــوو (فـــۆرمێكی نـــوێ) زادە و بەرهەمـــی بیركردنەوەیەكی نوێیە، بەمانایەک/ كەسە نوێخوازەكان دەبـنە خـــودان بیركردنەوەیەكـــی نـــوێ و جیـــاواز، بەرامـــبەر دوێنێـــی خۆیـــــان و ئێســـــتا و هەم بەرامـــــبەر دەوروبەری خۆیـــــان .. بیركردنەوەی نـوێ، فـۆرم و ئەنجـامگیری نـوێ بەدوای خۆیـدا دەهێنێت .. (كەسـی نوێخـواز)/ لە چـاوەڕوانی ئەویتـر نابێت تاكو بیركـردنەوە و فـۆرمی نـوێی پێشـكەش بكـات بەڵكـو، لە بەرئەنجـامی شۆڕشـێک بەسـەر نـاوەوەی خۆیـدا و گۆڕانكـاری بەســـەر بیركردنەوەكـــانی خۆیـــدا دەهێنـــێ و بە بەرئەنجـــام و بیركردنەوەی نوێ دەگات، ئەم بیركردنەوە جیاواز و نوێیـانەی لە ڕێگـــای فـــۆرمی نوێیـــوە بە دەرەوەی خـــۆی و بە ئەوانیتـــر دەگەیەنێت . ئێمە ناتوانین بـاس لە كۆمەڵگـایەكی نوێخـواز و مـــــۆدێرن بكەیـــــن، گەر خـــــاوەن كەلتـــــوورێكی هـــــاوچەرخ و

سیستـەمێکی هـاوچەرخ و مـۆدێرن نەبـین، بـۆ دەسـەڵات و ئـابووری و پەروەردە و پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان ...! هەروەهـا پەیوەنـدی نێـوان تاکەکـان یـان پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵات و تـاک . ئەم بیرکـردنەوە بـۆ ئەدەب و شـیعریش هەروایە . سومبۆلیسـتەکان لە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیەم، لە ڕێگای شۆڕشیک بەسەر بیرکردنەوەکانی خۆیـان بە دژی ئەدەب و شیعری پێشخۆیان بە تایبەت (ڕۆمانسیسـزم و ڕیـالیزم)، لە نێـو (ڕووبەری زمـان)، بە بەرئەنجـامی نـویێ گەیشـتن و فـۆڕمی نوێشـییان بەرهەمهێنـا، ئیشـکردن لەسـەر هێما و میتافۆر و وێنە و یان ئیشکردن لەسەر ناخ و نـاوەوەی نووسەر خۆی، کە پێشتر کەمتر ئیشی لەسـەر دەکرا، واتە لە سـەردەمی سومبۆلیسـتەکان جـگە لە زمـانێکی جیـاواز، ئاراستەی ڕوئیـا و بینینەکـان لە جیـاتی ڕوو بە دەرەوە بێـت، زێتر ڕوو بە نـاوەوەی خـود وەرگەڕا .. بەمانـایەک، لە جیـاتی خوێنـدنەوە بـۆ سروشـت و خوداوەنـدەکان و مێـژوو و جەنگەکـان، زێتـر ئـیش لەسـەر خەونەکـان و ئارەزووەکـان و حەزەکانی خود دەکرا واتە، ئیشکردن لەسەر (ناوەوەی خـود) .. یـان لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەم (دادائییەکـان و سوریالیستەکان) لە فەرەنسا وەک دوو قوتابخـانەی ئەدەبی و هونەری یەکبەدوای یەک، تەواو بیرکردنەوە و فۆڕمی جیـاواز و

نوێیـــــان بەرهەم هێنـــــا .. دادابیەکـــــان گەیشـــــتن بە بیرکردنەوەیەکی نەهیلیستانەی کە بەهای مرۆڤ گەیشتبووە ئاستێکی زۆر نزم و سووڕانەوە لەنێو بێهیوایی و ڕەشبینی و نائومێـــدییەکی گەورە .. سوریالیســـتەکانیش گرینگیـــدان بە خوێنـدنەوەی خەونەکـان و بەتـایبەت فـۆکەس کـردنە سـەر ڕووبەر و حەزە ناخودئاگاییەکان . لە ئیتالیـاش ئاینـدەییەکان لەژێـــر کـــاریگەری کـــات و تەکنەلۆژیـــا و جـــووڵە دابـــوون، ئاراستـەکان زێتـر ڕەتکـردنەوەی ڕابـردوو و ڕووکـردنە ئاینـدە بوون، هەروەها لە ڕووسیاش فۆڕمالیستەکان بە چڕی ئیشـیان لەسـەر زمـان و بەرهەمهێنـانی فـۆڕمی نـوێ دەکـرد، ئەمـانە هەمـــووی ئەوەمـــان پێـــدەڵێن کە/ نوێخـــوازی لە ڕێگـــای شۆڕشـکردن بەسـەر بیرکـردنەوەی خـود بەدەسـت دێـت و لە ڕێگـای بە ئەنجامگەیشـتنی بیرکـردنەوەی نـوێ فـۆرمی نـوێ بەرهەم دێـت . (فەریـد زامـدار)، ئەگەر بەدوای (برووسـکەی هەوری مەبەستێک) و (ژووانی سێبەر)، بە بیرکـردنەوەی نـوێ نەگەیشتبا بۆ شیعر و زمان و داهێنان، نەیدەتوانی لە دیوانە (بێناونیشانەکەی) فۆڕمێکی نوێمان لە شیعر پێشکەش بکات، بەدوای ئەوەش وەک شاعیرێکی (داهێـنەر و نوێخـواز)، درێـژە بە پـڕۆژە نوێخـوازییەکەی خـۆی بـدات . (ئەنـوەر مەسـیفی) ئەگەر خاوەن بیرکردنەوەیەکیی نوێ و جیاواز نەبـا بـۆ شـیعر،

نەیدەتوانی لە فۆرمە تەقلیدییەکەی (خۆربارانەکانی) خۆی دەربباز بکات و (جل و بەرگ و جومگەکان) بە فۆڕم و زمانێکی جیاواز پێشکەش بکات . (عەباس عەبدوڵا یوسف)، خاوەن بیرکردنەوەی جیاوازە بۆ شیعر، بۆیە لە شیعری تاکدێری فۆرمێکی جیاواز بە زمانێکی تایبەت و جیاواز بەرهەمدەهێنێت،، یان (سەباح ڕەنجدەر) ئەگەر خاوەن بیرکردنەوەیەکی جیاواز و تایبەت بەخۆی نەبا، هەرگیز نەیدەتوانی هەر لەسەرەتای یەکەم هەوڵەکانییەوە (زێوان)ێک بە زمانێکی چڕ و جیاواز بنووسێت، دیارە (لەتیف هەڵمەت و قوبادی جەلیزادە و ئەوانیتریش ...) بە هەمانشێوە ...! ئەو گۆڕان و بیرکردنەوە جیاوازانەی (فەرید زامدار)، لە کتێبە (بێناونیشانەکەی) دەست پێدەکات و لە (شەڕی ڕەنگەکان و دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا)، زێتر قووڵ دەبێتەوە لەسەر فۆرم و هەناسە جیاوازەکانی بەردەوام دەبێت .. تا دەگاتە فۆرمە وێنەیی و هێلکارییەکانی، بەشێوەیەکی ناوازە ئیش لە سەر چەمک و وشەکان دەکات، لەنێو شیعرەکانیدا تەنها بەدوای جوانیدا دەگەڕێت، هەروەک لە شیعرێکی لە کتێبە بێناونیشانەکەی دا دەڵێت، (هەموو جوانییەکان داگیرکە و خۆتی تێدا بزرکە، هەموو جوانییەکان کۆکەوە و خۆتی لەنێودا لەبیرکە، لەو دەمەدا، هەموو جیهان

له ناوەوە، یەک دەگرن و دەبن بەیەک ...!)، سوود وەرگرتن لە ئەفسانەی یۆنانیش قووڵایی و برستێکی جوانتر بە شیعرەکانی دەبەخشێ . تێگەیشتنێکی ڕۆشنی بۆ (نوێخوازی و داهێنان) لەلا دروست دەبێ، ئەو بە نوێخوازی دەڵێ (خولقاندن)، واتە بەرهەمهێنانی (شتی نوێ) . لە شوێنێکی کتێبەکەیدا دەڵێ، (شیعر لە دەرەوەی لۆژیکە ڕوونەکەی دەژی خولقاندنی ڕاستەقینە موعجیزەیەکی ئاڵۆز و تەم و مژاوییە، جیاوازی زۆر لە نێوان خولقاندن و داهێناندا هەیە، خولقاندن/ واتە دەقێک دەخولقێنی کە نوێیە، پێشتر بوونی نەبووە، یان خولقاندن لەسەر بنجینەی خولقاندنی تر و ئیزافەکاری، بەڵام داهێنان/ کارکردنە لەسەر (ئەوەی کە هەیە)، (**منیش بەوەی کە هەیە ڕازی نیم، لە دوای لە دەرەوەی ئەوەی کە هەیە دەگەڕێم**) . چونکە لەوە گەیشت بوو کە، (داهێنان پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی مرۆڤ دادەنرێ ..!) یان (پرۆسەی داهێنان و گۆڕانکاری و نوێگەری یاخیبوونە، یاخیبوون لە "وەی کە هەیە "و چیەتی نەگۆڕ بەسەردا سەپێندراوی بوون لە بایەخە داهێندراوە کۆنەکان ...! لێرەدا دەبێ باس لە هەردوو چەمکی (نوێخوازی و داهێنان) و جیاوازییەکانییان بکەین . نوێخوازی/ بەرهەمهێنانی دەقێکە بە ناوەڕۆک و فۆرمێکی جیاواز .. بە

زمانێکی جیاواز .. جیاواز (لەوەی کە هەیە)، بە مانایەکیتر/ (تێپەڕانـــدن و خۆجیـــاکردنەوەیە لەوەی کە هەیە) .. بەڵام داهێنان/ قووڵبوونەوە و بەرهەمهێنانی جوانییە لەنێو (ئەوەی کە هەیە)، درێژکـردنەوە و مـانەوەیە لەنێـو (ئەوەی کە هەیە)، ئەوەی کە هەیە بە جـوانترین شـێوە وێـنە دەکـات، دەگـاتە ئاستێکی بەرزی داهێنـان (لەوەی کە هەیە)، (فەریـد زامـدار) کاتێک دەڵێ، (من بەوەی کە هەیە ڕازی نیم)، ئەوە سەرەتای بیرکـردنەوە و تێگەیشـتنێکی تـرە بـۆ شـیعر، چـونکە لەوە دڵنیابوو کە (مرۆڤ بەبێ دەسەڵاتی داهێنـان توانـا و پڕسـتی نابێت بوونی خۆی تەواو بکات و بگاتە تەواوکەری ...!)، ئیتر ئەم شێوە لە بیـرکەرنەوەش، سـەرەتای دەسـتپێکردنی پـڕۆژە نوێخـوازییەکەیەتی کە/ دەیەوێ جیـاواز بیربکـاتەوە و دەقـی جیـــاواز بەرهەم بهێنـــێ، نایەوێـــت لەنێـــو (ئەوەی کە هەیە) بمێنێـــــتەوە، بـــــۆیە، لە کۆتـــــایی هەشـــــتاکان، بەرهەمە (بێناونیشـانەکەمان) پێشـکەش دەکـات بە زمـان و فـۆڕمێکی نوێوە . لە یەکێک لە شیعرە بێناونیشانەکانی دەڵێ/

**ئەو دوورییەی من دەیبینم**
**ئێوە بیبینن کوێر دەبن**
**ئەو ڕاستییەی**
**من دەیزانم**

**ئێوە بیزانن شێت دەبن**

**ئەو شتانەی**

**هەستی من درکی پێ دەکا**

**ئێوە گەر درکی پێ بکەن**

**لەرز دەگرن**

**ئەو تراویلکەی من دەیبینم**

**ئێوە بیبینن دەڕۆن**

**وەک ئەوانەی، پاش من ژیان و**

**پێش من مردن ...!**

لەو کورتە شیعرە نایابەی، ئەو بیرکردنەوە جیاواز و سەرسووڕهێنەرەکانی نمایش دەکات، دەیەوێ بڵێ، ئەو درک بە شتێکی جیاواز دەکات، کە ئێمە یان شاعیری ئاسایی ناتوانی هەستی پێبکات، دەیەوێ جیاواز (لەوەی کە هەیە) بنووسی و بیربکاتەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین، هەموو (نوێخوازییەک داهێنانە) بەڵام، هەموو (داهێنانێک نوێخوازی نییە ...!)، مەرج نییە شاعیری داهێنەر فۆرمی نوێمان پێشکەش بکات بەڵام، لەوانەیە دەقەکەی لەڕووی زمان و فۆرمەوە لەئاستێکی بەرزی جوانی و داهێناندا بێت .. (شێرکۆ بێکەس) ئەگەر دەقە درێژەکانی نەنووسیبا ڕەنگە، وەک شاعیرێکی (داهێنەر) لەنێو (ئەوەی کە هەبوو)

دەمــایەوە، درێژکــراوەی (گــۆران و شــاعیرەکانی پێشــخۆی) دەبوو، بەبێ هیچ جیاوازییەک و ئیزافەیەکـی نـوێ، یـان بەبـێ هــیچ تێپەڕانــدنێک . خــاڵێکیتر/ شــاعیری نوێخــواز لە نێــو ڕووبەری زمان دەبێ تەواو ئـازاد بێـت، خـۆی نەبەسـتێتەوە بە هیچ سیستەمەیکی ڕێزمانی یان بەهەر سـنووربەندی و قەیـد و بەنــدێک .. گەر وانەکــات نــاتوانێ ئەوەی هەیە تێیپەڕێنــێ و وێنە و فۆڕمێکی نوێمان پێشکەش بکـات . دەتـوانێ سـنووری (مەنتـق) و بیرکـردنەوە (چەسـپاوەکان) ببەزێنــێ و لە ڕووی زمانەوە گوێ بە هیچ یاسـایەکی بـاو نەدات، سـوود لە هەمـوو دەســتەواژە و چەمــک و وشــەی نامــاقووڵ و دژ و ناتەباکــان وەرگــرێ . دەتــوانێ ئەو وا (خەیــاڵ بکــات و ببینــێ) کە، (ئەســـتێرەکان لە قـــوولایی دەریاکـــان دەدرەوشـــێنەوە و ماسییەکانیش بە نێـو هەورەکانـدا دەفـڕن ...!)، بـۆ خەیـاڵ و خەون هـیچ سـنوورێک نیـیە، (فەریـد زامـدار) کاتێـک دەیەوێ وەک شـــاعیرێکی نواخـــواز بیربکـــاتەوە دەڵـــێ، (هەربـــۆیە ئەوەنـدەی بـاوەڕم بە سـەلیقەی زمـان و سـەلیقەی ڕۆحیـانەی وشە و سەلیقەی مۆسـیقای خۆڕسـکی شـیعری هەیە، ئەوەنـدە بــاوەڕم بە ڕێزمــان و زانسـتی زمـان نیـیە .. ڕێزمــان و یاسـا وشــەکانی زمــانەوانی کۆســپێکی گەورەن لەســەر ڕێگاکــانی داهێنــانی شــیعری ...!)، مــن بە تەواوی قەنــاعەتەوە دەڵــێم

ئەگەر/ (فەرید زامدار) سیستەم و زانستە زمانەوانییەکانی توور هەڵنەدایە نەیدەتوانی ببێتە شاعیرێکی نوێخواز و خودان ئەو داهێنانە گەورەیەی شیعری بێت/ نەیدەتوانی بڵێت، (دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا ..!) ئەمە و دەیان دەربڕینی نامۆ و سەرسووڕهێنەر و سیحراوی لە ڕووی زمانەوانیدا، یان ناوی کۆبەرهەمەکەی بنێ، (شەڕی وشەکان، نیو نوقتە لەژێر نیودا) . یان بڵێ (مەلە سەرابییەکان لەناو (ئاوی مردواندا)/ ئاوێکە لە ئاسمانی دووەمی نیوەی گەمە دۆڕاوەکانم ..!) لە قەسیدەی (قەبرەکانی ئاو)، بە دوو وشە جوانترین وێنەی دروستکردووە، پارادۆکسێکی لە ئاستێکی بەرزی جوانی خولقاندووە، ئاو هێمایە بۆ ژیان، قەبر شوێنی مردووەکانە، ژیانی مرداندووە، بۆیە دەڵێین/ نابێت شاعیری نوێخواز خۆی ببەستێتەوە بەهیچ سنووربەندییەک بەناوی مەنتق و یاسای ڕێزمانی و ئەمجۆرە شتانە، بێگومان بە یەکەوە لکاندنی دوو دەستەواژەی دژ و ناماقووڵوکان، مەودایەکی فیکری و مەعریفەیەکی قووڵی لە پشتە، یان پارادۆکس و دەستەواژە نوێکان، ماناو هێمایەکی نوێی قووڵ دەبەخشن . خالێکیتر/ بۆ هەر شاعیرێکی نوێخواز گرینگە چۆن مامەلە لەگەڵ وشە و چەمکەکان دەکات، یان پەیوەندی وشەکان لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ ناوەوەی خۆی چۆن

ڕێکدەخات، بەمانایەک مەبەستمە بڵـێم/ شـاعیری نوێخـواز کە باس لە وشە و چەمکەکان دەکات لە ڕووبەرە گشتییەکە خۆی دەپـارێزێ و وشـەکان (سپێسـیفیک) یـان تـایبەت دەکـاتەوە واتە، تایبەتمەندییان پێدەدات، ئەو ڕووبەرە ڕەسـم دەکـات کە پەیوەندی بەخۆی و ناخی خـۆی هەیە، باسـکردن و خـولانەوە لە ڕووبەرە گشتییەکان هیچ جیاوازییەک دەرناخات، بۆ نموونە وشەی (عەشق) لە ڕووبەرە گشـتییەکە و مانـا گشـتییەکە بـۆ هەمـوو شـاعیرێک وەکـو یەکە هـیچ جیـاوازییەک نیـیە، بەڵام کاتێـک تـۆ باسـی ئەزمـوونی خـۆت لەگەڵ عەشـق دەکەیـت، پەیوەنـدی تـۆ لەگەڵ عەشـق بە سپێسـیفیکی لێـرەدا، وشـەی عەشق لەنێو دەقەکانی تۆ جیاواز دەردەکەوێت/ چونکە باسـی ئەزمـوونێکی دیـاریکراوی خـۆت دەکەی جیـاواز لە کەسـێکیتر، شـۆڕبوونەوە بـۆ نـاو نـاخی خـود گـرینگە بـۆ پێشـاندان و دەرکەوتنـــی جیاوازییەکـــان، لەمبـــارەوە (فەریـــد زامـــدار) دەڵـــێ، (بـــۆیە وردە وردە پەنـــام بـــردۆتە بەر دەروازەکـــانی ناوەوەی خۆم و بەجۆرێک کە بۆتە نیشتیمانی ڕاستەقینەم !)، لە شـوێنێکی تـر چڕتـر لەمبـارەوە قسـە دەکـات و دەڵـێ (تـا حـاڵەتی ڕوحیـانەی شـیعر پێنەگـا و دروسـت نەبـێ شـاعیری ڕەسـەنیش دروسـت نـابێ چـونکە وشـەی شـاعیری لێهـاتوو دوانـدنی ڕۆحـی هەمـوو شـتێکی بێـدەنگ و دوانـدنی ڕۆحـی

ئینسانە ..!)، یان هەر لەمبارەوە دەڵێ، (هەوڵەکانی گەڕانەوە بەرەو خود، تەکانێکی خێرایە بەرەو ئەوان، شێتانە چوونە ناو ژوورە بجووکەکـــانی ژیـــانە ...!)، لەســــەرەتای قوتابخــــانە ئەدەبییەکـــانی مـــۆدێرنە ئەم گەڕانەوەیە بەرەوخــود دەســـتی پێکرد، لەژێر گەریگەریـی و هەوڵە دەروونییەکـانی (سـیگمۆند فرۆید)، بە تایبەت (خوێندنەوەی خەونەکان) . چونکە شـاعیر و ئەدیــــبە رۆمانســــــییەکان و ڕیالیســـــتییەکان زێتـــــر سەرسـامییەکانی دەرەوەی خۆیـان دەنووسـییەوە، سروشـت و مێژوو و ڕووداوەکان و پاڵەوانەکان و ئەفسانەکان و هەتادوایی .. بەڵام، شاعیر و نووسەرەکانی مۆدێرنە زێتـر گرینگییـان بە ناخ و هەستە شاراوەکان و حاڵەتە ناخودئاگاییەکـانی خۆیـان دەدا، پەیوەندی وشە و چەمکەکانییان زێتر بە نـاخ و ئـارەزوو و نـاوەوەی خۆیـا ڕەسـمکرد، (فەریـد زامـدار)ی شـاعیریش بە مەعریفەیەکـی قـووڵی شـیعری و نوێخـوازییەوە ئەم قسـانەی کـردووە و ئیشـی لەسـەر نـاخ و نـاوەوەی خـۆی کـردووە . هەروەک لە شــــیعرەکانی دوای دیــــوانە بێناونیشـــانەکەی بە ڕۆشنی هەستی پێدەکرێت و دەتوانین دەیان نموونە بهێنینەوە کە، لە شوێنیتری ئەم بابەتەمان خوێندنەوەیان بۆ دەکەین .

# (شیعر و یاخیبوون)
# یان
# (بەشی دووەمی نوێخوازی)

**(جیهان شێتخانەیەکی گەورەیە، هەرچی تیایە هەمووی شێتە .. فرۆید)**

دەتـــوانین بڵێـــین، زۆربەی زۆری یاخیبوونەکـــان چ لە نێـــو ڕووبەری شـیعر یـان لەنێـو ڕووبەرەکـانیتری ژیـان، هەسـت و کردەیەکە لە هۆشمەندییەوە یـان لە پاشـخانێکی مەعـریفییەوە سەرچاوە دەگرێت . چونکە دواجـار/ یـاخیبوون هەوڵـێکە بـۆ گـوتنی (نـا)یەک بە ڕووی ئێسـتا، یـان بەڕووی وەک ئەوەی (فەریـد زامـدار) دەڵێـت .. (مـن بەوەی هەیە ڕازی نـیم)، ئەویش بۆ بەرهەمهێنـانی فـۆرمێکی نـوێی جـوانتر و باشـتر .. کە ئەمەش نـاوەڕۆکی بنەمـای یـاخیبوون و لە هەمانکـاتیش نوێخـــوازییە، چـــونکە هەمـــوو نوێخـــوازییەک لەهەمانکـــات یاخیبوونێکە بۆخۆی . بۆیە لە سەرەتا نووسـیومانە (شـیعر و یـاخیبوون یـان بەشـی دووەمـی نوێخـوازی ...!)، بـۆ ئەوەی شـاعیر ببێـتە خـاوەن زمـانێکی شـیعری تـایبەت بە خـۆی، هەروەها فـۆرمێکی جیـاواز لەوانیتـر . چـونکە شـیعر بـوونێکی گەردوونی هەیە کە، بنەماو ستوونەکانی ئەم گەردوونە لەسـەر

جوانی وەستاوە، یاخیبوون و نوێخوازیش هەوڵدانێکی کراوە و بەردەوامــن بــۆ بەرهەمهێنــانی شــتی نــوێ . یــان هەروەک (ئەدۆنیس) وەک شاعیرێکی نوێخواز و یاخی دەڵێت، (خەمی بنەڕەتیمـان ئەوەبـوو بنووسـین و زمـانی نووسـین و ئاسـۆی نووسین بگـۆڕین ...!)، واتە شـاعیری یـاخی هەمیشـە بەدوای گۆڕانەوەیە، بەوەی هەیە ناڕازییە، (فەرید زامـدار) شـاعیرێکی نوێخواز و لە هەمانکات شـاعیرێکی یـاخی و ڕەچەشـکێن بـوو، (بەوەی هەبـــوو ڕازی نەبـــوو ..!)، کە ســـەرەتاو کرۆکـــی یـاخیبوون و نوێخـوازییەکەی لە نێـو ئەم (نێـو دێـرە) دەسـت پێـدەکات ...! چـونکە هێنـدە یـاخیبووە نەک بە شـیعرەکانی ئەوانیتـر بەڵکـو، بە شـیعرەکانی خۆیشـی بەوەی کە هەیبـوو ڕازینەبوو ..! هەمیشە لە هەوڵی بەردەوام دا بوو بۆ داهێنـانی فۆرم و وشە و چەمک و وێـنەی نـوێ . ئەوەتـا بە ڕۆشـنی لە سەرەتای کتێبی (مردنی ئەندازەیی ..) دا دەڵێ، (لە شیعر و شێوە و نووسیندا بەدوای ڕازیکردنـی کەس نـاگەڕێم، هەمیشـە لە بەرهەمەکـانی خـۆم نـاڕازیم و بەردەوامـیش لە گەڕانـدام بەدوای شـتەکان، لە گەمەکـانی ونبـوون دەگەڕێـم، تـا ئێسـتا نەمتوانیــوە، ڕەشــماڵێک بــۆ منــداڵە هەتیوەکــانی شــیعر و نووســین و شــتەکانیتر هەڵــدەم، لە هەمــوو وەرزەکــان، لە دەرەوەی من دەبن و دەژین و دەمرن .) یان لە دوا دێـری ئەم

نووسینە دەڵێت، (لە هەموو شوێنە نادیارەکان بە تەنیا بە دوای شتەکاندا دەگەڕێم ..!)، دەکرێ هەرکەس (بە تەنیا) لە ڕاستەخۆی لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت، ڕەنگە لەو سەردەمە و لەوکاتەدا چەندین دەنگ و هەوڵی نوێخوازی و کەسی یاخی هەبن لە نێو ڕووبەری شیعردا بەڵام، گرینگە ئەوە بزانین کە (نوێخوازی و یاخیبوون) هەوڵ و کردەیەکی تاکە کەسییە، بۆیە (فەرید زامدار) لەلایەن خۆیەوە هەوڵەکانی دەستپێکردووە، بە تەنیا بەدوای شتەکان گەڕاوە و چاوەڕێی کەسیتری نەکردووە . کەسی یاخی کە ئەم دۆخەی ئیستایان ڕەت دەکەنەوە هەمیشە وێڵی شتی جوانتر و باشترن، بە مانایەک/ هەمیشە بۆ بەرزتر دەڕوانن، (فەرید زامدار) لە سەرەتای قەسیدەی (نێزی کەڤر) دەڵێت، (تاکو هەبم، دەبم بە خەونێکی ئاسمانی سروشت کڕنوشم بۆ دەبا ..!) هێندە یاخی بەرزەفرە وەک خوداوەندێک لە خۆی دەڕوانێ، دەبێت بە خەونێکی ئاسمانی سروشت کڕنوشی بۆ ببات، هەر دوای ئەوە دەڵێ، (خاک دەزانێ، پێچەوانەی ئەو نەبم ناژیم ..!)، ئەو دەبێ هەمیشە (پێچەوانە و جودا) بێت ئەگەر نا ناتوانێ بژی، بۆیە هەمیشە لەنێو شیعرەکانی باس لە چەمکی مردن دەکات، بە دۆخە چەقبەستووەکانیش ژان دەیگرێ و ڕق ئەستوور دەبێ، نائارام و بێزار، هەربۆیە لە سەرەتای

کتێبی، (دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا)، لە کورتە وتارێک بە ناوی (وشەو گورگ و بێزاری) دا دەڵێ، (هەوڵەکانی گەڕانەوەیە بەرەو خود، تەکانێکی خێرایە بەرەو ئەوان، گەمەی تەماشاکردنەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە، تەقاندنەوەی جیهانە ترسناکەکانی پرسیارە، دامەزراندنی وشە تاریکەکانە لە دەرەوەی چاوەڕوانی هەڵەکاندا، ڕەسمکردنی هەندێ لەم بوونە خەیاڵیانە کە هێشتا نەمدیوان چەند ڕۆیشتنێکی دیکەیە لەناو دیدگاکانی سەراب، بێزارم لەم ڕۆیشتنانە، بێزام لەو قسانەی دوێنێ و بێزارم لە وشە پیلانگێرەکانی ئەمڕۆ، بێزارم لە خۆشەویستیتان، بێزارم لەو چاوانەی پڕن لە سەگ و گورگ، بێزارم لە بیرەوەرییەکانی ئێستاو داهاتوو، نهێنیە پیرۆزەکان لەناو جیهانە بزرەکانی جەهالەتدا پیاسە دەکەن، جەستە نەبیندراوەکان لەناو ساتە نەبیندراوەکانی هەست و هزردا خۆیان حەشارداوە نەک لەناو ماڵەکانی عەقڵ، لەساتە درێژەکانی بێزاریم، تەنیا لەناو کۆشکەکانی بیرچوونەوە بەئاگادێم و ڕاستیە هەڵەکان دەسڕمەوە و دیدگاکانم دەنووسمەوە بێزارام، بێزارم بێزارم لە خۆشەویستیتان ...!) شاعیر لەم پەرەگرافەدا لەنیو ئەم بێزارییەدا یاخیبوونەکەی دەگاتە ئاستێکی قووڵ، لە هەموو شتێک بێزارە هەست دەکات چاوەکان پڕن لە پیلانگێڕی،

خەونە گەورەکـان یـان نهێنیـیە پیرۆزەکـان لەنێـو جیهـان و رووبەرەکانی جەهـالەت دایە نەک لەنیـو ماڵەکانی عەقـڵ، ئەم بێزاری و یاخیبوونەی مەعریفەیەکـی قووڵیـان لە پشـتە، بـۆیە ڕەتکــردنەوە و بێزارییەکــانی بێبنەمــا نــین، لە ڕوانــگەی ڕەخنەیەکـی زانسـتیانە و مەعریفییـانەیە، ئەوەتـا لە شـیعری (فۆبیـا)، بە کـۆپلە شـیعرێکی زۆر نایـاب و سـەرنجڕاکیش دەست پێدەکات و دەڵێ،

**چاوت هەیە**

**بەڵام خۆتی پێ نابینی**

**کوێری بەڵام**

**هەموو دەمێ**

**چاوێک لەناو چاوتا دەزێ ...!**

چ وێنەیەکی جوانی خولقاندووە، کەسە یاخییەکان هەمیشە بە دوای دەرگایەک دەگەڕێن بۆ (چـوونە دەرەوە و دەربـازبوون)، ئەو چـاوە کـوێرانەی کە کەسـەکان نـاتوانن خۆیـان و ڕێگـای بەردەمیان پیـا ببیـنن، لەنـاو ئەم چـاوە کـوێرەدا چـاوێکی تـر لەدایک دەبێ، تـا بتـوانن بە هـۆیەوە ڕووناکییەکـانی بەردەمـی خۆیان ببینن، (کەسە یاخییەکان بەدوای چاوێکی تر دەگەڕێن بۆ بینین، بەدوای مێشکێکی تر دەگەڕێن بۆ بیرکردنەوە ...!)، بۆیە کەسە داهێنەر و نوێخوازەکان هەمیشە خودێکی نائـارامن

و هەمیشـــە لە گەڕان و بیرکـــردنەوەدان . (چـــونکە مـــرۆڤ بوونێکی ناتەواو و هەمیشە لە ڕێگای داهێنانەکانی لە هەوڵـی تەواوکـردن و کـاملکردنی بـوونی خۆیـدایە ...!)، بە مانـایەکی تـــر/ (پرۆســـەی داهێنـــان لە بـــوونی مرۆڤـــدا نەبـــڕاوەیە، گۆڕانکارییەکانیش لە پۆزەتیڤەوە بۆ نێگەتیڤ و جارێکی دیکە بۆ پۆزەتیڤ، هاوکات خواسـتی گەیشـتن بە قۆنـاغی باشـتر و خۆ تەواوکردنی هەیە ..!)، بۆیە لای شـاعیری یـاخیش هەمـوو شـێوەکان نـاتەواون، (فەریـد زامـدار) لە سـەرەتای کتێبـی (مردنـی ئەنـدازەیی) بە ناونیشـانێکی سەرسـووڕهێنەر دەڵـێ (چاوەکانی خـۆڵەمێش و هەڵەکـانی تەماشـا/ هـیچ شـێوەیەک شـێوەی ڕاسـتەقینەی خـۆی بە تەواوی وەرنـاگرێ، هەمـوو شیوەکان ناتەواون ..!) لای ئەو شاعیرە یاخی و نوێخوازەمـان هەموو شێوەکان و فۆرمەکان ناتەواون، بۆیە هەمیشە ناڕازی و نائارامە، بەدوای داهێنانی جـوانتر و فـۆرمی نـوێتردا دەگەڕێ، بۆیە دەبینین، قەسیدە دوای قەسیدە و کتێب لە دوای کتێـب، داهێنانەکان و یاخیبوونەکـان و زمـان و ڕوانیـنە شـیعرییەکانی دەچـنە ئاسـتێکی سـەر و بـاڵاتر .. لە نێـو ڕووبەری شـیعر قووڵتر و قووڵتر دەبێتەوە . بۆیە هێندە شەیدا و سـەرگەردانە بەدوای وشە و دەستەواژەی نـوێ دەگەڕێ تـا ئەو ئەنـدازەیەی لە شـوێنێک دەڵـێ، (حەزم لە وشـەیەک دەکـرد نەنووسـرابا،

حەزم لە شیعرێکیش دەکرد هەزاران جار، بەر نووکی خەنجەر کەوتبـــا، بەڵام هەرگیـــز نەکوژرابـــا ..!) بەو ئومێـــد و تـامەزرۆییەوە دەینووسـی، هێنـدە بەدوای وشـە گەڕاوە یـان هەمـوو وشـەکانی تـاقیکردۆتەوە، بەدوای وشـەیەکی نـاوازە و جیـاواز دەگەڕا، هێنـدە جیـاواز کە نەنووسـرێتەوە، حەزی لە شیعرێکیشە خوێنەر و رەخنەگرە تەقلیدییەکان، گەر هەزارجار بیـــدەنە بەر نـــووکی خەنجەرەکانییـــان بەڵام نەکـــوژرێ و سەرکەشـانە لەنێـو رووبەری شـیعر بمێنێـتەوە ...! (فەریـد زامدار) چونکە شاعیرێکی یاخی و نوێخواز بوو، بۆیە هەمیشـە بەدوای فـــۆرم و تەکنیکـــی جیـــاواز دا دەگەڕا، لە بەرگـــی پێشـەوەی کتێبـی (ئەنیمـا مۆنـدی) لە قەسـیدەیەکی درێـژ و ناوازەیە دەنووسێ، (جیابوونەوەیەکی ترە لە ناوچەکانی شیعر ..!)، یـان هەر لەو لاپەڕەیە دەنووســێ (زمـانێکی شـێت لە زەمەنێکـی بـێ زمانـدا ..!)، ڕەهەنـدێکی مەعریفـی قـووڵ لە پشـتی ئەم دەربـڕینەدا هەیە، زمـانێکی شـێت، واتە زمـانی شاعیرێکی سەرکەش و یاخی، شێت بەمانـای نائـارام و بزێو، لادەر و ئـازا، لە سـەردەمێکی بـی زمـان، واتە لە سـەردەمی ئەدەبێکی مردوو و چەقبەستوو، بێ داهێنان . هەربۆیە بێـزارە و وەک عاشـقێکی شـەیدا و گەریـدە بـۆ گەیشـتن بە رووبەرە جیاوازەکان بێئارام و ماندووە . هەر لە لاپەڕەکـانی سـەرەتای

ئەم کتێبە لە وتارێک بەناوی (ئەسینا پالآس لە سەمایەکی دەمامککراودا)، بە قسەیەکی (فرۆید) دەست پێدەکات و دەڵێ (جیهان شێتخانەیەکی گەورەیە، هەرچی تیایە هەموو شێتە ..!)، ئەم هەستە نەهیلیستیی و یاخیبوونە، واتە ڕەتکردنەوەی ڕەها یان ڕەتکردنەوەی هەموو شتەکانی دەوروبەر و جیهان، بەمانای ڕەتکردنەوەیەکی سەرتاپا و گشتگیر، ئەمجۆرە یاخیبوونەش لە ڕوانگەی مرۆڤبوونەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە ویستوویەتی خاوەن بوونێکی ڕەسەن بێت و وەک کەسێکی نامۆ (کەسانی دیکە بڕیار بەسەر جووڵە و پڕۆژەکانی نەدەن و بواری داهێنانەکانی بەرتەسک نەکەنەوە ...! نامۆبوونیش بە پێچەوانەی مردنەوە دیاردەیەکی مێژووییە و بوون لەنێو ڕابردوودا گلدەداتەوە و پێویستی یاخیبوون ئاشکرا دەکات ...!)، هەروەها (لەگەڵ هەر جووڵەیەکی یاخیبوونیش جۆرێک لە هۆشیاری سەرهەڵدەدات ...!)، (دادایيەکان)یش کە لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیست دروستبوون، لەژێر تۆپبارانەکان و کاولکارییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا بوون، بەم هەستە بووچگەراییە بیرییان دەکردەوە و تفیان لەهەموو شتێک دەکرد، پێشانگایان لە ئاودەستەکان دەکردەوە، میزیان بە تابلۆ و نووسینەکاندا دەکرد، شاعیر کە تا ئەم ئاستە یاخی و

لادەر و سەرکەش بێ، بەشێکی هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەدەب و شیعر هاوتەریبە لەگەڵ مرۆڤ و بەها مرۆییەکان، کاتێک مرۆڤ و بەها مرۆییەکان دەکەونە ژێر پۆستاڵەکان .. ژیان هیچ بەهایەکی نامێنێت، ئیدی شیعر و ئەدەب یانی چی ؟! بۆیە لەنیو ئەم هەستە پووچگەراییەدا جیهان بە شێتخانەیەک یان بەندیخانەیەکی گەورە ناو دەبەن، مرۆڤەکانیش هەمووی وەک شێت و کۆیلە و مردوو دەبینن، هەر لەم نووسینەدا دەڵێ، (شیعر هەڵچوونێکی قووڵە، وڕوژان و هەژان و خرۆشانە، بومەلەرزەیەکی پڕ لە هێما و، تەقینەوەیەکی بەردەوامی پێگە توندەکانی دەرەوەی عەقڵە، عاقڵانە مومارەسەکردنی شێتییە ..!) لێرەدا وەک شاعیرێکی نوێخواز و یاخی باسی شیعر دەکات، بەو مانایەی کە، نووسینی شیعری جوان یان داهێنان و نوێگەری پێویستی بە چ هەوڵ و کۆشش و مەعریفە و ماندووبوونە، هەڵجوونێکی قووڵ، گەڕانێکی بەردەوام و سەوداسەر، وەک گەردەلوول نائارام وەک بوومەلەرزە پڕ لە هاوار و حەسرەت .. عاقڵانە مومارەسە کردنی شێتی ..! وا پێدەچێت (فەرید زامدار)، سەرسام بووبێت بە (سیگمۆند فرۆید)، بۆیە سوودی زۆری بینیوە لە خوێندنەوە و تێزەکانی ئەو، کە دەڵێ/ عاقڵانە مومارەسە کردنی شێتییە، لێرەدا ئەو دەربڕینە لەم شێوەدا وەک

پارادۆکسـێک دەردەکەوێـت چـونکە، (گونجانـدنی (عـاقڵی و شـێتی)، بەڵام لە بنەڕەتـدا پـارادۆکس نیـیە، شـێتی لێـرەدا بەمانای (ناخودئاگایی) دێت واتە، هەسـتەکانی لاشعوری، بە پێی خوێندنەوەکانی (فرۆید)، کاتێـک مێشـکی مـرۆڤ دەکـات بـۆ سـێ بەش ئەوانـیش، (مـن، منـی بـاڵا، ئێـد) ئێـد یەکەم قۆنـاغە، لە سـەردەمی منـداڵی دروسـت دەبـێ، تەواو لەژێـر کـاریگەری هەسـتە لاشـعورییەکانە، بـۆیە منـداڵ هـیچ گـوێ بەدەرەوەی خـۆی نـادات و گـوێ بە هـیچ عەیـبە و یاسـا و ڕێسایەک نادات هەرچی دڵی ئارەزوو بکـات ئەوە دەکـات، واتە تەواو لە ژێـر کـاریگەری ناخودئاگـایی خـۆی جـووڵە دەکـات، (شـــێتیش) وەک منـــداڵ لەژێـــر کـــاریگەری هەســـتە ناخودئاگاییەکانی دایە، گوێ بە یاسـا و ڕێسـاکانی دەوروبەری نادات، کەواتە کاتێ (فەرید) دەڵێ، (عـاقڵانە مومارەسـەکردنی شـــێتییە) لێـــرەدا مەبەســـتی ئەوەیە بڵـــێ (عـــاقڵانە مومارەسـەکردنی هەسـتە ناخودئاگاییەکـانە ..!)، هەر خـودی (فرۆیـد)یـش لە شـوێنێک دەڵـێ، (هـونەر مـرۆڤ بەرە و ئارەزووە ناخودئاگاییەکان دەبات ..!)، ڕەنگە (فەریـد زامـدار) لێـرەدا لەژێـر کـاریگەری، (سوریالیسـتەکان)دا بێـت، چـونکە سوریالیسـتەکان بە میکـانیزمی (ئۆتۆمـاتیزم) دەیاننووسـی، واتە (تەقانـدنەوەی هەسـتە ناخودئاگاییەکـان)، ئەوانـیش هەر

لەژێـر گـاریگەری (فرۆیـد)دا بـوون بـۆیە، گرینگـی زۆریـان بە خەون و ورێنەکردن و نووسینەوە و وێنەکردنـی خەونەکانییـان دەدا . لە بەشـــێکیتری ئەم نووســـینە دا دەڵـــێ، (شـــیعر بەردەوام ئەم کۆسپ و تەگەرانە لەناو دەبات کە کات و شوێن دروستیان دەکەن، شیعر بە جۆرێکی تر کەموکوڕیەکـانی ژیـان تەواو دەکـات، چـونکە ژیـان هەمیشـە دەڵـێ (نـا)، شـیعر وێسـتگەی حەوانەوە نیـیە، بەڵکـو دونیـایەکی پـڕ لە کـار و مانـدووبوونە و شـەڕێکی بەردەوامـی فیکـری و دەروونـی و ویژدانییە و ڕێکخسـتنی هەرا و ئـاژاوە و ئاڵۆزییەکـانە ..!) .. لە کتێبی (مرۆڤی یاخی) ی (ئەلبێر کامۆ)، لە بەشی یەکەمی کتێبەکە بە پرسیارێک دەست پێدەکات و دەڵێ (مرۆڤی یاخی کێـیە ؟) هەر لەوێ لە وەڵامـدا دەنووسـێت (ئەو مـرۆڤەیە کە دەڵـێ نەخێـر)، بەڵام ئەم نەخێـرە پێویسـتە بە هۆشـیاری و ئاگاهـانەوە بێـت و ئامـانجێکی لە پشـت بێـت، نەک لەخـۆڕا و بێمەبەست، (فەرید زامدار)یش شیعر هاوتەریب دەبینـێ لەگەڵ ژیـان، تـا ئەو ئەنـدازەیەی کە (شـیعر کەموکوڕیەکـانی ژیـان تەواو دەکـات ..!)، ژیـانیش هەمیشـە دەڵـێ (نـا ..!) واتە لە ڕوانگەی ئەم شـاعیرەمان ژیـان بەمانـای نەخێـر و یـاخیبوونە، لەهەمانکاتیش، گوێ بە هـیچ کۆسـپ و تەگەرەیەک نـادات کە کـات و شـوێن دروسـتی دەکـات، یـان ئەو قەیـد و بەنـدانەی

قوتابخـانه ئەدەبيـيە توقليـدييەكان بـۆ مەبەسـتێكی ديـاركراو دروسـتی دەكەن، كەواتە شـاعير خـودێكی يـاخی و ئـازاد و ڕەهـايە ..! هەر بـۆيە لەم وتارەيـدا بـاس لە جياوازييەكـانی نێـوان چەمكەكـانی (نوێخـوازی و داهێنـان) دەكـات، كە (داهێنـان كـاركردنە لەسـەر ئەوەی كە (هەيە) منـيش بەوەی كە (هەيە) ڕازی نـيم و بەدوای لەدەرەوەی ئەوەی كە (هەيە) دەگەڕێـم ..!)، (فەريـد زامـدار) بەم هەسـتە نەهيليسـتييە و وەك شاعيرێكی ئەشـقيا و يـاخی لەنێـو ڕووبەری شـيعر ئـيش دەكـات و گـوێ بە هـيچ ياسـا و ڕێسـايەكی زمـانەوانی و بيركـردنەوە چەقبەسـتووەكان نـادات، بە هۆشـياری و مەعريفەيەكـی شـيعرييانە ڕۆژ لەدای ڕۆژ بەرهەمـی نـاوازە و جياواز و لێوانلێـو لە جوانيمـان پێشـكەش دەكـات، دەقەكـانی نێـو كتێبەكـانی (سـتێكس و دروسـت نەبـوون لە شـەوی يەك دەقەييدا و مردنی ئەندازەيی و ئەنيمـا مۆنـدی و ماكرۆكۆسـۆم ..) بەڵگە و شاهيدی قسەكانمانن . شاعيری يـاخی و نوێخـواز زێتـر ئـيش لەسـەر خەون و ئـارەزوو و نـاخی خـۆی دەكـات، پەيوەنـدييەكانی خۆيـان لەگەڵ خۆيـان روو بەدەرەوە ڕێكدەخەن، لەنێو هەستەكانی خۆيانەوە لە ئەوانيتر تێـدەگەن، (فەريـد زامـدار) لە قەسـيدەی (خـاچی .. هەڵوێسـت و .. نوشستی) هەستێكی ياخی بەرجەسـتە دەكـات، نەك تەنها بە

دونیــای دەرەی خــۆی بەڵکــو تەنــانەی بەرامــبەر بە نــاوەوەی خۆشی، لە سەرەتای قەسیدەکە لە کۆپلەیەکدا دەڵێ ..

**خۆم بە میوان لەسەر خوانی بیرکردنەوەی خۆم دەبینم**
**خۆم بە میوان لەسەر زمانی خۆم دەبینم**
**خۆم بە میوان لەناو سەری خۆم دەبینم**
**خۆم بە میوان لەناو چاوی خۆم دەبینم**
**گەورەترین هیوام لە ژیاندا**
**بگەم بە خۆم و ببم بەخۆم ...!**

- لە شوێنێکی تری ئەم قەسیدەیە دەڵێ ..

**سەرت هێندە سڕ و ساردە**
**هەرچی هەڵەی مێژوو هەیە**
**ڕژایە نێو سەری ماندووت**
**لە یاخیبوون هەر فێر نەبوویت**

ئەزمـــوون نوشـــتەی هەڵەکـــانتە و هەڵەکانـــت بـــوون بە ئەزموون...!

شاعیری یاخی/ وەک گەریدەیەکی گەردوونیـیە لەنێـو ڕووبەری زمان و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانیدا، لە هیچ شـوێنێک حەوانەوە و ئارامی نییە، تەنانەت لە نێو بیرکردنەوەکانی خۆیی و زمـان و لەنێــو چاوەکــانی خۆشــی خــۆی بە میــوان دەبینێــت، گەورەترین هیوای ئەوەیە بگات بەخـۆی و ببـێ بە خـۆی، واتە

نایەوێ کەسێکی نامۆ و کۆیلە بێت چونکە (کەسی نامۆ بە داهێنەر داناندرێ ...!)، هێزە دەرەکییەکان و یاسا و ڕێساکان جووڵەکانی کۆنترۆل بکەن، دەیەوێت خۆی بیت و جووڵەکانی لەژێر تەوژمی ئارەزووەکانی خۆی ئاراستە وەربگرن، هاوکات لە ڕاستای هەوڵەکانی گەیشتن بە خودی خۆی دەیەوێت/ لە یاخیبوونیش فێر ببێت چۆن بە شێوەیەکی دروست ژیان ئەزموون بکات . هەر دەربارەی کۆیلە نەبوون و لە بەدەستهێنانی ئازادییەکانی خۆی، لە نامیلکەی ماکرۆکۆسۆم لە نێو شیعرە وێنەیی و هێلکارییەکانی، لە شوێنێک دەڵێ (ئەو ئازادییەی هەمانە ململانێ و جەنگە، بەڵام مرۆڤ خۆی دەتوانێ سنووری ئازادی خۆی بە خۆی فراوانتر بکات ..!)، (ئەدۆنیس) لە چاوپێکەوتنێک دەربارەی گۆڤاری (شیعر) دەڵێ/ (تەواوی مانای گۆڤاری شیعر لەوەدا پوخت دەبێتەوە کە ڕەوایەتی ئازادی دەربڕینی دامەزراند ...! ڕەوایەتی خولقاندنی شێوەکان تا ئاستی ناکۆتا ..!)، بۆ شاعیری نوێخواز و یاخی نابێ هیچ شتێک ببێتە کۆت و بەربەست لەبەردەم داهێنان و زمان و شێوە و فۆرمەکانی، دەبێ تەواو کەسێکی ئازاد و مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات، چ لەنێو نووسینەکانی تەنانەت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیتر و لە تەواوی ژیانیدا ..!

# فەرید زامدار و شیعر و ئەزموون

ئەزموونی شیعری (فەرید زامدار) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان، کە ئەوکات شیعری کوردی ئاوێزان ببوو لەگەڵ مەسەلە نەتەوایەتی و چینایەتییەکان، بە شێوەیەکی گشتی شیعر لەو سەردەمانە لە ڕووی زمان و فۆرمەوە لە بەرگێکی ساکار دابوو، ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنەی وەک ئەمڕۆی بەخۆیەوە نەبینیبوو، بەشێکی هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە/ کە کورد میللەتێکی چەوساوە و دابڕاو بوو، بەهۆی ئەو ستەم و چەوساندنەوەی لەسەری بووە، نەتوانراوە تێکەڵ بە شەپۆل و تەوژمە شیعرییەکانی دەرەوە ببێ، شاعیرەکانمان زێتر لەژێر کاریگەری ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا بوون، جارجارەش لەڕێگەی وەرگێرانەوە لە گۆڤارە عەرەبییەکان دەستییان بە شیعرە بیانییەکان دەگەیشت . (فەرید زامدار) لەو سەردەمانە دەستی بە شیعر کرد، وەک و گەنجێک هەست و سۆز و ئارەزووەکانی خۆی بە شیعر دەربڕی، کە تێکەڵاویەک بوون لە هەستی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی و دڵداری و خۆشەویستی .. لە ساڵی ١٩٧٣ یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی (بروسکەی هەوری مەبەستێک) بڵاو دەکاتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ دووەم بەرهەمی شیعری خۆی بە ناوی (ژووانی سێبەر)

.. هەردوو کـــۆمەڵە شـــیعر لە ڕووی زمـــان و فـــۆرمەوە، نەیانتوانیوە لەنێو ڕووبەری شیعر شوێنپێی خۆیان بکەنەوەو جێگـــایەک بۆخۆیـــان داگیـــر بـــکەن، وەک زۆرێـــک لە هەوڵە سەرەتاییەکان، ئەو هیزە شیعرییەیان پێوە نابینـدرێ، فەریـد زامدار خۆیشی لە سەرەتای کۆبەرهەمەکەی دان بەم ڕاستییانە دەنێـــت و لەمبـــارەوە دەنووســـێت (بروســـکەی هەوری مەبەســـتێک/ یەکەمـــین کـــۆمەڵە شـــیعری چـــاپکراومە، کە دەکەوێـتە خـانەی هەوڵە سـەرەتاییەکانی هەڵچوونی شـیعریم، کە زمــانێکی شــیعری ســادە و ســاکاری پێــوە دیــارە، ئەو ژیــنگەیەی کەمــن لە منــداڵی و هەرزەکاریمــدا تیایــدا ژیــام، ژینگەیەکـــی سیاســـی و نەتەوەیـــی و ڕۆشـــنبیری بـــوو، ... هەربـۆیە لەو کـۆمەڵە شـیعرە بەرایـیەدا بە زەقـی کـاریگەری فیکری چینایەتی و نەتەوایەتی پێوە دیـارە ...)، لێـرەدا وەک نموونەی دوو شیعری (بروسکەی هەوری مەبەستێک دەخەیـنە بەرچاو،، سەرەتای نامیلکەکەی بەم شیعرە دەست پێدەکات و دەڵێ ..

**چەند بڵند بێ**

**ناهەموار بێ لوتکەی شاخی بیر و مەبەست**

**سەرئەکەوم**

**بەبێ وەستان**

تا ئەو شوێنەی خۆم ئەمەوێ

ئەو پەیامە ئاگرینەی

لە دەستمدا

ئازاد سەربەست

ئەخەمە ناو گەرووی ئاسۆ

کاتێ کە خۆر دەردەکەوێ

- شیعری (بروسکەی هەوری مەبەستێک) کە ئەم تایتلەی کردووە بە ناو نیشانی نامیلکەکەی، شیعرەکەش بەم شێوەیە دەست پێدەکات ..

شیرینەکەم

دڵی ساوام ..بەرەو لوتکەی

مەبەستێکی بڵند ئەڕوات

چاوی هۆشم .. پرشنگدارە

لە پرشنگی چاوتا ئەکات !

بیری تازەم ... شۆڕشێکە

لە مەیدانی

هەوڵ و خەبات !

پێنووسەکەم ... تەورداسی

کاوەییێکە

هەزار زووحاک

**له ناو ئەبات**

**چەکی ئەمڕۆم .. ئاگرێکە**

**نەک یەک نەورۆز**

**هەزار نەورۆز .. بەرپا ئەکات ...! ..... .**

هەر لەم نـامیلکە شـیعرییەدا، لە پـاڵ هەسـتە نەتەوەیـیەکەی توانیویەتی لە کۆپلە شیعرێکی ناسک و جوان هەستی دڵداریی خۆی بە شێوەیەکی ڕۆمانسیانە دەرببڕێت و دەڵێ ...

**بە خۆشەویستیت سەردەمێک ژیام**

**هەتاکو توانیم**

**بەکوڵ بۆت گریام**

**کاتێ کەزانیم**

**دووری لە هیوام**

**خستمە ژێر پێ گەردانەی بڕوام**

دیـارە قسـەکانی (فەریـد زامـدار) دەربـارەی نـامیلکەی (بروسکەی هەوری مەبەستێک)، هەر ئەم قسانەی، بۆ کۆمەڵە شـیعری (ژووانـی سـێبەر) یـش ڕاسـتن، دەتـوانین بڵێـین درێژکراوەی هەمان سەرچاوە و هەمان ڕێگایە، هێندە نەبێ لە (ژووانـی سـێبەر) زێتـر تـێکەڵ بە هەسـتە ڕۆمانسـییەکانی دەبێـت، وەک و عاشـقێکی دڵ پـڕ لە زام هەسـت و سـۆزە دەروونییەکـانی سـایە دەکەن بەسـەر زمـانی شـیعری و وێـنە

شیعرییەکانی، بەڵام ئەوکاتیش شیعر هەر ئەو ئامرازە بووە بۆ دەربڕینی هەستە نەتەوایەتییەکەی بە زمانێکی سادە و دوور لە چڕبوونەوە و قووڵبوونەوە لەنێو وشە و هێما و میتافۆر و بنەماکانی شیعر و زمان . بێگومان ناتوانین بڵێین لە نێوان (بروسکەی هەوری مەبەستێک) و (ژووانی سێبەر) هیچ گۆڕانێک و پێشکەوتنێک نابینین بەڵام، جیاوازییەکان لەم ئاستە دا نین، ئەوەتا لە (ژووانی سێبەر) لە شیعری گەڕانەوە دەڵێت،

کە مناڵ بووم

سروشتی وێنەکردنم

کۆمەڵێک شاخی سەرکەش بوو

بیری ساوام لە وێنەدا

نیگای نەرمی کوردستانی لە باوەش بوو ... .

هەمان زمان شیعری و هەمان فۆرمی (بروسکەی هەوری مەبەستێک) دەبینین، هەرچەندە لە (ژووانی سیبەر) لە شیعری (ڕووخساری با)، توانیویەتی شاعیرانەتر مامەڵە لەگەڵ زمانە شیعرییەکەی بکات .. لە (رووخساری با) دا دەڵێ ..

نەک تۆ تەنهای

شەویش وەک تۆ بێ هاودەمە

**ساڵان قافلەی خێڵ دەڕۆیی**

**بێ ڕووخساری با دەڕۆیی**

**ڕەوە چۆلەکەی قەفەسی**

**ڕەزی هەوار**

**لەگەڵ کۆچی لە ناکاوی باران دەفڕی**

**لە کۆساران**

**سپیدەی بەیانی بەهار**

**هەناسەی مانگی ژێر تەمە ...! ...... .**

لەگەڵ ئەوەش مەبەستمە ئەوە بڵێم/ ئەگەر لە بە هێز و توانای شیعری ئەم دوو کۆمەڵە شیعرەی لە نێو ڕووبەری شیعر بەدوای (فەرید زامداری شاعیر)دا بگەڕێین، بە بڕوای من لەوێدا فەرید نابینین ...! بەڵام هەر لەم دوو کۆمەڵە شیعرەی، بە ڕۆشنی هەست بەوە دەکەین کە (فەرید زامدار) توانایەکی خۆڕسکی شیعری تیایە و دەیەوێت پەرە بەو توانا شیعرییەی خۆی بدات، ئەم توانا شیعرییەی لە ساڵی ١٩٩٠ لە کتێبە (بێناونیشانەکەی) دەتەقێتەوە ..! بەهۆی ئەم کتێبەی تەکانێکی گەورە بەخۆی دەدات و خۆی دەگەیەنێتە نێو ڕووبەری شیعر، زمان و فۆرمێکی جیاواز، چ لەسەر ئاستی شیعرەکانی خۆی چ لەسەر ئاستی شیعری کوردی ئەوکات . بەرگ و ناونیشانی کتێبەکە/ تابلێی سەرنجڕاکیش و نوێ و

پڕ مانا و هونەرییە . لە سەرەتای کتێبەکەش نووسینێک وەک مانیفێستێکی شیعری کە ڕوانین و گۆشە نیگاکانی خۆی بۆ شیعر دەردەبڕێت، لەوێوە هەست بە توانا شیعرییەکانی ئەم شاعیرەمان دەکەین، لە نووسینەکەدا دەڵێت، (عاشق هەمیشە سێبەری خۆی لە نشێوی سەفەرە مەزنەکاندا دەلەوەڕێنێ و ڕەسمی پێیەکانیشی لە ڕاست و چەپی ڕێگا مرۆڤایەتییەکاندا دەکێشێ ... ! یان دەڵێ/ هەمیشە هەوڵێ ئەوە دەدەم کە شتێک پێبگەیەنم کە پێناگا یان شتێک شیبکەمەوە کە شیکردنەوەی ئەستەم و عاسێیە ..!) دەبینی باس لە ڕێگا سەختەکان و سەفەرە مەزنەکان و شیکردنەوەی شتە ئەستەم و عاسێکان دەکات، چونکە ئەو لەوە تێدەگات کە (هەموو پرۆژەیەک لە پرۆسەی داهێناندا لە نەبوونەوە بۆ بوون سەرهەڵدەدات ...!).. لەم دیوانەی هەست دەکەی (فەرید زامدار) خاوەن پرۆژەیەکی شیعرییەوە و کەوتۆتە سەرڕێگای شیعر، خەریکە بە هێز و تەوژمێکی شیعری لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبێت و هەگبەکەی پڕ لە خەون و ئومێدی گەورەیە . لەم کتێبەی ناونیشانی بەرگ و تایتلی شیعرەکانی تابلێی سەرنجڕاکێشن ..! (......)، دوو کەوانە و چەند ئەستێرەیەک یان دوو کەوانە و چەند نوختەیەک ..! واتە (بێناونیشان ..)، بەڵام لەراستیدا ناونیشانەکان کاریگەر و پڕمانا واتادارن ..

لەم (ئەستێرە و نوختانە) ئەوە دەخوێنینەوە، کە (فەرید زامدار) توانا شیعرییەکانی تا ئاستێکی زۆرباش چۆتە پێش، وەکو بازدانێک رووبەرە سەرەتاییەکانی دوو کۆمەڵە شیعرییەکەی خۆی جێهێشتووە، ئیتر لە شیعر تێدەگات و دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان بکات و چیتر بە شیوەیەکی سادە شیعر نەکاتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی هەستەکان و بیرکردنەوەکانی .. ئەم دوو (کەوانە و چەند ئەستێرەیە) وێنەیەکی دڵگیرە، پەیوەندی بە باری دەروونی (فەرید زامدار) خۆیەوە هەیە، دەبێ لە ڕووی دەروونییەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین .. چ بەرگەکەی، چ تایتلی شیعرەکانی ناوەوە کە هەموو، بە (بێ ناونیشان) ناویان ڕۆیشتووە، هۆکارەکەی پەیوەندی بە ناونیشانەوە هەیە، واتە (شوناس ..!)، لە بنەڕەتدا (گەڕانە بەدوای شوناس ...!)، (فەرید زامدار) کەسێکی نیشتیمانپەروەر و هەستێکی نەتەوەیی بەهێزی هەبووە، ئەم ستەم و چەوساندنەوە و ئەم بێ نیشتیمانی و بێ شوناسییە، هەستێکی دەروونی نالەباری بۆ پێکهێناوە، گەڕان بەدوای شوناس و وەک کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن نیشتیمان یەکێک بووە، لە خەونە گەورەکانی، ئەم دوو (کەوانە و نوختانە)ش بەدیوێک تەعبیر لەم هەستە نەتەوەیی و بێ شوناسییەی دەکات بە دیوێکی تر، وەکو

شـــاعیرێک بەدوای شوناســـی شـــاعیربوون دەگەڕێـــت و بەگڕوتینەوە بەرەو رووبەری شیعر ڕێگای گرتـۆتە بەر، ئەوەتـا لە شـیعری (زەماوەنـدی کـۆچ و بـرین) بە ڕوونـی تەعبیـر لەم بارە دەروونییە و لەم سەفەری گەڕان بە بەدوای گەیشـتن بەم شوناسەدا دەکات و دەڵێت ... .

**وەک عەشق و وەک شیعر ژیام**

**وەکو دەوارنشینێکی شەیدا و گەڕۆک**

**بەدوای خاک و نیشتیمانێ**

**بەدوای ناسینی خۆمدا گەڕام ...!**

چونکە لە دوو کـۆمەڵە شـیعری پێشـووتری نەیتوانیبـوو، ئەم شوناســە شــاعیرییەی بەدەســت بهێنـــێ ..! لە بنەڕەتیشــدا عەشقێکی گەورەی هەبووە بۆ گەیشتن بەم شوناسە، بە بڕوای من لەم کتێبەی بە شوناسی شاعیربوون دەگـات و ئیتـر بەرەو هەورازەکــان ڕێگــا دەگــرێتەبەر ..!، بــۆیە لە هەردوو بــاردا (دووکەوانە و نوختەکـان) وێـنەی (گەڕان بەدوای شوناسـمان) بۆ دەکێشن .. لە جوانترین وێـنەی ئەدەبـی و شـیعری، کە لە ئاســتێکی بەرزی جوانکــاری دان، چیتــر بە ســادەیی وشــە و دەســتەواژەکان دەرنــابڕێ، ئیتــر لێــرەبەدوا/ ئەم شــاعیرەمان لەوە تێدەگات، شیعر نووسین چ ژانێکی گەورە و چ عەشـقێکی گەورە و چ خەونێکــی گەورەیە، زمــانی شــیعریش چ هێزێکــی

سیحری هەیە و داهێنان و نوێگەریش پێویستییان بە چ هەوڵ و ماندوبوونێک هەیە . (فەرید زامدار) بەم هێزە شیعرییە و بەم خەونە گەورەوە بەردەوام دەبێ، ئیتر دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٧ کۆمەڵە شیعرێکیتر بە ناوی (ستێکس) بڵاو دەکاتەوە، ستێکس پڕیەتی لە دەقی ناوازە و جوان بۆ نموونە (ئەسپ و ترس، شەبەنگ، لاوێز، ئەزمموونە کوشندەکان و ..) چەند دەقێکی تر، گوتمان بەهۆی دیوانە (بێ ناونیشان)ەکەی گەیشتە نێو ڕووبەری شیعر، بەڵام لە (ستێکس)ەوە بەدوا بەرەو قووڵاییەکان دەڕوات، دوای ئەوە (دروست نەبوون لە شەوی یەکدەقەییدا) دەنووسێت، ئیتر (فەرید زامدار) توانا و هێزە شیعرییەکانی دەتەقێتەوە و سنووربەندی خۆی لەگەڵ شاعیرانی سەردەم و تەنانەت شاعیرانی بەر لەخۆشی ڕادەگەیەنێت، وەک شاعیرێکی (داهێنەر و نوێخواز و یاخی) دەردەکەوێت، (دروست نەبوون لە شەوی یەکدەقەییدا) چ ناونیشانەکەی و چ دەقە شیعرییەکانی ئەو گەواهییەمان بۆ دەدەن .. دوای ئەم هەوڵەی (مردنی ئەندازەیی) و دواتر (ئەنیما مۆندی) و پاشان (ماکرۆکۆسۆم) . کە دواتر خوێندنەوە بۆ هەندێک لە کتێب و دەقە شیعرییەکانی دەکەین و قسە لەسەر هەندێک لە بنەما و پێکهاتە شیعرییەکانی دەکەین . بەڵام ئەوەی گرینگە دەمانەوێت بڵێین <u>(فەرید</u>

**زامدار)، شاعیرێکی نوێخواز و جیاوازە لە نێو ڕووبەری شیعر خاوەن داهێنانێکی گەورەیە ..** بیرکردنەوەکانی بۆ شیعر و داهێنان و نوێگەری ڕۆشن بووە، خاوەن مەعریفە و ڕۆشنبیرییەکی باشی شیعری بووە، سوودی زۆری لە ئەفسانە و دەروونزانی و قوتابخانە ئەدەبییەکانی سەردەمی مۆدێرنە وەرگرتووە، لە ئەزموونی شیعری خۆی خاوەن زمانی تایبەت بەخۆی بووەو هەمیشە نوێکاری لە شیعری کوردیدا کردووە، وەک شاعیرێکی سیحرباز مامەڵەی لەگەڵ زمان و وشە و پارادۆکس و دەستەواژە و چەمکەکان کردووە، هیچکاتێک خۆی نەبەستاوەتەوە بە مانای ڕووتی وشەکان، یان مانا فەرهەنگییەکانی وشەکان .. چونکە لە شیعردا وشەکان و چەمکەکان لەمانا فەرهەنگییەکان جیا دەبنەوە، هەروەک (ئەدۆنیس) دەڵێت (هەمیشە لە پێناو نووسینی قەسیدەی نوێ دەبێت وشەکان لە ناوەڕۆکە کۆنەکەیان بەتاڵ بکەینەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی تازە لە نێوان وشە و شتەکان دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی مانایەکی نوێ بخەیتەوە ...!)، بۆ شاعیری نوێخواز و داهێنەر / نە دەقی شیعری وە نە وشە و چەمکەکان مانای پێشوەختەیان نییە ...!، خوێنەر لە ئاکامی خوێندنەوە و قووڵبوونەوە و ڕامانەوە، ڕەنگە خوێندنەوەیەک بگات، یان لەوانەیە هەر پێی نەگات، تەنها چێژێک لە دەقەکە

وەربگرێــت و هیچیتــر ...! وشــەکانیش بە هەمانشــێوە/ لە شیعردا مانای فەرهەنگی پێشوەختەیان نییە، لە نێو ڕستە و دەستەواژەکان و وێنەکاندا لە پەیوەند بە وشەکانیتر مانایەک دەبەخشن، کە نوێ و جیاواز لە مانا فەرهەنگییەکەی، ئەو شــاعیر و خــوێنەرانەی دەســتییان لە بەرۆکــی مانــا فەرهەنگییەکانی وشــە و چەمکەکــان بەرنابێــت، ئەوانە وەک (پێویست) خاوەن مەعریفەیەکی شیعری نین لە هەمانکاتیش/ وەک پێویست لە شیعر و داهێنان و نوێخوازی تێنەگەیشتوون ...! چونکە ئازادی شاعیر یان نووسەر هەر ئەوە نییە، خۆی لە تەپوتۆزی ئایدیۆلۆژییەکان داتەکێنێ و ئەدەبەکەی نەکاتە ئامراز و هۆکار، لەهەمەنکات دەبێ لە نێو ڕووبەری زمانیش ئازاد بێ، بەهۆی مانای پێشوەختە و مانا فەرهەنگییەکان ســنوور و ڕووبەری تواناکــانی خــۆی بچــووک و بەرتەســک نەکاتەوە، بۆ شاعیری نوێخواز و داهێنەر وەکچۆن خەیاڵەکانی بێســنوورن دەبــێ ئەو ڕووبەرەی کە کەشــف و گەڕانەکــانی تیادەکات بێسنوور بێت، بۆیە لەنێو ڕووبەری زمانیش دەبێ خاوەن ئازادییەکی ڕەها بێت و لە هەمانکاتیش ڕووبەرێکی بێسنووری لەبەردەم دابێت. (فەرید زامدار)ی شاعیریش لەم مەیدانە/ سوارچاکێکی یاخی و جیاواز و داهێنەر و سەرکەش بووە .

## خوێندنەوە بۆ چەند کتێبێکی (فەرید زامدار)

دەتوانین ئەزموونی شیعری فەرید زامدار بکەین بەچوار قۆناغ:

- قۆنـــــاغی یەکەم/ دوو کتێبـــــی (بروســـــکەی هەوری مەبەستێک و ژووانی سێبەر)
- قۆناغی دووەم/ کتێبە (بێناونیشانەکەی)
- قۆناغی سێیەم/ کتێبەکانی (ستێکس، دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا، مردنی ئەندازەیی، ئەنیما مۆندی)
- قۆنـاغی چـوارەم (شـیعرە هێلکـاری و وێنەییەکـانی واتە، (ماکرۆکۆسۆم)

ئــێمە لێــرەدا دەمانەوێــت، قســە لەســەر قۆنــاغی ســێیەمی شیعرەکانی بکەین . چونکە/ لەم قۆناغەدا بە فـۆرمێکی نـوێ، لەنێو رووبەری شیعردا قووڵ دەبێتەوە و مـۆری نـوێگەری دەدا لە شیعری کوردی و خـۆی لە شـاعیرانی سـەردەم و پێشـخۆی جیا دەکاتەوە، هەروەها دابڕان و جیاوازییەکی بەرچـاو لە گەڵ قۆناغە شیعرییەکانی خۆی پێشـان دەدات، بەتـایبەت لە ڕووی زمان و فۆرم و پێکهـاتە شـیعرییەکان، هاوکـات لەم قۆناغەیـدا بە ڕۆشنی هەست بەوە دەکەین بیرکـردنەوەی (فەریـد زامـدار) بۆ شیعر و نوێخوازی چۆتە ئاستێکی سەرووتر، بەمانـای وشـە لێـرە بەدوا دەبێـتە خـاوەن پڕۆژەیەکـی تـۆکمەی شـیعری، بە

زمـانێکی چـڕو بە فـۆرمێکی نـوێ و بە هەسـت و ڕۆحێکـی سـەرکەش و یـاخی . وەک قوتابخـانە شـیعرییەکانی مـۆدێرنە، شیعرەکانی خـۆی لە خڵـتەی ئامانجداری و هۆکـارگەری پـاک دەکـاتەوە و شـیعر پەیوەسـت دەکـات بەیەک ئامـانجی گەورە ئەویـش بەرهەمهێنـانی جـوانییە و هـاوتەرییبیش لەگەڵ بەهـا مرۆییەکان .

### ١/ کتێبی (ستێکس)

ئەم کتێبەی لە ساڵی (١٩٩٧) بەچاپ گەیاندووە و پێکهاتووە لەم دەقە شـیعرییانە (ئەسـپ و تـرس، بـالگیران، شـەبەنگ، لاوێز، ئاستانەی ئەفراندە بەفرینەکان، ئەزموونە کوشندەکان)، لە سەرەتای کتێـبەکە دەنووسـێت (بروسـکەیەکی ئـاوییە، بـۆ کائینـاتە دارسـتانییەکانی جەهەنەم ..)، هەروەهـا ناونیشـانی کتێـبەکەش (سـتێکس)ە بەمانـای/ (ڕووبـارێکە لە جەهەنەم، ڕۆژێ حەوتجار بە دەوری خۆیـدا دەسـووڕێتەوە و نەمـری دەدا بە لەشـی مـرۆڤ ...!) . لێـرە پێویسـتە بیـر لەوە بکەیـنەوە، هێنـدە گرینگیـدانی بە چەمکـی (جەهەنەم/ دۆزەخ) لەبەرچـی ..؟ بە تـایبەت لەم کتێبەیـدا، هاوکـات ئیشـکردن لەسـەر چەمکی (مردن) یش، بە شیوەیەکی بەرچـاو، کەدواتـر لەسـەر چەمکی (مـردن) هەڵوێسـتە دەکەیـن، شـاعیر خـۆی کەسـێکە

مارتیالیستانە بیردەکاتەوە، باوەڕی بەو چیرۆکە وەهمییانە نییە کە مرۆڤ دوای مردنی زیندوو دەبێتەوە و دەبێتە کەسێکی بەهەشتی یان دۆزەخی . لێرەدا/ دۆزەخ بەمانای گڕ و کڵپەو مەشخەڵ دێت، ڕاسان و شۆڕش، شۆڕشێک لەنێو زمان و فۆرم .. شۆڕشێک بۆ نوێبوونەوەی (ئەوەی کە هەیە) یان تێپەڕاندنی (ئەوەی کە هەیە)، ئێمە گوتمان/ (فەرید زامدار) لە دیوانە (بێناونیشانەکەی)، بەدوای شوناسدا دەگەڕێت، (شوناسێک وەک کورد و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی و لە پلەدوویی) یان (شوناسێک بوون بەشاعیر و گەیشتن بە ڕووبەری شیعر)، دەیەوێت لەو ڕاستییە بگات کە (ناتەواوی بوونی مرۆڤ ئێمەی گەیاندە ئەو باوەڕەی بەبێ دەسەڵاتی داهێنان مرۆڤ نەتوانێ خۆی تەواو بکات ...!)، بۆ وەڵامدانەوە بەو بارە دەروونییەی پەرە بە توانا و مەعریفە و بیرکردنەوە شیعرییەکانی دەدات، بۆ تێگەیشتن لە ژیان و دەوروبەر، لە شیعر و داهێنان هەوڵدەدات لەڕێگای خەیاڵ و گەڕانەکانی ئەو هێما و ئاماژە شاراوانە کەشف بکات، دەیەوێت لەنێو شیعرەکانی بە زمانێکیتر قسە بکات، بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ بگاتە ئەو ڕووبەرانەی کە پێشتر نەیتوانیوە بیگاتێ . دەبینین لە سەرەتای دەقی (لاوێز) دا دەڵێ .. (زمانی من، زمانی ڕۆحە، ئەوەی لە ڕۆحی خۆی

نزیک نەبێ .. لێم تێناگات ...!)، وشـەکان و هێما و ڕسـتە و دەسـتەواژەکان جیـاوازن، بە خوێنـدنەوەیەک تێگەیشـتن و کـردنەوەی هێمـا و میتافۆرەکـان ئاسـان نـین .. . لێـرەدا هەوڵـدەدەین هێنـدەی بۆمـان بکرێـت خوێنـدنەوەیەک بـۆ قەسیدەی (ئەسپ و ترس) بکەین .

## قەسیدەی (ئەسپ و ترس)

ئەم قەسـیدەیە یەکـێکە لە قەسـیدە ناوازەکـانی ئەم کتێـبەی، پڕیەتـی لە گەمەی زمـانەوانی، زمـانێکی چـڕ، وشـەکان مانـاو دیـوی رەنگاوڕەنگییـان هەیە، هەرجـارەی گەمە لەگەڵ دیوێـک یـان ڕەنگێکـی وشـەدا دەکـات، ڕستەسـازییەکان زێتـر بـۆ ناخشاندنی جوانکارییە نەک/ بۆ دارِشتنی مانـا و بیرۆکەیەکـی دیـاریکراو، هەروەهـا (گومـان)یـش لەم دەقەدا گۆشـەیەکە لە گۆشـە ڕووناکەکـان، ئەم دەقە لە رووی شـیعرییەت و زمـان و پێهـاتەی شـیعریەوە تـۆکمەیە و شـیعرێکە دەتـوانین بڵێـین لەسەرەتاوە تا کۆتایی شیلەی شیعری لێدەڕژێ، لە سـەرەتای شیعرەکە لە باری دەروونییەوە ڕۆحێکی نائـارامە، لە هەوڵـدان دایە بـۆ گەیشـتن بە کەنـارێکی ئـارام، یـان گەیشـتن بەو ڕەهاییەی کە مانایەک بە ژیان و بوونی بدات، لەمبارەوە دەڵێ ..

**هەندێجار ژیان لەبەرچاوت**

**ئەوەندە بجووک دەبێتەوە**

**بۆ ڕوانینیت دادێیتەوە و دێتە ژێر پێت**

**گۆڕێکی نویٚ و گۆڕێکی بزر**

**لە ژیانی بن پێیەکاندا**

**سەری جنۆکەییێکی شێت دەگوازنەوە**

**کێوێکی ئاگرینی نویٚ لە دۆزەخدا دەڕوخێت و**

**کێوێکی کۆن لە بەهەشتا دادەگیرسیٚ ...!**

نا ئارامییە دەروونییەکەی لەوەدایە، لەنیو رووبەرە هاودژەکان گەمە دەکات، بەو مانایەی، نە لێرە دەتوانیٚ بمێنێتەوە، نە بە ئەوێندەریش دەگات، (ئێرە و ئەویٚ)، دەکریٚ دنیای کۆن و نویٚ بێت، یان مردن و ژیان بێت، (کێوێکن نویٚ لە دۆزەخ دەڕووخیٚ، کێوێکی کۆن لە بەهەشت دادەگیرسیٚ...) یان دەڵیٚ/ دەنگێکی نویٚ بەرەنگاری ئاوازە کۆنەکانی گوێت دەبێتەوە ..!

**هەموو ڕۆژیٚ**

**پارچەیەک لە دڵما دەمریٚ**

**هەموو ڕۆژیٚ بەشێک لەلەشما دەکوژریٚ**

**هەموو ڕۆژیٚ لەتێک لە زمانم دەخنکیٚ**

**...... تا دەگاتە،**

**هەموو ڕۆژێ**
**چەقۆیەک لە گیانما دەڕوێ و**
**شۆڕشی ناوچەیەکی نوێ**
**لە بەشێکی بیرکردنەوەم دادەمرکێ**

شاعیر لەم شیعرەیدا/ چاوی بڕیوەتە بەهەشتێک کە بۆ ئەو کەناری ئارامییە، دوای هەموو سووتان و خنکان و مردنێک ئیتر بژییێتەوە و بە بینینی خۆرەتاوێکی نوێ شوێن برین و چەقۆیەکانی بیربچێتەوە، ڕووناکی شۆڕشێکی نوێ، یان دونیایەکی نوێ لە خەیاڵ و خەون و بیرکردنەوەکانی هێمن و دامرکێتەوە . بۆ ئەم مەبەستەش سواری پشتی ئەسپێک دەبێ، بەناو تاریکی ڕەت دەبێت و ڕێگا هاتونەهاتەکانی ترس دەبڕێت .. شاعیر تامەزرۆی ڕۆیشتنە بەم ڕێگایە تا بگات بەم دنیایەی کە لە مێشکی خۆی وێنەی کێشاوە،

**لە خوارووی ناوچەکانی خۆکوشتنی مندا مەڕۆن و**
**لەبن مینا شکاوەکانی سەرووی سەرخانی کیسەڵ**
**هەتک بە ڕوانینەکانی**
**ئاسک بکەن**
**لەگەڵ کیسەڵ**
**درەنگ بە خۆتان ڕادەگەن**
**لەگەڵ ئاسک**

**زووتر دەگەن ..!**

شاعیر مەبەستییەتی ئەگەر بەو کەناری ئارامییەش نەگات، یان بە ئامانج و خەونە گەورەکانی نەگات، هەر چ نەبێت با کارێکی وا بکات لێیان نزیک بێتەوە، بۆیە دەڵێ ..

**کرۆشتنی بەردێکی تاڵ**

**شیرینترە لە خواردنەوەی**

**شەپۆلە ئاسۆییەکانی چاوی مەحاڵ ...!**

بەڵام شاعیر هەر دەست لە ئومێدەکانی بەرنادات، دەبێ ڕۆژێک بەو خەونە ڕەنگاورەنگە بەهارییە بگات و دەڵێ/ تەپ و تۆزە دوورەکانی جوانە ئەسپێک دێتە بەرگوێم ...! یان دەڵێ/

**نیوەڕۆیە ئاسۆییەکان بپارێزن و**

**خۆرنشینە نیوەڕۆییەکانیش ڕاگرن ...**

**هەورێک بەغار**

**دێتە ناو یادەکانمەوە**

**جوانییەکی شێواویش بەتاو**

**لە باوەشی داخراوی خەیاڵی نوێم ڕادەپەڕێ ...!**

ئەو دەست لە ئومێدەکانی بەرنادات، تەپوتۆزە دوورەکانی (جوانە ئەسپێک) هاتۆتە گوێی، لێی نزیک بۆتەوە، گوێی لە حیلەکەیەتی، هەر لەنێو ئەم هەڵچوونە دەروونییە، هەورێک بە

غار دێته ناو یادەکانی، ئەم هەورە دەبێتە باران و گەڵاکان سەوز و پشکۆکان گەش دەکاتەوە . لەوەش دڵنیایە ..

**ڕۆژێک دادێ**

**باران و بەرد**

**شێوەی یەکتر بخۆنەوە**

**ڕۆژێک دادێ**

**تفەنگ و گوڵ**

**جێگای یەکتر بگرنەوە**

**ڕۆژێک دادێ**

**شەیتان و با**

**تەختی یەکتر بگۆڕنەوە ...!**

ئەو بەو ئومێدە گەورانە دەژی، دڵنیایە ڕۆژێک دادێ تفەنگ و گوڵ .. شوێنی یەکدی دەگۆڕنەوە ئەوکات لەنێو ئەو کەناری ئارامی و دنیا نوێیە، دەتوانێ بە زمانێکی نوێ قسە بکات، زمانی گوڵ

**یان زمانی با ...**

**پێشم دەکرێ، زمانێکی نوێ**

**بۆ قسەکردن بەکاربێنم و**

**لەسەر شێوەی زمانی منیش بیربکاتەوە**

**تۆزی ڕاکردنی ئەسپێک**

**لەسەر ئێسک و پروسکی ئاودا**

**ڕاوی دیوارێکی بێ پێی دەنا**

**دێوی سەرنج**

**ناتوانێ ڕۆیینی ئەسپ، داگیر بکا**

**چاوێک گەش نەبێ وەک پشکۆ**

**نازانێ خۆی بکوژێنێتەوە ...!**

ئەو تازە وەک مرۆڤێکی یاخی بڕیاری داوە بەو شوناسە بگات کە، لەنێو خەونەکانی وێنەی بۆ کێشاوە، هێندەش پشت ئەستوورە بە بڕیارەکەی خۆی، هیچ هێزێک و دیوارێک و بەربەستێک ناتوانێ بەر بە ڕۆیینی ئەسپی ئومێدەکانی بگرێت، شاعیر وەک کەسێکی یاخی دەبێ ئەو موغامەرەیە بکات، ئیتر لەم پێناوە چی بەسەر دێت و بەکوێ دەگات، لە ئاکامەکەی بێباکە . چونکە چیتر ناتوانێ (لە دایکبوونی سەفەری، مێژووی بەرد و تابووتی نیشتیمانێکی نەنووسراوە ..!، هەموو ڕۆژێ، هەموو ڕۆژێ لەسەر نووکی خەنجەر بڕوا .. !)، بڕیاردان بۆ نوێبوونەوە و نووسینەوەی شیعر و ژیان بە بیرکردنەوە و فۆرمێکی نوێ، یان گەیشتن بە ژیانێکی باشتر، خۆیلەخۆیدا موغامەرەیە، بۆیە سەرشێتانە سواری پشتی ئەسپەکەی دەبێ و بەنێو تاریکایی و ڕێگا هاوراز و سەختەکان دەگرێتە بەر، سوارچاکێکی کارامە و شارەزایە،

پشت ئەستوورە بە خەون و بیرکردنەوە و ئومێدەکانی خۆی بۆیە دەڵێ،

**من دەرگاکانی ژێرزەمین پێدەزانم**
**هاواری ڕەنگاوڕەنگیشم دێتە بەرگوێ**
**جەنگی مار و خۆڵ و ئەسپ**
**لەبن سەرینی ئاو دەنوون**
**بە نووستوویی پێستی سەری بەرد دەگۆڕن و**
**لە ژێر نووزەی گریانە ژەنگاوییەکاندا پێدەکەنن**

دەقی (ئەسپ و ترس)، دەقێکە ڕاستەوخۆ دوای کتێبە (بێناونیشانەکەی) نووسراوە، گوتمان ئەم کتێبەی هەولێکە بەهۆیەوە گەیشتۆتە نیو رووبەری شیعر، ئیتر لەنیو ئەم رووبەرە بەدوای شوناسی شاعیربوونی دا دەگەڕیت، بۆ ئەم مەبەستە سواری پشتی ئەسپێکی وەکخۆی یاخی دەبێت و هەموو موغامەرەیەک بەژیان و بوونی خۆی دەکات تا بگات بەم ئامانجە، لەو چرکە ساتە بڕیار دەدات بۆ شیعر بژیت و هەموو ژیانی ببەخشێ بە شیعر و داهێنان، ئەوەتا بە ڕۆشنی پێمان دەڵێ ... .

**خۆم بۆ خۆڵەمیشی شیعر هەڵبژارد و**
**سەری ماندووم بە زیندوویی**
**خستۆتە سەر دەستەکانم**

**چونکە لە ئاوێنەوە خوا**

**دێتە بەر پەنجەرەی بیرم و**

**لەناو ترسە هۆشیارەکانمدا دەژی ...!**

دیــارە بڕیــاری داوە بەم هەورازەدا ســەرکەوێ، لە هەمــوو سـەفەرێک و سەرکێشـی و موغـامەرەیەک، هـیچ زەمانەتێـک و گەرەنتیـیەک نیـیە بـۆ گەیشـتن بە ئامـانج و کەنـاری ئـارامی، هەمیشە تارماییەکی گومـان دەورەیـان دەدات و لەگەڵ هەمـوو هێز و گروو کڵپە، بۆ گەیشتن بە شوناسێکی تر و ئایندەیەکی تر بەڵام، دواجار پەنـجەرەیەک لە پەنجەرەکـان دەکـریتەوە بـۆ ترس و گومـان، دواجـار لەنـاو قـووڵایی گومـانێکی گەورەدا بە وێنەیەکی جوان و غەمگین، کۆتایی بەم دەقە ناوازەی دەهێنێ و دەڵێت ...

**چاوم بارگەییکی قورسی نێو سەرمە**

**ئەو سەرە کوژراوەی هەمیشە**

**لە دوورەوە سەفەری خۆی**

**لە پەنجەرە نزیکەکان داگیر دەکات**

**کێ هەیە دوای شەهیدبوونم**

**گیان بدا بە لەشی شیعرە لە دایکنەبووەکانی من**

**کێ هەیە لەدوای لەناوچوونم**

**وەک خۆم دەمویست**

به داگیرساندنی سەرم ببم بەمۆم
لە پێناوی لابردنی تەم و مژی تەواوبوونم
لە دواقۆناغ
کێ هەیە لە جیاتی من و لە باتی خوێن ڕژانی من ببێتە سۆراغ
بۆ زانینی هۆیەکانی شەهیدبوونم ...!

**٢/ کتێبی** (**دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا**)

دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا، ناونیشانێکی شیعری و سەرنجڕاکێشە، لەهەمانکاتیش نامۆ و دەگمەنە .. ماناکەی هەرچییەک بێت بەڵام، ئێمە ئەوەی لێ دەخوێنینەوە کە/ لە شەوی یەک دەقەیی، دروستبوون نایەتە دی، ئەگەر بیر لە خەونەکانی (فەرید زامدار) بکەینەوە، دەکرێ بڵێین، داهێنان بە ئاراستەی نوێگەری لە شەو و ڕۆژێکدا دروست نابێت، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوام و درێژخایەنە .. شاعیر لەم کتێبە و لە کتێبەکانی تری ئەم قۆناغەی، کە بە قۆناغی سێیەم یان دوای دیوانە بێناونیشەکە ناومان بردووە، بەرپرسیارانەتر و بە جیهانبینییەکی فراوانترەوە شیعر دەنووسێ، مامەڵە لەگەڵ زمان و چەمک و دەستەواژە و هێماکان دەکات، وەک ئەوەی نیوەکەی تری (مالارمێ) بێت،/

(مـالارمێ)ش هەمـوو تەمەنـی خـۆی لەوە سـەرف کـرد کە وێنەیەکی تازەی شیعری بـدۆزێتەوە ..! دەیگـوت/ (دەخـوازێ شیعر لە کۆت و بەندی هەموو ئەو شـتانەی کە شـاعیرانە نـین ئازاد بکـات ...!)، ناونیشـانی ئەم کتێبە، زمـانە سـەرکەش و جەهەنەمیـیەکەی ئەم ڕاسـتییەمان بـۆ پشتڕاسـت دەکـاتەوە .

ئەم کتێـبە لە کـۆمەڵە دەقێکـی نایـاب پێکهـاتووە کە، لە زۆربەی دەقەکان ئیشـی لەسـەر نـاوەوەی خـود کـردووە، وەک ئەوەی هەوڵێکی سوریالیستانە بێت (بۆ تەقانـدنەوەی نـاخ) و وەک سـەفەرێک بەنێـو نـاوەوەی خۆیـدا، یـان هەوڵـدان بـۆ کەشفکردنی ڕووبەرە تاریکەکانی ناوەوەی خـۆی، لە سـەرەتای کتێـبەکەش دەڵـێ، (هەوڵەکـانی گەڕانەوەیە بەرە و خـود، تەکـانێکی خێـرایە بەرەو ئەوان، شـێتانە چـوونە نـاو ژوورە بچووکەکانی ژیانە ...!)، لە یەکەم شیعری نێو کتێبەکەی، لە سەرەتای شیعرەکە دەڵێت،

خۆم بە میوان لەسەر خوانی بیرکردنەوەی خۆم دەبینم
خۆم بە میوان لەسەر زمنی خۆم دەبینم
خۆم بە میوان لەناو سەری خۆم دەبینم
خۆم بە میوان لەناو چاوی خۆم دەبینم
گەورەترین هیوام لە ژیاندا
بگەم بە خۆم و ببم نەخۆم ...!

دیاره لەم کۆپلە شیعرەدا، گومان سایەی کردووە بە سەر هیما و وێنە و ڕووبەری شیعرەکە بەڵام، ئەم هەوڵدانی گەیشتن بە ناوەوەی خود، یان هەوڵدان ببێ بەخۆی، ئەمە گرینگە بیرکردنەوە و هەوڵێکی مۆدێرنانەیە . بە تایبەت (سومبولیستەکان و سوریالیستەکان ..)، قووڵبوونەوە بەنێو خود تا ئاستی خەون و هەستە ناخودئاکاییەکان، هەروەها کردنەوەی بوخچەی غەریزەکان، چونکە خەون و غەریزەکان بەشێکن لە ماهیەت و لە بەها و لە بوونی مرۆڤ . شاعیر لە دوادێری شیعرەکە، تەنها لە یەک دێردا، زیرەکانە نەک ناخی خۆی بەڵکو ناخی زۆربەی تاکی کوردی و تاکی ڕۆژهەڵاتی خوێندۆتەوە و لە دێرێکی هێمائامێزدا دەڵێت،

(ئەزموون نوشتەی هەڵەکانتە و، هەڵەکانت بوون بە ئەزموون..!)، دیارە ئەوە ڕۆشنە کە/ ئەو کۆمەڵگایانەی کە ناتوانن سوود لە شکست و ئەزموونەکانی خۆیان وەربگرن بەڵکو، هەوڵەکانییان دەبێت بە ئەزموونیان و لەسەر شکستەکان دەڕۆن و کەوتنەکانیش هەمیشە دووبارە دەبنەوە ..! (مرۆڤ وەک حەقیقەتی خۆی بەر لەهەر شتێک وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو بەشوێن چێژ و خۆشی و ئاسوودەییدا دەگەڕێت . (فەرید زامدار) دەیەوێت لە ڕێگەی گەمە زمانەوانییەکان و دەقە ناوازەکانی ڕووبەرێکی فراوان لە جوانی

بەرجەستە بکات، بەپێی بیرکردنەوە دەروونییەکانیش، جـوانی سەرچاوەی ئارامبوونەوە و چێژبەخشینە .. هەروەهـا گەڕانەوە بـۆ خـود خەسـلەتێکی داهێـنەرانەیە، بـۆ بەرجەسـتەبوونی کەسایەتی و بوونێکی ئازاد لەنێو چوارچێوەی دەق و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانیدا، شاعیر دەبێت لەنێو دەقەکانیـدا خـۆی بێـت سەروەری و ئازادی خۆی بپارێزێـت، لە ژێـر ڕکێفـی ئـارەزوو و حەز و خەونەکانی خۆیدا، جووڵەکـانی ئاراسـتە وەربگـرن نەک لەژێر ڕکێفی هێزە دەرەکییەکان . بۆ دەربڕینی ئەو هەسـتەش لە شیعری (ئێزنگ) لە شوێنێکدا دەڵێ .. .

زانیم

زمانی شتە بێدەنگەکان

خەمی دووری دەنگە نزیکەکانیان ناسیم

زانیم

لە پێناوی ناتەبایی هەموو شتێک دایان تاشیم

هەرچۆن دەژین

منیش دەژیم، چۆنم دەوێ، هەروا دەژیم

هەرواش دەمرم ...!

کەواتە شاعیر دەیەوێت خۆی بێت و خۆی خاوەن بوونی خۆی بێـت، چـۆنی بوێـت وا بـژی، بـۆیە شـاعیر نابێـت کەسـێکی دەستەمۆ و کۆیلە بێـت، شـاعیر ئیشـدەکات بـۆ بەرهەمهێنـانی

جوانی (جوانی و کۆیلەبوونیش) ناتەبا دێنەوە لەگەڵ یەکتریدا . شاعیر بوونێکی ئاسایی نییە، کەسی داهێنەر بوونێکی خوداوەندیانەیان هەیە، بۆیە کاتێک دەڵێین شاعیر دەبێ ئازادی خۆی بپارێزێت، مەبەستمانە ڕیز لەو توانا و بوونە خوداوەندییەی خۆی بگرێت .. (فەرید زامدار) لە دوا بەشی (ئێزنگ) دا دەڵێ ...

**لای من هەموو سەرەتاکان بە من دەگەن**

**لای من هەموو کۆتاییەکان بە من دەچن**

**بە دەنگی من**

**بە ڕەنگی من**

**بە بوونی من**

**بە مێژووی من**

**دروست دەبن ...!**

شاعیر لەم کتێبەی (دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا) و لە کتێبەکانی تریش زۆرباس لە چەمکی مردن دەکات، هەرچەندە لەم لێکۆڵینەوەمان بابەتێکمان هەیە بەناوی (شیعر و چەمکی مردن)، بەڵام لە پەیوەند بە خوێندنەوە بۆ ئەم کتێبە، ئەگەر بە کورتیش بێت وا پێویست دەکات ئەم چەمکە بەسەربکەینەوە چونکە، چەند شیعرێکی ناونیشانەکەی وشەی مردنی پێوە لکاوە، یان هەندێ وشەی تر کە تەعبیر لە مردن

دەکەن، وەک (بیرەوەرییەکـــانی مـــردن، ســـەمای مـــردن،، زەماوەندی کۆچ و برین، نەخشەی برینەکـانی ئـاگر ...!)، هەر لەنێو ئەم کتێبەدا، چەمکێکی تر زۆر بەرچاو دەکەوێت ئەویش (چەمکــی تــرس) ە . هەرچەنــدە لە کتێبــی (ســتێکس) دا خوێندنەوەیەکمان بۆ دەقی (ئەسـپ و تـرس) کـرد بەڵام، لەم کۆمەڵە شـیعرەی بە شـێوەیەکی قـووڵتر مـامەڵە لەگەڵ تـرس دەکـات، ترســێکی گەورە، واتە (فۆبیــا) بەمانــای ترســێکی تۆقێنەر، ترسـێک لە سـەرووی ئاسـتەکانی ترسـەوە، لە دەقـی (فۆبیــا) و لە زۆرێــک لە وێــنە شــیعرییەکانی ئەم ترســەی بەرجەسـتە کـردووە، خـوێنەر بە سەرسـامییەوە دەپرسـێت .. ترس لە چی ..؟! ترس لەمردن ..؟ ترس لە شـێت بـوون ..؟ تـرس لە کەوتـن ..؟ تـرس لە نەهـاتنە دی خەونە گەورەکـان ..؟ تــرس لە چــی ..؟ شــاعیر هەمیشــە ڕۆحێکــی نائــارامە، بەتایبەت ئەگەر خەمی داهێنان و نوێبوونەوەی لەگەڵدا بێت . کەسـی داهێـنەر و نوێخـوازیش کەسـێکی یـاخی و سەرکەشـە، کەسە یاخی سەرکەشەکانیش/ هەمیشـە ترسـێک لەگەڵیانـدایە لەوەی، نەوەک بە ئومێــد و خەونە گەورەکانیــان نەگەن ..! تــرس زۆرجــار ســیما و هەســتێکی نێگەتیــڤ نیــیە، کەســە گەمژەکان ئەو کەسانەن کە لە هەستە مرۆییەکان داشـۆراون و هەست بەهیچ ترسێک ناکەن .. بەڵام بۆشـاعێرێکی نوێخـواز و

لێوانلێو لە هەستی ئینسـانی هاوکێشـەکان تەواو پـێچەوانەن . دەقی (فۆبیا) دەقێکی ناسـک و پـڕە لە شـیعرییەت، لە رووی زمـان و پێکهـاتە شـیعرییەکان تـۆکمە و پـتەوە، هەڵبژاردنـی چەمکێکی دەروونی وەک (فۆبیا)، کە (فرۆید) بەکاریهێنـاوە و لە ئەدەبیـــاتی یۆنـــانی کـــۆنی وەرکگرتـــووە، خۆیلەخۆیـــدا جەرائەتی پێویستە .. لەنێو شیعردا هەموو کەسێک ناتوانێـت مامەڵە لەگەڵ وشە و چەمکە جۆراوجۆرەکان بکـات، بەدەلیلـی ئەوەی پێیـوایە هەمـوو وشـەیەک شـیعری نیـیە و بـۆ شـیعر ناشێت، بەڵام (فەرید زامدار) ئەم سـنوورەی بەزانـدووە و ئەم بۆچـوونە ڕەتـدەکاتەوە، (فۆبیـا) یەکـێکە لە دەقە نایابەکـانی ئەم کتێـبە، لە ســەرەتای شــیعرەکە بە وێنەیەکــی تــابلۆیی سەرنجڕاکێش دەست پێدەکات و دەڵێت .. .

**چاوت هەیە**

**بەڵام خۆتی پێنابینی**

**کوێری هەموو دەمێ**

**چاوێک لەناو چاوتا دەزێ ..!**

ئێمە لە بەشی (شیعر و پارادۆکس)دا، قسە لەسەر ئەم کۆپلە شــیعرە دەکەیــن چــونکە . ئەم کــۆلە شــیعرە یەکــێکە لە پارادۆکســە نایابەکـان و جوانەکـان .. بەڵام ئـێمە لێـرەدا بە کورتی قسە لەسەر لایەنی هـونەری زمـانی و ڕستەسـازییەکەی

دەکەین، چەند جوانە (چاوێکی کوێر هەموو دەمێ چاوێک لەنێویا بزێ..!) ئەوە چ حیکمەتێکە، سەیرەکەش لەوەدایە، کەسەکەی کە ئەوچاوەی هەیە خۆی پێی نابینێ ..! هەمووی چەند وشەیەکە، چ فەنتازیا و دیمەنێکی جوانی خولقاندووە، شاعیری داهێنەر زۆرجار پێویستی بە درێژدادڕی نییە، دەتوانێ لە کورتترین مەودا گەورەترین مەبەست بپێکێت و ڕووبەرێکی گەورەش لە جوانی بنەخشێنێ .. لە دەقی (فۆبیا) لە سەرەتای دەقەکە تا کۆتایی ئیشی لەسەر پارادۆکس و پێکەوە گرێدانی شتە ناتەباکان کردووە، لە شوێنێکی تردا دەڵێت ..

جاران
هەتاو بە ڕۆیشتن دەهاتە ژوورەکەت
لەناو تارماییدا دادەنیشت
ترسی لە چاوانت دەچاند ...!

هەتاو لەگەڵ تارمایی دوو وشەی دژ و پێچەوانەن، کە هەتاو هەڵدێ تارمایی و تاریکییەکان دەڕۆن و نامێنن .. بەڵام ئەو دەڵێ (هەتاو لەناو تارمایی دادەنیشت ..!)، ئاوێزانبوونی هەتاو و تارمایی، دیمەنێکی تابلێی جوان و پارادۆکسێکی سەرکەوتووە .. مەبەست و مانایەکی گەورەشیان لە پشتە . یان لەشوێنێکیتر دەڵێت .

**مارێک لەناو باڵەکانی کۆترێکی دڕەندەدا**

**ژەهری جوانی**

**دەڕشتە ناو خۆشاوی ڕێ**

**شتێکی جوان**

**لەناو ئێوارەیەک دەنووست ...!**

دەبینین لە یەک دیمەن ئەم هەموو وشە و چەمکە ناتەبایانەی بەیەکەوە کۆکردوونەتەوە، (مار و کۆتر، کۆتر و دڕەندەیی، ژەهر و جوانی ..) هەر لە دوای ئەمەدا دەڵێت .

**لەناو دڵێکی نووستوودا هەڵدەنیشتن**

**دیوار و دەرگاو بێدەنگی**

**کوێرانە لە دایکدەبوون ..!**

لە دایکبوونێکی کوێرانە .. ژیان بە دووچاوی کوێرەوە، چ کارەسات و موعاناتێکی جەرگبڕە، گرێی فۆبیاکە لێرەدا دەکرێتەوە ..! ترس لە کوێری، بەردەمی خۆت نەبینی، دەرس لە ڕابردوو و شکست و کەوتنەکانت وەرنەگریت، پلانت نەبێت بۆ ئێستا و داهاتوو، وەک و (نیچە) دەڵێت، کەسانی لاواز و گەمژەکان بۆ مردن باشن ..! ئاخر چ خەمێک لەوە گەورەتر هەیە، تۆ چاوێکت هەبێت بەڵام خۆتی پێ نەبینی، ئیدی/ هەر ئەو چاوەش هەموو دەمێ چاوی تری لەناو بزێ، بەمانای خەلەل و عەیب و عارەکە لە چاوەکە نییە، لە کەسەکە

خـــۆیەتی، تـــرس و فۆبیـــاکەش لێـــرەدایە ..! ئەم شـــاعیرە ئازیزەمان لەگەڵ ئەو هەموو داهێنان و فۆرمە شاز و نامۆیانە، لەناو ئەم هەموو گەمە زمانەوانی و سەرکێشـی و تێپەڕانـدن و بازدانەدا، هێشتا پێیوایە هیچی نەکردووە، یـان هێشـتا هیچـی نەنووســـــیوە، ..؟! چـــونکە لە بنەڕەتـــدا خــــاوەن خەون و پرۆژەیەکـــی گەورەیە ..! وەک شـــاعیرێکی یـــاخی ســـواری ئەسـپێکی سەرشـێت بـووە، بەرەو بەدەسـتهێنانی شـوناس و گەیشـتن بە خەونە گەورەکـانی ڕێگـای تـرس و هەورازەکـانی گرتۆتە بەر، پیاوی گەورەش حەزیان بە پیاهەڵـدان و سـتایش نییە، ئەوە مرۆڤە بچووکەکـانن حەز بە پیاهەڵـدان و ستایشـی بێناوەڕۆک دەکەن، پیاوی گەورە هەمیشە بە چـاوی ڕەخـنەوە لە کارەکـــانی خـــۆی دەڕوانـــێ، (ئەدۆنـــیس) لە دیمـــانەیەک دەڵێـت، (ئەگەر کتێبەکـانی خـۆم چـاپ بـکەمەوە هەنـدێک لە شیعرەکانم جیا دەکەمەوە و چاپیان نـاکەم، واتە لە ئاسـتێکی پێویستی شیعری نین ...!)، بەمانـای هەنـدێک لە شـیعرەکانی (ئەدۆنــــــیس) لەدەرەوەی رووبەری شــــــیعرن، بەڵام ئەو بە تەعبیرێکـــی تـــر وا دەڵێـــت، (فەریـــد زامـــدار)یـــش بە چـــاوی ڕەخنەیەکی تونـد سـەیری ئەزمـوونی خـۆی دەکـات و پێیـوایە هێشــتا هیچـــی نەنووســیوە لە دوابەشـــی (ســـاتەکانی زەبـــری نووسین) دا دەڵێت .

**چەندین ساڵە . هەست بە زەبری**

**نووسین دەکەم**

**چەقۆی نووسین ناخم دەبڕێ**

**بەڵام هێشتا**

**هێشتا هیچم نەنووسیوە**

**هێشتا هیچم لە وشەی پیرۆز**

**نەبەخشیوە**

**هەتا ئێستا چاوی شیعرم**

**ڕامانی خۆی نەپێکاوە**

**هێشتا لە ناونیشانی خۆم**

**لە دووا ناونیشانی شیعرم**

**نەپرسیوە ... !**

هەروەها لە شیعری (بیرەوەرییەکانی مردن) دا، لە دوابەشی شیعرەکە، وەک دەقی (فۆبیا) و دەقەکانیتر، هونەرکارییەکی جوانی لە زماندا کردووە، لە سەر چەمکە دژەکان ئیشی کردووە و پارادۆکسێکی سەرکەوتووی بەرهەمهێناوە و دەڵێ ..

**ئەگەر گەروی برینەکان پڕ دەنگ دەبوو**

**درەختی ژیان**

**لەناو چاوەکانی مردن**

**بێ کۆتایی**

**گەورە دەبوو**

**هەمیشە هەر سەوز دەبوو ...!**

ئەم وێنەیە هێندە واتادارە قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ماناکان بۆ خوێنەر جێدەهێڵین با بە دیدی خۆیان خوێندنەوەی بۆ بکەن، ئێمە هێندەی مەبەستمان پێشاندانی، هونەرکاری لە زمان و لە دەستەواژە و دەربڕینەکان و نوێکاری لە تەکنیک و فۆرمەکانە، هێندە مەبەستمان خوێندنەوە و دەرخستنی ماناکان نییە، بەکورتی مەبەستمانە توانا شاراوە شیعرییەکانی (فەرید زامدار) کەشف بکەین . هەر لە کتێبی (دروست بوون لە شەوی یەک دەقەییدا)، شیعری (شەوی سپی) یش یەکێکە لە شیعرە ناوازەکان، لە ڕووی فۆرمەوە جیاکاری کردووە و تەکنیکێکی سادە بەڵام، جوان .. ! چوار دێری یەکەم .. ژمارەی بۆ ڕیزکردوون، وەک ئەوەی هەر دێرە و سەربەخۆ و جیاواز بن بەڵام لە ڕاستیدا، دێرەکان یەکبەدوای یەک یەکتری تەواو دەکەن و بەیەکەوە دیمەنێکی شیعری ناسک و جوان پێکدەهێنن وەک دەبینین...

١/ بیرچوونەوەت

٢/ زەنگی پڕبوونەوەی ناختە

٣/ پەڕینەوەت لەناو گومانە شکاوەکاندا

٤/ نیوە ڕۆژێکی بێ ئێوارە و
بەیانییەکی بێ جێگایە ...!

زۆر ئاسایی بوو کە ژمارەکانی دانەنابا، بیگوتبا .. (بیرچوونەوەت زەنگی پڕبوونەوەی ناختە ... .)، دانانی ژمارەکان تەنها بۆ جوانکاری و بۆ پێشاندانی فۆرمێک یان دیکۆرێکی نوێیە، کە کاری لەم چەشنەی زۆرە، وەک بەکارهێنانی، لاکێشە و چوارگۆشە و بەکارهێنانی ئەستێرە و هێل و هێلکاری و هەتادوایی .. . لەم شیعرەدا، بە چڕی ئیشی لەسەر گومان کردووە، (فەرید زامدار) بە ئاگا بووە لە تەکنیک و فۆرمی شیعری مۆدێرنە و تەنانەت پۆستمۆدێرنیش، کە ئیشکردن لەسەر گومان یەکێکە لە سیما و پرەنسیپ و پێکهاتەی شیعری پۆستمۆدێرنی، هەر لەو کۆپلە شیعرەی سەرەوە، کە دەڵێ (پەڕینەوەت لەناو گومانە شکاوەکاندا، نیوە ڕۆژێکی بێ ئێوارە و بەیانییەکی بێ جێگایە،،،!) وێنەیەکی شیعری داپۆشراو یان ڕەنگکراو بە گومان .. لە شوێنێکی تری ئەم دەقە دەڵێت .

**خەمە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆت ناسیوە**
**دێوی گومانت بێ شێوەیە**
**کە دەست لە ملی ئێوارە سپییەکان دەکەی**
**ڕووناکییەکەی کوشندەیە ...!**

ئـــێمە بە جـــانەوەرێکی گەورە و زەبەلاح دەڵێـــین دێـــو، مەبەســتییەتی قەبــارە و ڕووبەری گومــانەکە پێشــان بــدات، دەیتوانی بڵێت خەمە ڕەنگـاو ڕەنگەکانـت بە گومـانێکی گەورە دەورە دراون، کە خۆشـــی مەبەســتیەتی ئەوە بڵێــت، بــۆیە دەسـت لە ملـی ئێـوارە سـپییەکان یـان گەیشـتن بە ئێـوارە سپییەکان، ڕووناکییەکەی کوشندەیە، یان بێهـوودەیە، چـونکە خەمە رەنگاورەنگەکـانی بە گومـانێکی گەورە دەورە دراون ... ! لە شوێنێکی تر دەڵێت ..

**شێوەت شەوی ڕەنگاوڕەنگی تیا ون ببوو**

**چاوت دەگرت**

**گوێت لە گومانە سپییەکان بوو**

**گۆرانی شەیتانییان دەکوشت**

**لە ئاتەشگای دیمەنێکی تری مێژوو**

**خۆڵیان بە سووتانت داکرد**

**ئاویان بە مردنت بەخشی**

**دوا گومانی بیرچوونەوەتیان واڵا کرد** ...!

ئەم گومــانە تــا کۆتــایی دەقەکە بەردەوام دەبێـت، خەیــاڵ و بیرکردنەوەکــان نــاجێگیرن، دەقەکە جــوولەیەکی زمــانەوانی زۆری تیایە، خەیاڵی شاعیر لەنیو ڕووبەری تەمەن مەودایەکـی فراوانی داکیرکردووە، سەرتاپای خەیاڵ و بیرکردنەوەکانیش بە

گومـان داپۆشـراون، بەم نائومێـدییەوە کۆتـایی بە شـیعرەکەی دێنــێ و دەڵێــت (زمانــت مێــژووی لەبیرچــوونە، بە ناســینی چاوەڕوانی، کەس گوێی لە ناوی تـۆ نەبـووە ..!) ئەم هەسـتە غەمگینیــیەی نائومێــدی و گومــانە گەورەکەی نێــو دەقەکە، پارادۆکسـێکیان لەگەڵ ناونیشـانی شـیعرەکە (شــەوی سـپی) دروست کردووە ..! بـۆیە شـیعرەکە لە ڕووی خەیـاڵ، زمـان و تەکنیکـی شـیعری و لەڕووی فـۆرمەوەش شـیعرێکی نایـاب و ناسک و جوانە . خوێنەر لەنێو خەیاڵ و وێنەکان دەمێنێـتەوە و بە خێرایی ڕەت نابێت . لە دوا شیعری ئەم کتێـبە بە نـاوی (ئارمیــدە)، بە مانــای (ئــارامگر) دێــت، خــۆی لە خــوارەوە ماناکەی نووسـیوە، کـورتە شـیعرێکە، گەمەیەکـی زمـانەوانی و مۆسـیقایەکی نائـارام، فـۆرمێکی جیـاواز، وشـەکانی پەخـش و پەرش و بــڵاوە کــردوون بە ڕووی پەڕەکەدا، وشـــەکان تەواو تــێکەڵاوی یەکتــری بــوون .. دیمەنێکــی شــیعری جوانییــان نەخشاندووە، بەم شێوەیە ..

**(ئارمیدە)**

دەڕژاو ...

دەکرایەوە ...

دەهات و ...

دەتوایەوە

پێدەبوو

دەکوژایەوە

دادەنیشت و

دەکشایەوە

ڕادەما و ڕادەوەستا

ناوی خۆی لەنێو چاویا دەشاردەوە

دەسووتا و

دادەمرکایەوە

لەگەڵ خۆیدا دەنووست و هەڵدەستا

بە تەنیا بۆ پنچکێک، دادەهاتەوە

بە بووژانەوە لێل دەبوو

بە کوژانەوە، پێدەبوو ..!

لەم کورتە شیعرەدا/ وشەکان و پارادۆکس و تەکنیک و فۆرمەکە خۆیان قسە دەکەن، پێویست بە هیچ کۆمێنت و قسە لەسەرکردنێک ناکات .

**٣/ کتێبی** (**مردنی ئەندازەیی، پەنجە شێتەکانی شەیتان**)

دەتوانین بڵێین (فەرید زامدار)ی شاعیر، لەم کتێبەیدا خۆی دۆزیوەتەوە و بەو ڕێگایەدا دەڕوات، کە خۆی خەونی پێوە دەبینی، بەو شوناسە گەیشتووە کە ئاواتی بۆ دەخواست، لەم کتێبەدا، شیعر و جوانی بەشێوەیەک ئاوێزانی یەکتری بوون،

وەک پەیکەرێــک نــاتوانن لەیەک جیــاببنەوە، هەر لەلاپەڕەی ســەرەتاوە بە نووســینێکی دوو دێـری سەرســاممان دەکـات و دەڵێ ..

خـۆم دۆزیـیەوە، لەســەر شــەقامێکی ســپی بەرامـبەر بەشــەو دەپەڕییەوە

(٧) حەفت جار هەتاو بە ئاقارەکانی شێتیدا سوڕایەوە و تـێم نەگەیشت

لەم دەقە شــیعرییانەی نێــو (مردنــی ئەنــدازەیی) زمــان بە شێوەیەک چڕبۆتەوە، تا ئاستی ئەوەی پێی دەڵێن (تەمـومژ)، کە لە بنەڕەتدا لە هیچ دەقێکی شیعری تەمـومژ بـوونی نیـیە، بەڵکو ئەوە چڕبوونەوەیە لەنێو ڕووبەری زمان، ئەوە شـاعیرانە مــامەڵەکردنە لەگەڵ وشــە و چەمــک و هێمــا و دەســتەواژە شیعرییەکان، ئەوە هەبوونی ئەو هێـز و توانـایەیە بـۆ زاڵبـوون بەسەر زمان دا . (فەرید زامدار)، لەم کتێبەی نەک هەر لەنێو ڕووبەری شیعردایە بەڵکو بەرەو قوڵاییەکـان شـۆڕبۆتەوە، وەک خۆی دەڵێـت، (خـۆی دۆزیـوەتەوە، بەسـەر شـەقامێکی سـپی بەرامـبەر بەشــەو دەپەڕیـیەوە ...!)، واتە ئێســتا بەســەر ئەو شەقامە سپییەدا دەڕوات کە پێشتر نەی دەتوانی پێـی بگـات، یان هەوڵی بۆ دەدا تا پێـی بگـات، بەرامـبەر شـەو و ڕۆژگـارە تاریکەکان دەپەڕێتەوە و جێیان دەهێڵێ، هەر بەڕاستی بەهۆی

دەقە شیعرییەکانی نێو (مردنی ئەندازەیی)، توانیویەتی نەک تەنها ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی جێبهێڵێ بەڵکو، بەوێنەی بازدانێک/ کتێبەکانی (بێناونیشان و ستێکس و دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا) ش جێبهێڵێ ...!، وەک خۆی دەیگوت (من ڕازی نیم بەوەی کەهەیە)، بەڵکو ئەوەی کە هەشە جێیهێشتووە .. لەم کتێبەی لە ڕووی زمان و فۆرمەوە، لەژێر کاریگەری قوتابخانەی (هونەر بۆ هونەر) و، بە دەرەجاتێک (پارناسییەکان) و (سومبولییەکان)یش دایە، وشەکان نەک هەر(لە مانا فەرهەنگی و لە مانا پێشوەختەکان) جیابوونەتەوە و بەڵکو وشەکان وەک تۆپەڵە قوڕێک وان، هەرچۆنی ویستووە ئەوەی لێ دروستکردوون، هەرچۆنی ویستووە وای بەکارهێناون، بەئارەزووی خۆی پڕی کردوون لە گومان، چونکە لای ئەو (هیچ شێوەیەک شێوەی ڕاستەقینەی خۆی، بە تەواوی وەرناگرێ، هەموو شێوەکان ناتەواون ...!)، هەروەها ئەوەشی لەلا روونە کە کردەی داهێنان و نوێگەری، هاوتەریبە لەگەڵ دۆزینەوەی ڕووبەری نوێ و فۆرم و مانایەکی نوێش بۆ وشەکان و چەمکەکان و کۆد و هێمانکان، یان هەر لە سەرەتاوە لە وتاری (چاوەکانی خۆڵەمێش و هەڵەکانی تەماشا) دا لە شوێنێک دەڵێت، (دوای چەندین ساڵ گەڕامەوە ناوچە کاول کراوەکانی پرسیار و سەر

لەنوێ نیشتیمانی وەڵامە شێتەکانی ڕەسم و هێلکارییەکانم شێلاو زمانێکی پێ نەگەییوم خستە سەر لێوی پەنجەکانم ..!)، شێوە ناتەواوەکان، یان زمانی پێنەگەییو ..! ئەمانە خەسلەت و سیمای مرۆڤی یاخین لەهەموو شتێک بە گومانن، لە نووسینەکانییان، لە خۆیان و دەوروبەرییان، لە هەموو شتێک، ئەم هەستی یاخیبوونە لای هەموو شاعیرانی قوتابخانە ئەدەبیەکانی مۆدێرنە هەبووە، **تۆ ناتوانی باس لە نوێخوازی بکەی گەر شاعیرێکی یاخی نەبیت**، تۆ ناتوانی بەراستی داهێنان بکەی ڕەچەشکێن نەبیت، یاخیبوون بەمانای تۆ بە ڕێگایەکدا دەڕۆی کە هەموو کەس ناتوانن پێیدا بڕۆن، یان/ وەک کەسێکی داهێنەر خۆت بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی بوونی خۆت بدەی، تۆ دەست لە پشکۆکانی ئاگر دەدەیت، ئەوانیتر ناتوانن دەستی لێبدەن ..! (فەرید زامدار) لەم کتێبە شیعرییەی دەستی لە پشکۆکانی ئاگرداوە، خۆیی و ئەسپە سەرشێتەکەی بەناو بورکانی زمان و شیعر و داهێناندا ڕەتدەبن . بە جیا لەم هەموو تایبەتمەندییانەی (مردنی ئەندازەیی، پەنجە شێتەکانی شەیتان)، شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش و نامۆ دەبینین، نامۆ لێرەدا بەمانای/ (دژەباو) یان (جیاواز) .. ئەویش (ناونیشان یان تایتلی شیعرەکانە) ..! هەرچەندە لەم لێکۆڵینەوەیەمان بڕگەیەکمان هەیە بەناوی

(شیعر و ناونیشانی شیعری)، بەڵام لێرەدا باس لە دیوێکیتری ئەم باسە دەکەین ئەویش ئەوەیە، (فەرید زامدار) گرینگی زۆری بە ناونیشانی شیعرەکانی داوە، وشەی ناوازە و سەرسامکاری بەکارهێناوە، بەڵام لێرەدا لەپاڵ ئەمانە لە زۆرێک لە شیعرەکان/ ناونیشانەکان وشەیەک نین، یان ڕستەیەکی دوو وشەیی یان سێ وشەیی بەڵکو کۆپلە شیعرێکە .. بەمەش دیوێکی نوێگەری و جیاوازی دەبیندرێ بەرامبەر بە ئەزموونی شاعیرانیتر، بۆ نموونە/ ناونیشانی شیعری یەکەم،

**(دیدگا ئاسمانییەکانی " بافێڵ ")**

**(لەناو پێنجەمین دەقیقەی بیست و پێنجەمین سەعاتدا ..)**

یەکێکیتر/

**ERINYES**

**سەرم، سەری خواوەندی لەبیرچوونە**

**دڵم سەرابێکی بەرین**

**گوڵە شەیاتانییەکانی خولیا، لە ناویا پێدەگرن**

ناونیشانێکیتر/

**مەلە سەرابییەکان لەناو (ئاوی مردواندا)**

**(ئاوێکە لە ئاسمانی دووەمی نیوەی گەمە دۆڕاوەکانم)**

یان ..

**شاییە شێتەکانی ماسی**

**بۆ سبەینێ**

**بۆ ساڵە بزرەکانی سبەینێ**

یان ..

**فەریبا**

**گوڵە دزراوەکانی لەبیرچوون**

**کە خیانەت لە دوێنێم دەکەم**

**بەرائەتی ئەمڕۆم لەبیر دەچێ**

ئەمجۆرە تایتلانە کەمتر لە لای شاعیرانی تر دەبیندرێن، من وای بۆ دەچم/ (فەرید زامدار) هێندە عاشقی نوێگەری و داهێنان بووە، بۆیە ویستویەتی لە هەموو ڕووەکان جیاواز و نوێ دەرکەوێ، نەک تەنها لە چەند ڕووێکەوە،
لە سەرەتای دەقی (دیدگا ئاسمانییەکانی " بافێڵ " دا) دەڵێ/

**لەگەڵ پەنجەکانم ئاشت بوومەوە**
**ئێستا لە کۆشکی ئەم ساتە تێکشکاوییانەدا دەژیم**
**بە نیشتنەوەی باڵە سپییەکانی کاغەز**
**لە ماڵەکانی سێبەر دابەزیم**

**له دەفتەرێکی ژەنگاوی**

**سەفەری سوودەکانی فڕین و چنینی خۆم**

**جارێکی تر خۆم بێ خۆم**

**لەگەڵ خۆمدا گۆڕییەوە ...!**

ئەمجۆرە شیعرانە پێویستە زێتر لە جارێک بخوێندرێنەوە، خوێنەری ئەمجۆرە شیعرانەش دەبێ خاوەن پاشخانێکی باشی زمانەوانی و شیعری بن . ئەگەرنا بە سووکی ڕەت دەبن و بەبێئەوەی هیچ خوێندنەوەیەکیان دەست بکەوێت، چونکە شاعیر بە مەعریفەیەکی قووڵەوە ئەم شیعرانەی نووسیوە، لە نووسینێکیترمان خوێنەری (بێگەرد) مان بەکارهێناوە، لێرەش بە پێویستی دەزانین کە بڵێین، پێویستە خوێنەرەکان خوێنەری بێگەردی شیعری بن ...! ئەگەرنا سەلیقەی خوێندنەوەی ئەمجۆرە شیعرەیان نابێت و ناشتوانن چێژی لێببینن .

له بەشێکیتری ئەم قەسیدەیە دەڵێت .. .

**(هێلکارییەکانی دووەمین لە دایکبوون**

**کۆمەڵێک شەوی لێکتر جیا**

**تێپەڕین بەسەر تەرمی نەمری**

**من و وەرزشی پەنجەکان**

**من و هەمیشەیی لەبیرچوون**

**لاساری پێیەکانی وشە**

**درێژبوونەوەی ماوداکانی پێش سەرەتا ...!)**

هونەرکارییەک لە پێکهاتەی ئەم کۆپلە شیعرەدا هەیە، کە پێهاتووە لە حەوت دێر، هەریەک لە دێرەکان ڕستەیەکی مانادار و سەربەخۆن، هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕستە و دێری دوای خۆیان نییە، وەک ئەوە وایە (حەوت شیعری تاک دێری یان یەک دێری) بن، کاتێک دەڵێین (هێلکارییەکانی دووەمین لەدایک بوون ..!) ڕستەیەکی مانادار و لە هەمانکات وێنەیەکی شیعری، وەک ئەوەی وایە بڵێین (وێنەکانی دووەمین لەدایکبوون ..!)، ئەم دێرە شیعرە هیچ پەیوەندییەکی بە (کۆمەڵێک شەوی لێکتر جیا) دا نییە، کە ڕاستەوخۆ بەدوای ئەو دێت، دوو ڕستەی شیعری و دوو وێنە شیعری تەواو لە یەکتری جیاواز .. . دوای ئەویش (تێپەڕین بەسەر تەرمی نەمری)، شیعرێکی تاکدێری تەواو واتادار و پڕ لە جوانییە، هەموو تاکدێرەکانیتریش بەهەمانشێوە ..! ئەمەش سیمایەک یان پێکهاتەیەکی شیعری مۆدێرنەیە کە باوەڕیان بە یەکێتی بابەت نییە، دەکرێ لە یەک دەقدا/ ڕستەکان و کۆپلەکان و دەستەواژەسکان تەواو سەرخۆ بن، تەنانەت وشە و چەمکەکانیش . ئەمەش بۆ زێتر دەستکراوەیی و دەستەبەربوونی ئازادی شاعیر، بۆ ئەوەی خۆی نەبەستێتەوە

له بازنەیەکی داخراوی بە ناوی (مانا) یان (یەکێتی بابەت) .
هەر لەم دەقەدا، ڕاستەوخۆ بەدوای ئەم کۆپلە تاکدێرە شیعرییانە دا دەڵێت،

**ماچەکانی دووپشک و**
**بە حەرامی چوونە ناو هۆڵی زەمانە**
**زستانییەکانی سەما**
**جارێکی دی**
**ئەزموونێکی خێراتر**
**لە ناوچەیەکی باڵاتر لە مێژوو**
**سەمایەکی تاریک**
**تێکەڵبوونی خەتەرە بزرەکانی خوای ئازاد کرد ...!**

گوتمان لەم دەقانەی ئەم کتێبە شیعرییەی، زمان تا ئاستێکی زۆر باڵا چڕ بۆتەوە، خەیاڵەکانیش قووڵن، وەرگر یان خوێنەریش دەبێ بە ئەندازەی شاعیر قووڵ بێتەوە و ڕابمێنێ، ئەوکات ئەگەر نووزەیەک لە قسەکانی بێتە گوێ یان ڕەنگێک لە ڕەنگی وشەکان ببینێت .. وشەکان هەمەچەشنە و هەمەڕەنگن، ئەم کۆپلە تەواو جیاوازە لە کۆپلە شیعرییەکەی سەرەوەی خۆی، دێرەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بەیەکەوە وێنەیەکی شیعرییان پێهێناوە و دەکرێ خوێندنەوەشیان بۆ بکەین .. بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە

دەڵێت، (ماچەکانی دووپشک ..!)، چ هەستێکی مرۆڤدۆستانە لەم دەربڕینەدا دەبیندرێ .. نەک تەنها دووپشک هەموو زیندەوەر و بوونەوەرەکانیتر بە مرۆڤیشەوە، بێ ویستی خۆیان هاتوونەتە نێو ژیان، هیچ زیندەوەرێکیش بە تاوانباری یان بە مەرجی زیانبەخشی لە دایک نەبوون، ئەوە بە تێپەڕبوونی کات و بەهۆکاری شوێن و بەریەککەوتن لەگەڵ ئەویتر ئەم بەرئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە/ لێرەدا دووپشک هیچ گوناهێکی نییە لەوەی بە زیندەوەرێکی زیانبەخش دەناسرێت یان ناودەبرێت، مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشیارە دەکرێ لە دووپشک نزیک نەبێتەوە و بەریەککەوتنی لەگەڵدا نەبێت، ئەوکات دووپشک زیان بەخش نابێت ..؟! لەم ڕوانگەی ئەم بیرکردنەوە مرۆییانەوە (فەرید زامدار)، پێوەدانەکانی دووپشکی بە (ماچەکانی دووپشک) ناوبردووە، دەربڕینێکە/ پڕە لە شیعرییەت، پڕە لە جوانکاری، پڕە لە هەستی مرۆیی ...! لەم دەقە ناوازەدا لەنێو ڕووبەری زمان سەمای بە وشەکان هێناوە، خەیاڵ مەودایەکی فراوانی داگیرکردووە، بۆ زۆر شوێنی نادیار دەڕوات، چونکە (شوێنی نادیاریش تاریکییەکی مەعریفییە، تازەگەریش ڕووناککردنەوەی ئەو تاریکییەیە نەوەکو گواستنەوەی بێت بە هەموو تاریکی خۆیەوە، بۆناو دەقێک ...!)، شاعیری داهێنەر و نوێخواز/ لە

ڕێگـای قووڵبـوونەوە لە نێـو خەیاڵەکـانی و لە ڕێـگەی گەڕانە سەرکەشـی و یاخییەکـانی، هەرجـارەی سـەر بە شـوێنێکی نادیاری تاریکدا دەکات، واتە شوێنە دیار و ڕووناکەکان نـابیتە شـوێن کاروانسـەرای ئەو، ئەو مەبەسـتییەتی/ لەژێـر ڕۆشـنایی چرای مەعریفییەکەی و هێزی زمانە شـیعرییەکەی، هەرجـارەی شـوێنێک، گۆشـەیەک، لە گۆشـەکانی نێـو شـوێنە نادیـارەکە ڕۆشـن بکـاتەوە و بیخـاتە نیـو رووبەری یەکێـک لە دەقە شـیعرییەکانی، (فەریـد زامـدار) کە شـانی داوەتە بەر کـارێکی قـوڕس و سـەرکەوتن بە هەورازەکـانی داهێنـان و نوێخـوازی، ئەوەی باشـدەزانی کە (**<u>تـازەگەری خسـتنەگەڕی زمـانە بـۆ هەڵکـۆڵین لەنـاو نادیـاردا</u>** ...!)، یـان کـونکردنی شـاخێکی بەردیـنە بە ڕمێکـی داریـنەوە، بەڵام لە توانـا و هێـزی قەڵەمەکەی خۆیشـی گومـانێکی نەبـوو، بـۆیە شـێتانە و بە هەسـتێکی یـاخییەوە ڕێگـای گرتـۆتەبەر و ڕابـردووی خـۆ و ئەوەی کە هەیە ڕەت دەکـاتەوە، چـونکە (ئەوەی کە هەیە) ئەو بە نەبـوون دادەنێـت، گوتمـان پـڕۆژەی داهێنـانیش (لە نەبوونەوە بـۆ بـوون) سـەرهەڵدەدات ...! بـۆیە بە بڕیـارێکی یاخییـانە لە ڕابـردووی خـۆی و لە کـاروانی (ئەوەی کە هەیە) جیـا دەبێـتەوە و بەتـاقی تەنـێ و بە ڕێگـایەکی جیـاواز دا دەڕوات و بە تەنێ بەردەوامی بە ڕۆیـنەکەی خـۆی دەدات .. !

هەوڵیدا لە شوێنە دیارەکانی ئەو شوێنانەی هەموو زۆربەی شاعیرەکانی هاوتەمەنی خۆی لەوێن دوورکەوێتەوە، چونکە (تازەگەری دەرخستنی نادیارە، ئەوەش بە مانای گەشتێکی ڕووناککردنەوە دێت بەناو ئاڵۆزیدا .. !)، (فەرید زامدار) لەم سەفەرە و لەم بڕیارە یاخییەی دا تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو هاتە دەرەوە، لەنێو ڕووبەری شیعر بە بە فۆرم و سیمایەکی نوێ چەندین کتێب و بەرهەمی ناوازەی پێشکەش کردین، (مردنی ئەندازەیی و پەنجە شێتەکانی شەیتان) و دەقە ناوازەکانی ئەم کتێبە، یەکێکن لە بەرهەمی ئەم سەفەری یاخیبوونەی . دەقی (دیدگا ئاسمانییەکانی بافێک)، هەروەک لە کۆتایی دەقەکە هاتووە، لە سلێمانی دەستی بە نووسینی ئەم دەقە کردووە، لە دیمەشق کۆتایی پێهێناوە، واتە کاتێک/ نوختەی بۆ دوادێری ئەم قەسیدەیەی داناوە ئەو لە دیمەشق بووە . بۆیە لە هەندێک شوێن تەعبیری لەم هەستە دوورییە و ئاوارەییە خۆی کردووە، بەڵام بە زمانێکی پڕاوپڕ لە جوانکاری و بە وێنەی ڕەنگینی شیعری، دەڵێت،

خۆم دیتەوە

**لەسەر شەقامێکی سپی**

**بەرامبەر بەشەو دەپەڕییەوە**

**پەڕیمەوە**

**خیوەتی ساڵە مردووەکانم**

**لەناو دوکەڵی**

**جگەرەیەکی ئاوارە هەڵدا ..!**

چەند بە ناسکی و شاعیرانە قسە دەکات، خوینەر پڕ دەکات لەچێژ، هەر لەسەرەتای ئەم دەقە یەکدوو دێری ئەم کۆپلەیەی نووسیوەتەوە، ئێمە خوێندنەوەی ترمان بۆی کرد، ئێستا هەمان وشە و دێر خوێندنەوەی تری بۆ دەکەین، هێزی وشە و هێما و میتافۆر و دەستەواژە شیعرییەکان لەوەدایە کە، چەند مانایەک لە خۆ بگرێت، خۆم دیتەوە لەسەر شەقامێکی سپی، لەسەرەتا خوێندنەوەمان بۆ کرد، خۆی لەنێو بڕیارە نوێیەکەی خۆی واتە، لەنێو رووبارێکی ڕووناکی نوێگەری دەدۆزێتەوە، ئێستاش هەمان دێر لە پەیوەند بە دێرەکانیتر/ ئەو خوێندنەوەی بۆ دەکەین کە، لەنێو رووبەرێکی ئاوارەیی خۆی دەبینێتەوە، لەنێو دوکەڵی جگەرەی ئاوارەییدا، (خیوەتی ساڵە مردووەکانم جێهێشت ..!) دەستەواژە و دەربڕینێکی شیعری دڵگیر و جوانە، فرە ڕەهەند و فرەمانایە، ئیدی لە ژێر خیوەتی ئاوارەیی لەنێو دوکەڵی جگەرەوە، ڕۆدەچێت بەنێو خەیاڵ و یادەوەرییەکانی .. زۆر شتی بیر دێتەوە،

**سەرم پڕە لە خەونە تاریکەکانی ژنێک**

**مەمکەکانی پڕن لە پەنجە بازنەییەکانی من ...!**

ئەد دوو دێرە شیعرەی سەرەوە، تا شیعر و زمان حەز بکەن، پڕە لە جوانی و پڕە لە شیعرییەت و خەیاڵە ڕۆمانسییەکانی ئیرۆسییەت ..! یان هەر بەدەم جگەرە کێشانەوە لە خەیاڵە جوانەکانی بەردەوام دەبێت و ... دەڵێت،

**شەوان هەتاوێکی بچووک**

**سەری دەخاتە باوەشم**

**بە دزی، ئەو ڕێیانە دێتە لام**

**خەم نەتوانێ پیایاندا بڕوا**

**لەگەڵ هەناسەکانی ڕووانینم دەدوێ**

**پێمدەڵێ**

**دەنگ ناوی نییە**

**بەدوای شوێنێکیش دەگەڕێین**

**ڕابردووی تیا نەبێ**

**جگە لە دەنگە بێ ناوەکان، گوێمان لە هیچی تر نییە ...!**

ئیتر ئەم دەقە دەقێکی درێژە، ڕۆیشتنە بەنێو رووبەرە تاریکەکانی نادیار و بە مەعریفەیەکی هەمەلایەنە هەوڵدەدات چەند گۆشەیەک لەم ڕووبەرە نادیارەمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، کۆتاییەکانی ئەم دەقەی درێژەدانە بە جێهێشتنی خیوەتی ساڵە مردووەکان و ڕۆیشتن و بەردەوامبوون لە سەر ڕێگای ئاوارەییدا، لە کۆتایی ئەم دەقەدا دەڵێ،

**له پشت گەیشتنی جێیەکانم دەڕۆم**

**زیاتر له ڕۆیشتنەکان**

**بەرەو دەرەوەی خۆم**

**له ناوچەکانی نیوەشەودا ...!!**

**کوختێک بۆ ئەو سینگە بڕۆنزییانە تێک دەدەم**

**کە رووباری مەمکە سێگۆشەییەکانی، پیادا دەڕوات ..!**

له ڕاســـتیدا ئەم دەقە، پێویســـتی بە خوێنـــدنەوەیەکی هەمەلایەنە، بە هەناســـەیەکی درێژتـــرەوە هەیە، زۆر لایەن و گۆشـەی نادیـاری هەیە پێویسـتە ڕۆشـن بکـرێنەوە قسـەیان لەسەر بکرێت .

له قەسـیدەی (فەریبـا) دا له سـەرەتای قەسـیدەکە، له ژێـر وشەی فەریبادا دەڵێت، کە خوێنەر هەست دەکات بەشـێکە له تایتلی شیعرەکە دەلێت،

گوڵە دزراوەکانی لەبیر چوون

کە خیانەت له دوێنێم دەکەن

بەرائەتی ئەمڕۆم لەبیر دەچێ

له دوای ئەم دەربڕینە و لەسەرەتای قەسیدەکە دا دەڵێت ..

هێشتا زوو بوو، بیرم چوو بوو، کە زانیم

گوڵە ئەفسانەییەکان و منداڵەکانی نووسین

**به جوانییه‌کی نیوه ڕووت بوو**

**بردیانه‌وه**

**له‌به‌ر پێی**

**وڵاته برسییه‌کانی <u>له‌بیرچوونم</u> ڕاکشان**

**زمانێکی نیوه و**

**نوێ دیده‌یان بۆ بینینی شاره‌کانی <u>بیرچوونه‌وه</u>، فێرده‌کردن**

**دوا پارچه‌کانی گه‌ردوونم**

**له‌سه‌رشان بوو**

**دوا ڕووانینه بێ پاشماوه‌کانم**

**له‌به‌ر ده‌کرد**

**<u>بیرچوونه‌وه‌کانی</u> دوێنێم**

**به سبه‌ینێکانم تێ په‌ڕین**

**<u>بیرم چوو بوو</u> ..**

**هێشتا زوو بوو که‌زانیم**

**دایکم**

**دزه جوانه‌کانی خودا، رفاندیان ...!**

**ده‌قی (فه‌ریبا)، ده‌قێکه پڕپیه‌تی له شیعرییه‌ت، له‌گه‌ڵ هه‌موو وشه جوانه‌کان و گۆشه گه‌شاوه‌کانی ئه‌م ده‌قه، هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه وشه‌ی (له‌بیرچوونه‌وه) زۆر سه‌رنجی ڕاکێشام، دووباره‌کردنه‌وه‌ی تا ئه‌و ئه‌ندازه‌یه زێتر سه‌رسامی کردم و لام**

جێگای ڕامان و پرسیار بوو، ئاخر ئاسایی نییه له کۆپله شیعرێکی یەک لاپەڕەیی (حەوت جار)، وشەیەک دووبارە بکەیتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ مەلەلیەک و ناشازییەک دروست بکات .. بەبێ ئەوەی له دووبارەکردنەوەیدا خوێنەر بیزاربکات، یان شێوان له سیمای فۆرمەکە دەربکەوێ .. ئەوە دەزانم دووبارەکردنەوەی وشەکان/ تەکنیکی شیعرییە و له دەورانی مۆدێرنەتەوە لەپاڵ گەمەکردن بە زمان و جێگۆڕکێی چەمک و دەستەواژەکان، شاعیران دەستییان بۆ بردووە، بەڵام، ئەوەی (فەرید زامدار) کردوویەتی لەم کۆپله شیعرەیدا زیاد له پێویست بووە، واتە له دەرەوەی بازنە و سنووری بەزاندووە .. تا ئاستێکی سەرنجڕاکێش ئەم وشەیەی دووبارە کردۆتەوە .. خوێنەر ئەوەی لەلا دروست دەبێ کە شاعیر، هەست بە گوناهێکی گەورە بکات، ئەسەف بۆ ڕابردووی خۆی بخوازێت، کە زۆر شتی گرینگ هەبوو، دەبوو بیانکات بەڵام، ئەو بیری چووبوو کە بیریان لێبکاتەوە، یان خوێنەر هەستی بۆ ئەوە دەچێت کە خوانەخواستە شاعیر نەخۆشی لەبیرچوونەوە (ئەلزایمەر) نەبووبێت کە، لەم دەقە شیعرییە موعاناتەکانی لەگەڵ ئەم وشەیە دەربڕیوە، دیارە له زۆر شوێنیتری دەقە شیعرییەکان ئەم وشەیە بەرچاو دەکەوێت، هەر بۆ نموونە، له دوا دێرەکانی قەسیدەی (نارسیس) دەڵێت، (له زەمەنی

ئاسایی تێدەپەڕم، بیر لە هیچ ناکەمەوە، مۆسیقایەکی نوێ، بۆ گەمەکانی، لەبیرچوون، بۆ لەبیرچوون .. دەگوازمەوە ناو زەینی بیرچوون ..!) لەم دووسێ دێرەش دەبینین، چ گەمەیەکی بە وشی (بیرچوون) کردووە خۆی دەڵێت، (بۆ گەمەکانی لەبیرچوون ...!)، بەهەرحاڵ ئەم وشەیە هەر هۆکارێکی لەپشت بێت، دەروونی بێت یان شیعری، دواجار وشەی (لەبیرچوونەوە)ش وشەیەکە دەکرێت شاعیر سوودی لێ ببینێت و لە چوارچێوەی گەمە زمانەوانییەکانی دا بەکاری بهێنێت .

قەسیدەی (ئاوێنەکانی نارسیس)

شاعیر لەسەرەتای ئەم قەسیدەیە دەڵێت/،

**جارێکی دی ..**

**لەودیو بیرەوەرییە نەمرەکانم گەڕامەوە**

**زانیم**

**هێزی قسەکانم**

**لە هێزی بێدەنگیم دایە**

**بیابانی ژوورەکانی پێکەنین و عیشقی دیتن و تەماشا**

**ڕاوەستان لەبەردەم چاوەڕوانییەکانی، چاوەگریاوەکانی چاوی شەوان**

**قسەکانی سەمایەکی ئاگرین**

**لەناو سەدای دەنگە ئاهووتییەکانی سەرێکی ئاسمانیدا ...!**

لە سەرەتا با لە تایتلی شیعرەکە قسە بکەین، نارسیس یان نارسیسەس، لە ئەفسانەی یۆنانی کۆندا هاتووە و بەم شێوەیەیە، کە نارسیس لاوێکە تابلێی شۆخ و شەنگ و جوانە، ڕۆژێک لەکەنار ڕووبارێک لەنیو ئاوەکەدا شێوەی خۆی دەبینێت، سەرسام و شەیدا دەبێت بە جوانییەکەی خۆی، ئیتر ناتوانێ ئەوشوێنە جێبهێڵێت، هەر سەیری خۆی دەکات تا لەوێدا ڕەق دەبیتەوە و دەمرێت، لە شوێن ئەودا (گوڵە نێرگز) دەڕوێت و هەموو ساڵێک بە یادی نەرسیس لەوکاتەدا، گوڵە نێرگزەکان سەر دەردێننەوە ..! ئەویش سوودی لەم ئەفسانەیە بینیوە و بۆ نووسینەوەی (نەجسییەت) .. (فەرید زامدار)یش بەهەمان شێوەی (فرۆید)، سوودی لەم چیرۆکە یان ئەفسانەیە وەرگرتووە و قەسیدەیەکی جوانی لەژێر گاریگەری ئەم چیرۆکە نووسیوەتەوە، دیارە (نەرجسییەت یان خۆشەویستی بۆ خود)، هەستێکی ئاساییە لەلای هەموو کەسێک، یان بەمانایەکی تر/ هەموو کەسێک بە دەرەجاتێکی ئەم هەستەیان هەیە، ئێمە لە وتارێکی وەرگێڕدراو دواتر بڵاوکردنەوەی لە شێوەی/ نامیلکەی گیرفان بەناوی (نەرسیسیزم)، باسی ئەم چەمکە و هەموو ڕەهەندەکانی پەیوەند بەم چەمکەمان ڕوونکردۆتەوە، لەوێدا دەڵێت، (بە

شێوەیەکی گشتی نەرجسیەت ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە بیر و هۆشیان بۆ هەمیشە لەلای خودی خۆیانە و خۆیان لە سەرووی کەسانی ترەوە دەبینن .. !)، هەر لەم لاپەڕەیەی ئەم نامیلکەیە دا هاتووە، (تیۆدۆر ڕۆبین) ی دەروونناس و نووسەر دەڵێت، (کەسی نەرجسی لە دنیای تایبەتی خۆیدا دەژی و پێیوایە هەموو دونیا هی ئەوە ..!)، دیارە تا ئێرە هەموو شتەکان و هەستەکان ئاساییین، واتە خۆشەویستی بۆ خود، هەستکردن بە سوپەرمانی خود، یان بینینی خود لەسەرووی کەسانیترەوە، ئەمانە ئاساییین بەڵام، بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵ و ڕۆیشتنی ئەم هەستە و بەزاندنی سنوورەکانی ئاسایی، کە پێی دەڵێن، (نەرجسیەتی دەروون نەخۆش یان نەرجسیەتی گومانکردوو)، گەیشتن بەم شوێنەش، دیاردەیەکی مەترسیدار و نەخۆشی دەروونی لێدەکەوێتەوە و لە ئاسایی دەردەچێت و دەبێتە حاڵەتێکی نائاسایی، وەک ئەوەی دیکتاتۆرەکان زیاد لە پێویست خۆشەویستییان بۆ خود هەیە تا ئاستی (خۆپەرستی) و ڕەشبوونەوەی ئەوانیتر، بۆیە کاری مەترسیدار ئەنجام دەدەن، وەک جەنگی گەورە و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و جینۆساید و ... . خۆشیان بە تاوانبار نابینن ..! بەڵام (فەرید زامدار) سوودی لە بارە ئاساییەکەی نەرجسیەت وەرگرتووە، هەروەک

له سەرەتای شیعرەکە دەڵێت، (بیابانی ژوورەکانی پێکەنین و عیشقی دیتن و تەماشا، ڕاوەستان لەبەردەم چاوەڕوانییەکانی، چاوە گریاوەکانی چاوی شەوان)، عیشقی دیتن و تەماشا، هەر بەو دەربڕینەوە دیارە سوودی لە چیرۆکەکەی یۆنانی کۆن وەرگرتووە و هێندە بەلای ڕەهەندە دەروونییەکان شۆڕ نەبۆتەوە، هەر لەم کۆپلەی سەرەوە، دەربڕینێکی شیعری جوانمان بۆ دەنووسێت و دەڵێت، (زانیم، هێزی قسەکانم، لە هێزی بێ دەنگیم دایە ..!)، ئەم دەربڕینە پڕە لە شیعرییەت و واتایەکی جوانیش دەگەیەنێت، بەمانای مەرج نییە هەموو شاتەشات و هاتوهاوارێک لە قسەکردن، یان زۆرگوتنی مانای زانین بێت، هەندێجار بێدەنگی گەورەترین زانینی تیایە . شتێکی سەیر لەم دەقەدا/ لە ناوەڕاستی دەقەکە وێنەی لاکێشەیەکی کردووە، تیایدا نووسیویەتی/ (NARCISSUS) نارسیس لاوێکی جوان بوو، هێندە لە ئاوێنە ئاوییەکانی ڕووبار، لە خۆی ڕاما، عەشقی خۆی بوو، خوا مردانی و کردی، بە گوڵە نێرگز، (گریک) ...!) ئیتر دەبینی لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەفسانەیە دا، لەم دەربڕینە شیعرییەی خوارە باسی ئەوە دەکات، کە لەبەر سەیرکردنی خۆی و عەشقێک بۆ جوانییەکانی خۆی ناتوانێ ڕووبارەکە جێبهێڵی و هەست دەکات لەنا خاکی هەتاو خۆی بچێنێ و تا بۆ هەتاتا

**بمێنێتەوە و دەڵێت ... !**

**لەناو پەرداغە شکاوەکانی بۆشایی**

**شەوە سەر هەڵگرتووەکانی سەریان بارکرد**

**واز لە ڕوخساری خۆم دێنم**

**ڕوو لە جەستەی خۆم دەکەم و**

**تەماشای ڕووەکانی تری ئاو دەکەم !**

**دەمدیتن**

**شاری (دیس) جمەی دەهات**

**مەمکە نەنووسراوەکانی خۆیان دەژمارد و بێ ڕاسپاردە**

**جەستەکانییان**

**بە بیرەوەریەکانی شەو دەسپارد**

**خۆیان لە نوێ**

**لەناو خۆڵی هەتاوە هەڵنەهاتووەکان دەڕواند و**

**دەستە بێ سێبەرەکانییان لەناو گوڵەکانی خۆڵەمێش**

**دەچاند ...!**

دەستەبەر بوونی مانایەکی تر، یان گێڕانەوەی ئەفسانەیەک بە زمانی شیعری و لە ڕووبەر و ڕەهەندێکی فراواندا، ئەوەش خۆیلەخۆیدا توانایەک و هێزێکی زمانەوانی پێویستە .

- **چیرۆکە شیعری** (**جەژنی مردن**) ...!

ئەم چیرۆکە شیعرە بەزمانێکی شیعری بە فۆرمی چیرۆک نووسراوە، (فەرید زامدار) لەم دەقە داهێنانێکی جوانی کردووە، فۆرمێکی جیاواز، وەک هەمیشە لە دەرگای شتە نامۆ و دژە باوەکان دەدات .. ئەم دەقە چیرۆکە شیعرییە، لە شێوەی گفتوگۆیەکە لەنێوان کەسێک و دەنگێکی نادیار دا، دەشێت کەسەکە خۆی بێت یان هەر کەسێکی تر، بەڵام، پێدەچێت کەسەکە خۆی بێت واتە (فەرید زامدار) شاعیر، یان (ئەوی شاعیر) بێت، لەگەڵ دەنگێکی نادیار ..، یان دەشێت دەنگە نادیارەکە (ئەوی شاعیر) بێت .، هەروەک لەم پەرەگرافە دەبینین .

دەنگێک لە دەرەوە : ڕۆمانێکم خوێندەوە، بەڵام ئەوان تێنەگەیشتن ..

ئەو : ئەی تۆ نالێی ئەگەر ڕۆژێک شتێک نەنووسم ئەورۆژە ڕۆخەکانی شەوی نووسین داگیر دەکەم

دەنگەکە : وتومە ئەگەر شتێکیش نەخوێنمەوە، نووسین لە ئاوڕنەدانەوەیەکی شێتانە دەچێت، ئێستا لە پرۆژەیەکی نوێی خەیاڵی کاردەکەم دەمەوێت سیما نوێیەکانی شیعر بگۆڕم ..!

لەم پەرەگرافە باسی دونیا ئەفسوناوییە سەراسیمەکەی نووسین دەکات، نووسین ئاوڕدانە و بیرکردنەوەیەکی شێتانەیە، بەڵام نووسین بەبێ بنەمایەکی مەعریفی و

خوێنـــدنەوەی بەردەوام کـــارێکی نارێــک و بێهـــوودە و کـــات بەهەدەردان دەبێت ..! لەم چیرۆکە شیعرییە، (ئەوی شاعیر) لە ڕێــــگەی دەنگێکــــی نادیـــارەوە، لاپەڕەی دەفـــــتەرە مەعـریفییەکەی خـۆی هەڵـدەداتەوە، یـان ئەو شـتانەی لەنـاو هەستی لاشعورییان ماوەتەوە باسییان دەکات و کۆڵەکەی ئەم چیرۆکە شیعرییەی لەسەر داڕشتوون، وەک دەبینین .

باســی (دۆرا) دەکـات .. ژنە جـوانەکەی (ڤۆرســی) .. .کە هەمـوو وتارەکـانی بـۆ ژنەکەی دەنووسـێت، یـان (بـرادەری زەریف) چیرۆکەکانی (مۆباسان) ..

یان باسی (لۆدۆڤیل)، ئەو منداڵە بێتاوانەی دایکێکی دڕنـدەی بێتاوان و (٣) باوکی دڕندەی هەبوو، تا تەمەنـی (١٦) سـاڵی بەدوای خۆیی و ئەواندا گەڕا . یان باسی (مەم حەمدی ئـازاد و سـەلیم بەرەکـات) ی شـاعیر دەکـات . یـان باسـی کەسێک دەکات کە عەشقی دایکیەتی/

ئەو : (لۆدۆ) عەشقی جەستەی دایکی بوو وای دەزانـی دەبـێ هەم دایکـی بـێ و هەم هاوسـەری ! لێـرەدا دەبینـین لەژێـر کـــاریگەری بیـــرۆکەی (کوشـــتنی بـــاوک) دایە، کە لەلایەن (فرۆید) نووسراوە، لەم چیـرۆکە شـیعرە و لە زۆر شـیعری تـر (فەرید زامدار) لەپاڵ گرینگـی دان بە خـود، گرینگـی زۆریـش بە ئەوانیتـــر دەدات، ئەمەش بە پـــێچەوانەی (هەنـــدێک) لە

شاعیرانی (مۆدێرن)، که هەستکردن بە کۆمەڵگە و ئەوانیتر شتێکی، یان هەرجۆرە هەستێکی دەروونی لەنێو شیعردا شتێکی پڕوپووچە ..! بەڵام (فەرید زامدار) بە ڕوونی لەم چیرۆکە شیعرییە لە شوێنێک دەڵێت،

ئەو : کەی لەگەڵ خۆت ئاشت دەبیتەوە،

دەنگەکە : تا لەگەڵ تەڕایی بن بەردەکان و ئەوانیتر ئاشت نەبمەوە، لەگەڵ خۆم ئاشت نابمەوە،

واتە مەرجی ئاشتبوونەوە لەگەڵ خۆی ئەوەیە کە، لەگەڵ ئەوانیتر ئاشت بێتەوە، ئەم هەستەی بۆ ئەوانیتر یان پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانیتر لە زۆر دەقە شیعرییەکانی رەسم کردووە، بۆ نموونە لە قەسیدەی (قەبرەکانی ئاو) دا دەڵێت ..

**خۆم پشکنی**

**پڕبووم لەوان**

**چۆڵ بووم لە خۆم ...!**

چ هەستێکی جوان و ئینسانی دەردەبڕێت، خۆی پرە لەوانیتر بەڵام چۆڵە لەخۆی،، ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ژیانی داناوە یان بەسەر بردووە، لەپێناو ئەوانیتر و لە پێناو مرۆڤایەتی، چەند شاعیرانە لە وێنەیەکی جوانکاری شیعری هەستە بێگەردەکانی خۆی دەربڕیوە .. ؟!

دوا دەقــی ئەم کتێــبە، واتە دوا دەقــی (مردنــی ئەنــدازەیی و پەنجە شێتەکانی شەیتان)، کورتە شیعری (دوکەڵی گـوڵ) ە، دەمانەوێــت خوێنـــدنەوەیەکیش بـــۆ ئەم دەقە بکەیـــن وا لە خوارەرەوە دەقەکە دەنووسینەوە .. .

- (**دوکەڵی گوڵ**)

**بۆ هەڵەبجە**

**ژێر زەمینە، هەناسەییەکانی دوکەڵێکی پەمەیی**
**پڕ بوو**
**لە هەتاوە چاوشینەکان**
**پڕ بوو ..**
**پڕ بوو ..**
**لەناوە بێ بۆنەکانی ژەهرە دۆڕاوەکان**
**پەپوولە رەنگ ئێوارەییەکانی ئاسمان**
**بێدەنگ بوون**
**تەیر و تواڵی ژێر زەمینەکانی سێو**
**لەناو ئەستێرە**
**چاو کاڵەکانی پرتەقاڵ ڕاکشان**
**چاوە بێ ڕەنگەکانی ئەهریمەن کرانەوە**
**ڕوانینە بچووکەکان فڕین**

**گوڵە چیاییەکانی ئێرە لە گۆرانییە بەهارییەکان**
**تۆران**
**جەستە کەسکەکانی باران**
**پڕبوون .. پڕبوون**
**لە بێدەنگییەکانی زمان**
**پڕبوون ..**
**لە هاواری خۆڵ و درەختی شێت .. هاواری خاک ..!**

لەم لێکۆڵینەوەم لە بڕگەی (شیعر و ناونیشانی شیعری)، قسەمان لە (دوکەڵی گوڵ) کردووە، کە ناونیشانێکی پارادۆکسییە پڕاوپڕە لە جوانی .. وایە ئەگەر هەستە مرۆییەکان و بەها مرۆییەکان لە شیعر و ئەدەب جیابکەیتەوە، تەنها کردەیەکی زمانەوانی ڕووت دەمێنێتەوە .. کە بە بڕوای ئێمە ئەدەب و شیعر هاوتەریبن لەگەڵ جوانی و بەها مرۆییەکان .. (فەرید زامدار) زۆر بە ڕوونی لەم دەقە شیعرییەی ئەم ئامانجەی پێکاوە، جگە لەوەی ناونیشانێکی تابلۆیی شیعری و ناسک و پڕ لە جوانی هەڵبژاردووە، ناوەڕۆکەکشی پڕە لە هەستی ئینسانی و مرۆڤدۆستی .. کە لە دیمەنێکی کورت و لە هەناسەیەکی کورت دا، زۆر قسەی کردووە و زۆر وێنەی کێشاوە،

باس لەوە دەکات کە لە شوێنێکی ئەم گەردوونە کۆمەڵە مرۆڤێکی بێ گوناه لەژێر گەرمایی هەتاوە چاوشینەکان وەک پەپوولە ئێوارەییەکانی ئاسمان خەریکی ژیان بوون .. ئیتر کەسە بێ هەستەکان و کەسە دۆراوەکان بۆنە ژەهراوییەکان بەکاردەهێنن، ئەو مرۆڤانە و تەیر و تاڵ و پەپوولەکان لە هەناسەدان دەکەون و پڕ دەبن لە بێدەنگییەکانی زمان و نامرۆڤانە ژیانیان لێ دەسەننەوە، لەگەڵ ئەم کارەساتە تراژیدییە خەمناکە، گوڵە چیاییەکان لە گۆرانییەکانی بەهار دەتۆرێن و ئەمناوەش پڕ دەبێ، لە هاواری خۆڵ و درەختی شێت و هاواری خاک ...!

- **کتێبی** (**ئەنیما مۆندی**)

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە دەقێکی درێژ .. نزیکەی چل لاپەڕەیەک دەبێت، (فەرید زامدار) لە پڕۆژە شیعرییەکەیدا، مەبەستی بووە هەموو فۆرمەکان تاقی بکاتەوە، (ئەنیما مۆند) یش، وەک ناونیشانەکانیتر، سەیر و نامۆ و سەرنجڕاکێشە . وەک خۆی ماناکەی نووسیوە، بە مانای (ڕۆحی جیهان) دێت .. لە پشتی ئەم ناونیشانەوە زۆر ڕەهەند و مانا خۆیان شاردۆتەوە .. هەروەها لەسەر بەرگەکە نووسیویەتی،

زمانێکی شێت

له زەمەنێکی بێ زماندا ...!

دەربرینێکی شیعری جوان و واتادار .. مەبەستییەتی بڵێت/ لەم دەقە زمانی شیعر پڕاوپڕە لە ئیستاتیکا و لە ئاستێکی بەرزی داهێنان دایە و لە زەمەنێکی مردوو و بێ داهێنان ..! خۆی کەسێکی ناڕازی و یاخییە بە ئەدەبی سەردەمی خۆی، دەیەوێت خۆی جیابکاتەوە لەو کاروانەی کە کیسەلیانە بە ڕێگای داهێناندا دەڕوات .. (ئەوی شاعیر)، ئەو جۆرە ڕۆییینە و ئەم دنیابینییەی ئەوان بۆ شیعر و داهێنان بە بێ زمانی ناو دەبات، ئەو خۆی جیا دەکاتەوە لەو کاروانە و دەیەوێت بوونێکی کاریگەری هەبێت، لە شەڕە قورسەکانەوە دەست پێبکات و بەسەر هەورازە سەختەکان هەڵگەڕێت ..چونکە ئەو دەزانێت، (تازەگەر بەو مانایە دێت کە لە کۆی بنیادەکە دابڕێت، دابڕانیش لیرەدا بە مانای گۆشەگیری نایەت و مانای بێئاگایی ناگەیەنێت، بەڵکو جۆرێکە لە جیابوونەوەی هۆشیار لە پێکهاتەیەک کە وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی پێنییە، لەبەر ئەوەی تازەگەر بۆچوونی خۆی لە بۆچوونی پێشخۆی داناتاشێت ..!)، بەو مەبەستەوە، هەر لەسەرەتای کتێبەکە لەژێر وشەی (ئەنیما مۆندی) دەنووسێت،

(جیابوونەوەیەکی ترە لە ناوجەکانی تری شیعر، دەقێکی هێرش بەرە ...!)، بەمانای زمانی دەق زمانێکی کاریگەر و

داهێنەرانەیە .. لە لاپەڕەکانی سەرەتا وتارێکی مانیفێست ئامێزی نووسیوە، بە ناوی (ئەسینا پالاس لە سەمایەکی دەمامککراودا ..!)، لە بڕگەکانی تر باسی هەندێک لە بۆچوونەکانی نێو ئەم وتارەمان کردووە، لێرەدا باسی هەندێک گۆشە و لایەنی تری ڕوانین و بیرکردنەوەکانی بۆ شیعر باس دەکەین، بۆ نموونە/ (شیعر بە چاوێکی تری مۆسیقا) دەزانێت، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە مۆسیقاش وەک شیعر کاریگەری بەسەر ڕۆحی مرۆڤەکانەوە هەیە و هەمیشە لە ڕێگای بەرهەمهێنانی جوانیدا چێژ بە مرۆڤەکان دەبەخشن و ڕۆحیان ئارام دەکەنەوە، یان/ لە وەسفی عەشق و خۆشەویستیدا دەڵێت، (لە کاغەزیترین خۆشەویستیدا ژیام، پارچەیەک لەو ماسیە سپیە بوو، جەستە دێرینەکانی سروشتی ناسی هەموو کاتێک ئامادەی لەناوچوون نەبوو، ئەو سێبەرانە هەموویان منن و تەماشای من دەکەن ..!) .

لە شوێنێکی نێو قەسیدەکە لە هاوتەریب بوونی شیعر و جوانیدا دەڵێت،

**جوانییە نهێنییەکان دەشکێنم**
**جوانتر لە جوانیدا پڕ دەبن**
**لەو ژیانە دەکشێمەوە**
**ئەگەر لەگەڵ نهێنییەکانی**

**جوانی نەژیم**

**جەستەی ژنێکی مردوو**

**لەناو جەستەمدا لەخەو**

**ڕادەبێ ..!**

ئەو لەنێو رووبەری شیعر و داهێنـان و نوێگەریـدا، هەوڵـدەدات بەرەو قوولاییەکان بڕوات، لە هەر دەقێکدا دەیەوێت ئاستێکی بەرز لە جوانی بەرجەستە بکـات، ئەو پێیـوایە لە ئاکامی ئەم بەرجەسـتەبوونی جـوانییە، شـیعر چـاوێکی تـری مۆسـیقایە، شیعر بەجۆرێک لەگەڵ جوانی هـاوتەریبە کە ئەگەر لە جـوانی دوور کەوێتەوە جگە لە جەستە و دەقێکی مردوو هیچیتری لێ نامێنێتەوە، جوانیش لەنێو ڕووبەرە نادیارەکانە، دەبێ بیگـاتێ و بە چـرای زمـان ڕووناکیـان بکـاتەوە، نهێنیەکـانی جـوانیش کەشف بکـات . جـوانتر لە جـوانی پێشـانییان بـدات، پێیـوایە ئەگەر لەنێـو دەقەکانیـدا جـوانی بەرهەم نەهێنـێ، یـان ئەگەر لەگەڵ جوانیدا نەژیت ئەوا لەنیـو جەسـتەی خۆیـدا هەسـت بە بـوونێکی مـردوو دەکـات . لە شـوێنێکیتری ئەم دەقە باسـی پەیوەندی خـۆی و عەشـقی خـۆی بە ژیـان و دونیـا دەکـات و دەڵێت،

**شێتانە حەزم لەو جیهانەیە**

**کە نییە**

**زەمەنە شوشەییەکان دەشکێنم**

**دەگەڕێمەوە**

**شوێنە سڕاوەکانی زەمەنی سفر**

**بۆنی شیعرێکی شەڕاوی دەکەم**

**بە خۆڵێکی کفراوی**

**بم نووسێ**

**ماڵێک لە خەونەکانی ئەوێم**

**لە بەهەشتەکانی مردن چێدەکەم ...!**

لەسەرەتای ئەم کۆپلە شیعرەی دەڵێت/ شێتانە حەزم لەو جیهانەیە، کە نییە ..! ڕستەکە تۆزێک سەیر دێتە بەرچاو بەڵام، خۆی دەزانێت دەیەوێت بڵێت چی ..! دەیەوێت بڵێ/ ئەوەندە حەز بە ژیانێک دەکات کە لەو جیهانە بوونی نییە، هێشتا نەهاتۆتە بوون، حەز بە دنیایەکی تر دەکات، دونیایەکی باشتر، شایستە بە گەورەیی مرۆڤ، دونیایەک پڕ لە بەختەوەری و پڕ لە جوانی .. یان دەیەوێ بگەڕێتەوە، شوێنە سڕاوەکانی زەمەنی سفر، دەیەوێت بگەڕێتەوە سەرەتا و لە سفرەوە دەستپێبکاتەوە، بەو شێوەیەی ئەو دەیەوێت جیهان دروست بکاتەوە . بۆنی شیعرێک دەکات کە لەنێویدا، بۆنی خۆڵی ئەو خاک و شوێنەی لێدێت کە خەونی پێوە دەبینێت . لە شوێنێکی تری ئەم دەقە باسی پەیوەندی خۆی

و شـــیعر دەکـــات کە ئەم هەمـــوو تەمەنەی خـــۆی بە شـــیعر بەخشیوە و دەڵێت،

**لەگەڵ ئەو سێبەرانە قسەم کرد**
**کە لەوەتەی هەن سێبەری**
**منن لە بزربوون**
**جانتایەک پڕ لە تاریکیم**
**هەڵگرت**
**چەند ساڵە خۆم لەناو**
**قەڵەمێکی پڕ لە دیدگا**
**پڕ لە ڕوانین**
**لە ماڵی دوورترین خەیاڵ**
**هەڵگرتووە ...!**

باسی ڕابردووی خۆی و شیعر دەکات، تەمەنێکی دوور و درێژ، بە وێـنەی درەخـت و سـێبەر لەیەکەوە نـزیکن و مانـا بەیەک دەبەخشــن، لەگەڵ ئەو ســێبەرە قســە دەکــات و لەنێــو ئەو ســێبەرە دەژیــت، لەگەڵ خەون و خەیــاڵە قووڵەکــان، لەگەڵ نهێنییەکانی شـوێنە نادیارەکـان، بـۆ ئەم مەبەسـتەش خـاوەن قەڵەمێکی پڕ دیدگا و ڕوانینە دەقەکانی لە شوێنە نادیارەکانی دوورترین خەیاڵ بەرهەم دەهێنـێ . لە بەشـێکیتری ئەم دەقە، باسی شتێکی گرینگمان بۆ دەکات، هەست کردن بە خودا یان

کەسـیکی نزیـک لە خـودا .. زۆرێـک لە شـاعیرە داهێـنەر و نوێخوازەکـان ئەو بیرۆکەیـان هەیە، چـونکە شـاعیری نوێخـواز داهێـنەرە واتە خـالیقە، شـتی نـوێ بەرهەمـدەهێنێ، ئەوەش سیفاتی خوداوەندەکانە، ئەوەتا خۆی دەڵێت ..

**خودا**

**لە هەموو شوێنێک دەژی**

**ئەوانەی بەدوامدا دەگەڕێن**

**من لە هەموو شوێنێکدا هەم ..!**

مەبەسـتییەتی بڵێـت/ مـن وەک خـودا لە هەمـوو شـوێنێکم و ئاگـاداری هەمـوو جـوولّەیەکم یـان لە دێرەکـانی دوای ئەوە، دەیەوێت وەک پەیامبەرێک بە تایبەت وەک مەسیح قسە بکـات و دەڵێت،

**بڕۆن**

**لە ژوورەکانی بەختەوەری**

**ئەولاو ئەوێ بێ جێ**

**بژین، بنوون**

**خۆتان لە ترسەکانی خاک و**

**ژیان**

**ئازاد بکەن**

**هەموو ڕۆژێ بەیانییان**

**گوێ لە سروودی فریشتەکانی**

**ئاسمان بگرن**

**هەتاو لەناو رووبارە شینەکان**

**نەبێ نانوێ**

**لەناو سێبەرە خوارەکانی**

**خاچ نەبێ نانوێ ...!**

ئەو هەستەش بۆیە لەلای شاعیران دروست دەبێ کە/ **شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و شاعیریش گەریدەیەکی گەردوونییە ...!** لە رێگای خەیاڵە قووڵەکانی، دەستی بە هەموو شوێنە نادیارەکانی ئەم گەردوونە ڕادەگات . ئەوەتا بە ئاشکرا ئەم بوونە گەردوونییەی خۆی بەیان دەکات و دەڵێت،

**لە هەر شوێنێک**

**کۆتاییم بێت**

**لە ناوچەیەکی تر**

**سەرەتایەک**

**دەمدۆزێتەوە**

**من بێ خۆم لە نیوان هەردوولادا**

**لەزەتی ڕۆحێکی**

**بێ کۆتاییم هەڵبژارد ...!**

مرۆڤە داهێنەرەکان نامرن، گەر جەستەشیان لە جووڵە

بکەوێــت، ئەوە جەســتەی (فەریــد زامــدار)ە نەک (ئەوی شــاعیر)، (ئەوی شــاعیر) بە نەمــری لەنێــو دەقەکــان و داهێنانەکـانی دەمێنێـتەوە، گەر لەشـوێنێک کۆتـایی بێـت لە ناوچەیەکی تر سەرەتایەک دەیدۆزێتەوە، شـاعیر گەریـدەیەکی گەردوونیـیە وەک خوداوەنـد بـوونێکی سـەرمەدییانەی هەیە . ئەم بوونە سەرمەدییەش لە بیرکردنەوە و فیکر ئیش دەکات و درێژە بە بەردەوامـی دەدات، شـیعر پێکهـاتەیەکە لە هەسـت و خەیاڵ و خەون، هەموو ئەمـانەش لە ژێـر ڕۆشـنایی فیکـر دان واتە، مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە هەست و زۆز و عەقڵ، نە هەسـت بەبـێ عەقـڵ بـوونێکی تەندروسـتە، نە عەقـڵ بەبـێ هەسـت و ســۆز .. هاوکێشــەیەکە و یەکتــری تەواو دەکەن، بــۆ ئەم مەبەسـتەش (فەریـد زامـدار)ی شـاعیر لە وێنەیەکـی جـوان و ناسک ئەم هاوکێشە ی نێوان هەسـت و عەقـڵ بـاس دەکـات و دەڵێت،

**دووجار بیرم کردەوە**
**جارێک بە نیوەکەی تری بیرم و**
**جارێکیش بە نیوەکەی تری دڵم**
**هەر بە نیوەیی بیرم کردەوە**
**ژوورەکانی بیرکردنەوەم**
**پڕبوون**

**له تابلۆ تەواو نەکراوەکانی**

**سبەینێکانی شیعر ...!**

دەیەوێــت بڵێــت/ شــیعر بەرهەمــی خەیــاڵ و مەعــریفەیە، هیچکامێکیـان بە تەنیـا نـاتوانێ شـیعرێک بەرهەم بهێـنن کە، نووســەرەکەی بگەیەنێـتە نێـو ڕووبەرە ســەرمەدییەکان، یــان گەردوونییەت و ئەبەدییەت بە شـاعیرەکە ببەخشـیت . دەقـی (ئەنیمـا مۆنـدی) دەقێکـی درێـژە، زۆر گۆشــە و شــوێنیتری پێویســـتییان بە قســـە لەســـەرکردنە، وەک کتێبەکـــان و قەسیدەکانی تریش، ئەم چەند کتێبەی (فەریـد زامـدار) ئـێمە بە قۆنـاغی سـێیەمی شـیعری ئەوم ناومـان بـردووە، قـووڵیی ئەزمـــوونە شـــیعرییەکەی لەنێـــو ئەم قۆنـــاغەی دایە، لەم قۆنـاغەش بەتــایبەت کتێبــی (مردنــی ئەنــدازیی و پەنــجە شـێتەکانی شــەیتان)، حەز دەکەم لێـرەدا ئەوە ڕابگەیەنـم کە وەکچۆن لە نووسینێک شیعر و ئەدەبەکەی شـێرکۆ بـێکەس م بە (منـداڵێتی ژیـان) نـاوبرد، لێرەشـدا/ شـیعر و ئەدەبەکەی (فەرید زامدار) ی شاعیر، بە هەمـوو قەنـاعەتێکەوە بە (قەڵای هـاوچەرخ)، نـاودەبەم، قەڵایەکـی ڕوونـاک و درەوشـاوە و نێـو ڕووبەری شیعر...!

# فەرید زامدار و قوتابخانە ئەدەبییەکان

بە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە بۆ شیعرەکانی (فەرید زامدار)، بە تایبەت لە دیوانە (بێناونیشان) و ئەوانیتر، هەست بەوە دەکەی، ک بە دەرەجاتێک نزیکایەتییەکی لەگەڵ هەندێک لە قوتابخەنە ئەدەبیەکاندا هەیە، یان دەتوانین بڵێین، سوودی لێوەرگرتوون .. . ئەو قوتابخانە ئەدەبیانەی کە جێگای مەبەستی ئێمەن، قوتابخانەکانی (بەدوای ڕیالیزمەوە ...) دێن، لە سەرەتا بە ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر) دەست پێدەکات و دواتر چەند قوتابخەنەیەکی ئەدەبی بە فۆرم و دونیابینیەکی نوێوە لە دایک دەبن .. لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی باسی ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر) بکەین و هاوکات، ئەو قوتابخانانەی سەر بەو ڕێبازە بوون، دواتر قوتابخانەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لەوانە، (دادائیزم و سوریالیزم و وێنەیی)، دیارە بەشێوەیەکی گشتی سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانە ئەدەبییانە، زادەی سەردەمێکن کە گۆڕان لە وەزع و بارودۆخی سیاسی و کۆمەلآیەتی ئەوروپا بە تایبەت لە فەڕەنسا هاتۆتە ئاراوە، بە تایبەت ساڵی ١٨٣٠ کە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییانە بوون لە فەڕەنسا . قوتابخانەکانی (ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم)، نەیانتوانی لەگەڵ ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان بەرەو پێشەوە برۆن، ڕوو لە نەمان و بەرەو دواوە بوون .

- **ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر)**

(ڤیکتــۆر هۆگــۆ)، یەکــێکە لە دامەزرێــنەر و پێشــەوای ئەم ڕێبازە، هەرچەندە خۆیشی لە سەرەتا باوەڕی بە دۆز و پرسە کۆمەڵایەتییەکــان هەبــوو، یەکێــک بــوو لە گەورە شــاعیرانی ڕۆمانســیزم، بەڵام دواتــر لە ســاڵی ١٨٢٩ کتێبــی (شــەرقیات) بڵاودەکاتەوە وە بیروبۆچوونە نوێیەکانی خۆی بـۆ شـیعر و بـۆ ئەدەب دەخــاتە ڕوو، ئەم کتێــبە دەبێــت ســەرەتایەک بــۆ دامەزراندنی ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر)، نووســەر لەم کتێبەیـدا بایەخی زۆر دەدا بە کێش و قافییەی شیعری و فۆرم و لایەنی جوانکاری شـیعر .. لە پێشـەکییەک بـۆ کتێـبەکە وەڵامێـک بە لایەنگران و پەیڕەوانی (سەنت سـیمۆن) ٠ دەداتەوە و ئـازادی شیعری ڕاگەیاند و گوتی (شاعیر هەمیشە هەقـی ئەوەی هەیە کە بەرهەمێکی بێهوودە بڵاوبکاتەوە ..!)، هۆگۆ لە بیرکردنەوە تازە و نوێیەکانی پێیوابوو لە شیعردا/ (بابەتی چاک و خـراپ لە گۆڕێ نییە، شاعیری چـاک و خـراپ هەیە ..!) واتە هەمـوو بابەتێک دەشـێت بـۆ شـیعر، بەڵام گرینـگ، ئەوەیە شـاعیرەکە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە دەکات و داهێنانی تیـا دەکـات . بۆیە پێیوابوو، هەموو شتێک بابەتی شیعرە و هەموو شتێک هەوێنــی هــونەرە و هەمــوو شــتێک/ بــۆی هەیە بێــتە نێــو قەڵەمڕەوی شاعیرەوە ..! هونەرمەنـدان و نووسـەرانی نزیـک لە

(ڤیکتۆر هۆگۆ) ئەوانەی لەژێر کاریگەری و بیرکردنەوەکانی هۆگۆ دابوون پێیانوابوو/ (هونەر خوایەکە، کە دەبێ تەنیا لەبەر خاتری خۆی بپەرستریٚ، هیچ جۆرە ڕەوشێکی ئامانجداری نەخرێتە پاڵ .. !) .

- **قوتابخانەی (پارناس)**

لە دەوروبەری سالّی ١٨٦٠ کاتیٚ، کەباس و خواس و مشتومڕێکی توند و هەمەلایەنە دەربارەی ئەدەبیات لە ئارادا بوو، ژمارەیەک لە شاعیرانی لاو، کە هەر هەموویان لەژێر کاریگەری ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر) بوون، هاوکات دژی قوتابخانەکانی (ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم) بوون . لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە و ئەنجومەنێکی ئەدیبانیان پێکهێنا . (لۆکۆنت دۆلیل) بە یەکێک لە پێشەنگی ئەو لاوە خوێنگەرمانە دادەنرێت . لە سالّی ١٨٦٦ دا ئەم کۆمەڵە شاعیرە، بەیەکەوە لە کتێبێکدا کۆمەڵە شیعرێک بەچاپ دەگەیەنن بە ناوی، (پارناسی هاوچەرخ) . (پارناس) بە پێی ئەفسانەی یۆنانی کۆن، ناوی کێوێکە کە/ ئەپۆلۆنی خواوەندی شیعر و نۆ خوشکەکەی کە فریشتەی پاسەوانی هونەرە جوانەکان بوون لە وێندەر، واتە لە کێوی پارناس دەژیان .

دوای ئەوە ئەم کۆمەڵە شیعرەی ئەم لاوانە لەلایەن خوێنەرانەوە، لە ئاستێکی بەرین و پێشوازییەکی گەرمی

لێکرا، دواتر بەرگی دووەم و سێیەمیش بڵاوکرایەوە .. . ئیتر لە نێوەنـــــدی ئەدەبیـــــدا وردە وردە ئەم شـــــاعیرانە بە (پارناسییەکان) ناویان دەرکرد .

## - شیعری پارناسی

بە باوەڕی پارناسییەکان، شیعر نیشانە و هێمای ڕۆحی کەسێکە کە هەستەکانی خۆی کوژاندۆتەوە، شیعری پارناسی بە دژی ڕۆمانسیزم و دژایەتی بابەتە کەسییەکانی دەکرد، ناکۆک بوو لەگەڵ لاواندووە و نووزاندنەوە دەروونییەکان، تەنها هونەری پەتی بەلاوە گرینگ بوو، بۆیە هەریەکێک لە شاعیرە پارناسییەکان چەند شیعرێکی کەمیان نووسیوە و هیچیتر بەڵام، تا حەز بکەی یان تا دڵ ئارەزوو بکات بەرهەمەکانییان پوخت و جوان و شاعیرانەیە .

## - پرەنسیپەکانی شیعری پارناسی :

١/ کەماڵی فۆرم/ لە رووی دەربڕین و هەڵبژاردنی وشە .

٢/ دوورەپەرێزی لە هەست و سۆز، گوێنەدان بە مەبەست و ئامانج .

٣/ جوانی قافیە .

٤/ پابەند بوون بە ڕێبازی (هونەر بۆ هونەر) .

بۆ یە شیعری شاعیری پارناسی، وەکو مەڕ مەڕ ساف و بێگەردە چونکە تەنها گرینگی بە جوانی دەدەن و بەس ...!

- **قوتابخانەی** (**سیمبولیزم**) :

له دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠، کۆمەڵە گەنجێک کە پێشتر لەژێر کاریگەری پارناسییەکان دابوون، هەوڵیان دابوو کە لەژێر ئەم کاریگەرییە بێنە دەرەوە و لە پارناسییەکان و ئەدەبەکانییان دوورکەونەوە، لەلایەک بە دژایەتی (پارناسییەکان) و لەلایەکیتر/ بە دژی (ڕیالیز و ناتورالیزم) وەستانەوە و یاخیبوون .. . یاخیبوونی ئەم گەنجانە جیاواز بوو، ئەوەی دەیانگووت ئاڵۆز و قووڵ بوو، پێیان وابوو/ یان لەنێو ئەدەبەکەیان ئیشیان لەسەر ئەوە دەکرد کە/ نیشاندانی واقیعی ئەمڕۆ و یان واقیعی ڕابردوو کارێکی قێزەوەنە ..! یەکەم پەیام هەڵگری ئەم یاخیگەرییە فیکرییە، (شارل بۆدلێر) بوو، کە لایەنگری ڕێبای (هونەر بۆ هونەر) بوو، بەڵام لەژێر کاریگەری بیرکردنەوەکانی خۆی ڕێگایەکی تازەی گرتەبەر، بەمەش بناغەی قوتابخانەیەکیتری دامەزراند، بە بڵاوکردنەوەی دیوانی (گوڵەکانی ئەهریمەن)، دنیای شیعر و نێوەندی ئەدەبی هەژاند و نەوەیەکی نێوان ساڵەکانی (١٨٥٧ — ١٨٨٠)، (بۆدلێر)یان بە پێشەوای خۆیان دەزانی . لەنێو بیرکردنەوە و جیهانبینی (بۆدلێر)/ (**<u>دنیا پێشەکی لێوانلێوی هێما و ئاماژەیە، حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شاراوە و پەنهانە و تەنها شاعیر بە هێز و زەبری ئەو توانا و ئیدراکەی کە هەیەتی، لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و</u>**

**<u>ئاماژانەوە هەستی پێدەکات . ئەو جیهانە جیاوازانەی کە کار لە هەست و سۆزی ئێمە دەکەن، پەیوەندی وردیان لە نێواندا هەیە، شاعیر دەبێ کەشفیان بکات، بیاندۆزێتەوە بۆ مەبەستەکانی خۆی بە زمانێکی تازەتر سوودیان لێ ببینێت .</u>**

- **پێشەوایانی سومبولیزم :**

جگە لە (شارل بۆدلێر) هەریەک لە (پۆل ڤارلین و ئارتۆر رامبۆ و ستیڤان مالارمێ)، بە ڕابەران و پێشەنگی قوتابخانەی (سومبولیزم) دادەنرێن . دیارە شێوازی ئەم سێ شاعیرەش وەک یەک نەبوون و لە یەکتری جیاواز بوون . هەریەکە و شێواز و تایبەتمەندی خۆیان هەبوو .

**پۆل ڤارلین**/ ئەگەرچی کەسێکی وێڵ و ئاڵوودە بوو، بەڵام شاعیرێکی گەورەبوو، (ڤارلین) هاواری ڕۆحی خۆی بەدەم چارەنووسی خۆیەوە دەتلایەوە و لە شیعرەکانیدا نیشانی دەدا . بەرەو جۆرە خەیاڵ و ڕۆمانسیزمێک دەگەڕایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا/ هەناسەیەکی تازەی بەبەر شیعری فەرەنسی و ئەدەبی ئەو سەردەمە داکرد .

**ئارتۆر ڕامبۆ**/ کە تا نۆزدە ساڵی شاکارەکانی خۆی بەرهەم هێنا و دواتر دەستی لە شیعر نووسین و لە شاعیریەتی هەڵگرت، ڕامبۆ هێز و توانا و بلیمەتێکی شیعری لە

ڕادەبەدەری هەبوو هەروەک یەکێک لە نووسەرە فەرەنسییەکان دەڵێت، (لە شیعرەکانی ڕامبۆدا، وشە وێنەی تازە وەردەگرێت و لەناو ڕووناکی و پرشنگێکی فسفۆریدا غەرق دەبێ ...!) .وەک چۆن بۆدلێر لە شیعری (نامەگۆڕینەوەکان) ی خۆیدا عەتر و ڕەنگ و دەنگەکان پێکەوە داسازێن، ڕامبۆش بە هەمانشیوە ڕەنگی بۆ وشەکان دیاری دەکرد و لە شیعری ( Voylles) دا، دەیگوت/ A ڕەش، B سپی، I قورمزی، U سەوز و O شین ...! ڕامبۆی شاعیر بەم جۆرە فۆرم و خەیاڵە شیعرییانەی ڕێگای بۆ سوریالیزم دەکردەوە...!

**ستیڤان مالارمێ**/ شاعیرێک بوو کە، هەموو تەمەنی خۆی لەسەر ئەوە دانا کە وێنەیەکی تازە لە شیعردا بدۆزێتەوە، دەیگوت/ دەخوازێ شیعر لە کۆت و بەندی هەموو ئەو شتانەی کە شاعیرانە نییە ئازاد بکات، مالارمێ/ پابەندی هەست و فیکر و حاڵەتی ڕۆحی مرۆڤ و وێنەگرتنی سروشت نەبوو، گوێی بە فۆرمی شیعری ئاسایی نەدەدا، لەلای ئەو تەنیا وشە بایەخی هەبوو، هونەری شاعیر ئەوەبوو کە شیعر لە وشەی شاعیرانە ئەفسوونئامێز دروست بکات، لە شیعری (مالارمێ) نە شادومانی هەبوو نەخەم، نە کینە دەبیندرا نە ڤیان، بە کورتی هیچ جۆرە هەستێکی ئادەمی نەبوو،

(مالارمێ) شیعری لە ژیان دووردەخستەوە و لە دەستی مرۆی دەردەهێنا، بە جۆرێک شیعرەکانی دەهۆنیەوە کە تەنها نوخبەیەکی شیعری کەم دەیان توانی درکی پێبکەن .

## - پڕەنسیپ و بنەماکانی (سیمبولیزم)،

١/ سومبولیستەکان لەنێو شیعرەکانیان ئیشیان لەسەر ئەو دیمەن و ڕووداوانەی کە مایەی نائومێدی بوون دەکرد، یان ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ .

٢/ بایەخیان بەو فۆرم و ڕەمز و هێما و ڕیتمانە دەدا کە، کە ئەقل و لۆژیک قەبووڵیان ناکات .

٣/ تا بۆیان بکرابا لە واقیعی بابەتی و واقیعی ڕۆژانە دوور دەکەوتنەوە .

## - قوتابخانەی دادائیزم .

ئەم قوتابخانە ئەدەبییە، زادەی سەردەمێکی خەمناکە، زادەی ئەو نائومێدی و پەشێوی و ئاژاوەی کە لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی هاتبووە ئاراوە، واتە لەنێو تراژیدیای جەنگ و وێرانکردن و نادادپەروەری لە دایکببوون، بۆیە ئەو ڕەوتە ئەدەبییە زمانحاڵی کەسانێک بوو کە باوەڕیان بە جێگیری و بەردەوامی هیچ کارێک نەمابوو . بەهای هیچ شتێک لە شوێن خۆی نەمابوو، پەیڕەوکارانی ئەم قوتابخانەیە یاخیبوون بە

دژی هـونەر و ئەخـلاق و کـۆمەڵ، یاخیبوونێـک لەسـەر کـاری نەفیکردن و ڕەتکردنەوە بنیاد نرابوو .. یاخیبوونێک تا ئاستی پووچگەرایی .

**دامەزرێنەرانـی گروپـی دادا**/ نەخشــەی ئەم قوتابخــانەیە لە پــایزی ١٩١٦ لە گۆشــەی دوکـانێکی بیـرە فـرۆش لە شـاری زوریخـی سویسـرا، لەلایەن لاوێـک بە نـاوی (ترسـتان تـزارا) و چەند هاوڕێیەکییەوە، کە بریتیبوون لە هانسی ئارپ) و لەگەڵ دوو هاوڕیی تر کە، ئەوانیش ئەلمـانی بـوون . لە سـاڵی ١٩١٩ یەکەم بەرهەمی داداییەکـان بڵاوکـرایەوە، بـۆ ئەم مەبەسـتەش هەوڵــی دەرکردنــی چەنــد گۆڤارێکیشــیان دا، یەکەم کــۆڕی گوتاربێژی داداییەکان، لە ١٩٢٠/٢/٥ گیـرا، بەیاننـامەیەک لەم کۆڕە خوێندرایەوە، کە سەرەتاکەی بەم شیوەیە بوو،

(تێناگەن کە ئێمە چ دەکەیـن ؟ وا نیـیە ؟ دۆسـتانی ئـازیز ! ئـێمە خۆشـمان لە ئێـوە کەمتـر لەم بـابەتە تێـدەگەین، چەنـد خۆشـە، هەقتـانە .. حەزم دەکـرد جـارێکی دیـکە لە هـامێزی پاپـدا بـخەوم، هەمـدیس تێنـاگەن ؟ منـیش تێنـاگەم، مـایەی گریانە ...!) خەلکەکە کە گوێیان لەم بەیاننامەیە بـوو، دایـان لە قاقای پێکەنین ...!

- **قوتابخانەی سوریالیزم :**

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، پەشێوی و بەربڵاوی کەوتبــووە نێــو ڕەوت و ڕێبــازە ئەدەبییەکــان . هەر نووســەر و شــاعیرێک ڕێگــای جیایــان گرتبــووە بەر، شــارەزایان پێیــان وابــوو ئەو دەورانە، دەورانــی هەرەســی قوتابخــانە ئەدەبییەکــان بــوو، لە گێژاو و ئــاژاوەیەکی ڕەوشــێکی نادیــار و نــاجێگیردا دەژیــا، لە پڕێکــا لە ســاڵی ١٩٢٢، قوتابخــانەیەک بەنــاوی (ســوریالیزم) دروســت دەبــێ .. گــاریگەری ئەم قوتابخــانەیە لەســەر زۆربەی ئەدەبی وڵاتانی دونیا بڵاو دەبێتەوە . (ســوریالیزم) زمانحــاڵی بارگرژییەکانی دنیای تــازە بــوو، بــانگەوازی یــاخیبوون بــوو بە هاواری بنیادنانەوە و نــاڕەزایەتی ســەدەی بیســتەم لەبەرامــبەر شارستانییەتی تازەدا .

دوای کۆتــایی هــاتنی دادابیەکــان لە ســاڵی ١٩٢١ دا، چەنــد نووسەرو شاعیرێک لە دەوری (ئەندریە بریتــۆن) کۆبــوونەوە و نەخشەی قوتابخــانەیەکی تریــان داڕشــت، ئەویــش قوتابخــانەی (ســوریالیزم) بــوو . پێشــەوایانی ســوریالیزم ئەمــانە بــوون/ (ئەنــدریە بریتــۆن، ئەراگــۆن، پــۆل ئیلــوار، فلیــب ســوپورو، ڕۆبێرت دەسنۆس و پەنجامین ..)

ئەدەبێکی خەیاڵی و فەنتازی/ ئەمە بنەمای سوریالیزم بوو، ســــەرهەڵدانی ســــوریالیزم لە کاتێکــــدا بــــوو، کە تیــــۆرییە

سایکۆلۆژییەکانی (سیگمۆند فرۆید) دەربارەی (خودئاگا و ناخودئاگایی)، بە تەواوی بیروهۆشی خەڵکی سەرقاڵ کردبوو، لە ساڵی ١٩٢١ هەردووک (ئەندریە بریتۆن و فلیپ سوپورو)، یەکەم کتێبی سوریالیستییان بە ناونیشانی (مەیدانە موگناتیستییەکان) بڵاوکردەوە .

- **پرەنسیپەکانی سوریالیزم .**

١/ پشتبەستن بە فەلسەفەی زانستی دەروونشیکاری (سیگمۆند فرۆید)،

٢/ فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کە باوەریان وابوو لە رێگای سۆشیالیزمەوە مرۆڤایەتی رزگار و ئازاد بکەن .

٣/ پەیرەوی ستایلی تەوس و تەنز، شێتایەتی و خەون .

- **قوتابخانەی (وێنەیی)**

ئەم قوتابخانەیەش لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩١٥ لە ئەمریکا دێتە ئاراوە، یەکێکە لە لیستی قوتابخانە مۆدێرنەکانی ئەمریکا، شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە گرینگیەکی بێ وێنەیان بە زمان دەدا، زمانێکی چر و تیژ، لەنێو شیعرەکانیاندا، وەسفەکانییان بە وێنە و هێما دەردەبری، هەموو جۆرە رەوت و قوتابخانە تەقلیدییەکانییان رەت دەکردەوە، رابەر و پێشەنگی ئەم قوتابخانەیەش/ لە

ڕیزی پێشەوە (ئەزرا پاوەند) و چەند کەسانێکی تر، لەوانە (تی ئی هولم، ولیەم کارلۆس ولیەم، ئامی لۆوێل) و چەند شاعیرێکی تریش ..

مەبەستمان لە پێشاندانی سیمای ئەم قوتابخانە ئەدەبییانە، ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت، ئەوەیە کە خوێنەران ڕۆشنتر لە ئەزموون و پڕۆژە شیعرییەکەی (فەرید زامدار) ی شاعیر تێبگەن، یان لە جیهانبینی ئەو شاعیرانە تێبگەن کە بانگەشەی نوێخوازی دەکەن لە نێو شیعردا، دەبینین هەرچەندە/ قوتابخانەکان لەسەردەمی جیاواز دروستبوون بەڵام، زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا دەبیندرێن، بۆ نموونە/ زۆرێک لە شاعیرانی ئەم قوتابخانە ئەدەبییانە کەسانی یاخیبوون، هەروەک لە پێشدا گتومانە، هەموو شاعیرێکی نوێخواز لەهەمانکات شاعیرێکی یاخیشە، چونکە تۆ ناتوانی نوێخواز بیت و یاخی نەبیت، بەمانایەکی تر/ ناتوانی ڕەوتە تەقلیدی و باوەکان ڕەتکەیتەوە، ناتوانی بە تەنیا بانگەشەی فۆرم و ئەدەبێکی نوێ بکەیت . هەروەها دەبینین/ زۆربەی قوتابخانە ئەدەبییە نوێیەکان یان مۆدێرنیستەکان بەتایبەت ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کردوون، ڕەوت و قوتابخانەکانی پێشخۆیان ڕەتکردۆتەوە بە هەموو قەید و بەند و ڕێساکانییان کە بۆ شیعر دروستییان کردبوو، بەتایبەت قوتابخانەکانی

(ڕیـالیزم و ڕۆمانسـیزم)، هەمـوو ئەو قوتابخـانە نوێیـانە دژی ئەوەبـــوون کە (شـــیعر هۆکـــار بێـــت نەک ئامـــانج)، هەر هەمووشیان بە دەرەجەیەک گرینگییان بە زمان داوە لە پێنـاو بەرجەســـتەکردنی ئاســـتێکی بەرز لە جـــوانی .. هەروەهـــا ئیشــکردن لەســەر نــاخ و ئارەزووەکــانی خــود یــان خەون و ڕووبەری ناخودئاگــایی و ڕەتکــردنەوەی یەکێتـــی بـــابەت و شـــتیتریش، بێگومـــان لەگەڵ ئەم خـــاڵە هاوبەشـــانە خـــاڵی جیـاوازیش هەبـووە نەک هەر لەنێـوان قوتابخانەکـان بەڵکـو نێوان شاعیرانی سەر بەیەک قوتابخانە و سـەر بە یەک ڕەوتـی ئەدەبـی، بـۆ نمـوونە لە نێـوان (بـۆدلێر و ڕامبـۆ و مـالارمێ و ڤـارلین)، هەریەکە و بە فـۆرم و سـتایلی جیـاواز نووسـیویانە بەڵام، هەموویـــان ســـەربە قوتابخـــانەی ســـومبولیزم بـــوون، پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخـانەیە کـۆی کردبـوونەوە، هەموویان لەوەدا کۆک بوون کە/ ڕەفزی سـتایل و فۆرمەکـانی ڕیـالیزم و ڕۆمانسـیزم بـکەنەوە، زمـانێکی جیـاواز و فـۆرمێکی جیاواز بەکـاربهێنن . ئەگەر سـەیری ئەم قوتابخـانە ئەدەبیـانە بکەیـن دەبینـین، هەمـوو ئەو سـیما و تایبەتمەنـدیانەی کە بە هـۆیەوە دەناسـرێنەوە، هەمـوو تایبەتمەنـدیانەش لە شـیعری (فەریـد زامـدار) دا هەبـوونە، یـان لە بیرکـردنەوە و دنیـابینی ئەودا هەبوون بۆ شیعر و بۆ نوێخوازی، بەمانای وشـە (فەریـد

زامدار) شاعیرێکی نوێخواز و داهێنەر بوو .. ئێمە بەر لەوەی باسی ئەم قوتابخانە ئەدەبیانە بکەین، خوێندنەوەیەکمان بۆ ئەزموون و شیعرەکانی (فەرید زامدار) کرد، گوتمان فەرید شاعیرێکی سەرکەش و یاخیی بوو، هۆکاری یاخیبوونەکەشمان باس کرد، باسی زمانی شیعری و فۆرم و ئەو ستایلە نوێیانەمان کردن کە هەم قوناغە سەرەتاییەکانی خۆی تێپەڕاندبوو، هەم قوناغی شاعیرانی پێشخۆیی و هاوکات سەردەمی خۆیشی، ئەگەر بە وردی لەم قوتابخانە مۆدێرنانە وردبینەوە، مەعریفە و ڕووبەری بیرکردنەوەکانی (فەرید زامدار)مان بۆ دەردەکەوێت لە پەیوەند/ شیعر و نوێخوازی و داهێنان .. (فەرید زامدار) تاکە شاعیرە جورئەتی ئەوەی کردووە کە (بە نووسین بنووسێت و بڵێت)، (من بەو ئەدەبەی هەیە ڕازی نیم ...!)، هەربۆیە و لێرەوەیە کە دەڵێین/ ئەم شاعیرەمان شاعیرێکی سەرکەش و یاخییە، یان ئەو زمانەی پێی دەنووسی، شاعیران و شیعری سەردەمی خۆی نامۆبوون پێی، من وای دەبینم (فەرید زامدار) ڕۆشنبیریەکی شیعری فراوانی هەبووە، زانیاری لەسەر ئەم قوتابخانە ئەدەبییانە هەبووە و سوودی لەهەر هەموویان بینیوە بەڵام، بەشێوەی کۆپی و لاسایی کردنەوە نا، چونکە خۆی خاوەن پرۆژەیەکی شیعری بوو لەهەمانکاتیش، خاوەن

زمانێکی شیعری و فۆرمێکی نوێی تایبەت بەخۆی بوو، من وای دەبینم/ وەک شاعیرێکی نوێخواز و وەک گەریدەیەکی گەردوونی لەهەر کانییەک قومە ئاوێکی خواردۆتەوە و دواتر جێیهێشتووە و دواجار گەڕاوەتەوە نێو ماڵ و پرۆژە شیعرییەکانی خۆی ...!، لەگەڵ ئەوەش، لە گەڵ هەندێک لە پرەنسیپ و بنەماکانی ئەم قوتابخانە ئەدەبیانەدا جیاوازی ڕیشەیی هەبوو، بۆ نموونە/ شیعر لای ئەو تەنها گەمەیەکی زمانەوانی موجەڕەد نەبوو، تەنها لەپێناو جوانی و بەس، بەڵکو شیعر هاوتەریب بوو لەگەڵ جوانی و بەها مرۆییەکان، واتە/ شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نەبوو، نموونەش/ دەبینین لە کتێبی شیعری (مردنی ئەندازەیی ...)، کە یەکێکە لە ناوازەترین کتێبی شیعری ئەوە، شیعرێکی بۆ هەڵەبجە نووسیوە، بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە/ ڕاستە (فەرید زامدار) لە دەیەی حەفتاکان دوو کتابی شیعری دەرکردووە، بەڵام من فەرید لە ڕیزی شاعیرانی هەشتاکان دەژمێرم، چونکە بەبڕوای من، شاعیرانی هەشتاکان بەتایبەت لە هەولێر/ تۆخترین کاریگەرییان لەسەر شیعری کوردی جێهێشتووە، بەڵام بە جیاوازی و تایبەتمەندییە زمانی و فۆرمە نوێ و ناوازەکانی خۆیەوە .

## شيعر و ناونيشانی شيعر

له په‌یوه‌نـد به كتێـبه بێناونیشـانه‌كه‌ی گوتمـان/ دانه‌نـانی ناونیشـان بـۆ ئه‌م كـۆمه‌ڵه‌ی شـیعره‌ی، له‌لایه‌ک ئه‌مكـاره‌ی، هه‌وڵـدانێک بـوو بـۆ پێشـكه‌ش كردنـی شـتێكی جیـاواز له‌لایه‌لیتـره‌وه، په‌یوه‌نـدی به بـاری ده‌روون و خه‌ونه په‌نگخواردووه‌كانیه‌وه هه‌بـوو، واته له‌نێـو ڕووبه‌ری بێشوناسـی به‌دوای شوناسـدا ده‌گه‌ڕا .. ئه‌م بـێ شوناسـییه وای له (فه‌رید) كرد عه‌شق و خه‌ونه‌كانی بۆ شیعرو داهێنان گه‌وره‌تـر بـن . له‌دوای ئه‌م كتێـبه‌ی هه‌وڵیـداوه كارێـک بكـات وه‌ک په‌رچه‌كردارێـک وه‌ڵام به‌م بۆشـاییه ده‌روونیـیه بـداته‌وه، ئیتـر لێـره به‌دوا نه‌ک ناونیشـانی بـۆ كتێـب و شـیعره‌كانی داده‌نـا به‌ڵكـو، زۆرتـرین هێـز و توانـا شـیعرییه‌كانی به ناونیشـانه‌كان كـۆده‌كرده‌وه . زیـاد له پێویسـت گرینگـی به ناونیشـانه‌كان داوه، ڕاسـته ناونیشـان گـرینگه بـۆ هه‌ر ده‌قێـک، ده‌بێـته ده‌رگـایه‌ک بـۆ چـوونه نێـو ده‌قه‌كـان و له‌هامانكـاتیش/ وه‌ک ناسنامه‌یه‌ک گاریگه‌ری تیژ جێده‌هێڵی له‌نێو خه‌یاڵ و ده‌روونی خـوێنه‌ر . له نێـو شـیعره‌كانی (فه‌ریـد زامـدار) هه‌ر به خوێندنه‌وه‌ی ناونیشانه‌كان هه‌ست به توانای شـیعری و مه‌یلـی نوێخـوازی و هه‌سـت یاخیبوونه‌كـانی ئه‌م شـاعیره ده‌كرێـت .

لەناونیشانەکان داهێنانی گەورەی کردووە، وێنە و پارادۆکس و دەستەواژەی جوانی بەرهەمهێناوە، کە زۆربەیان لە ئاستێکی بەرزی جوانکاریدان . لێرەدا هەندێک لە ناونیشانی کتێب و شیعرەکانی دەخەینە ڕوو (ستێکس، ئاستانەی ئەفراندە بەفرینییەکان، دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا، کۆچی ئەستێرەیەکی ڕووت، سەمای خەونێکی کوێر، پەنجە شێتەکانی شەیتان، سەمای کالغۆنییە دمدمییەکان، دیدگا ئاسمانییەکانی (بافێل) لەناو پێنجەمین دەقیقەی بیست و پێنجەمین سەعات دا، وەرزشی وشە ڕاکردووەکان، دوکەڵی گوڵ، مەلە سەرابییەکان لەنیو ئاوی مردووان دا، ئەنیما مۆندی، ماکرۆکۆسۆم و چەندانیتر .. !) زۆرێک لە ناونیشانەکان خوێنەر تووشی ڕامان و قووڵبوونەوە دەکەن، پرسیار دروست دەکەن، وشە و دەستەواژەکان نامۆ و لادەر و ئاڵۆز دێنە بەرچاو، بۆ نموونە (دروست نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا )، لەگەڵ ئەوەی پڕە لە جوانکاری لە هەمانکاتیش نامۆ دێتە بەرچاو، ئاخر (شەوی یەک دەقەیی) یانی چی ؟ خوێنەر تووشی ڕامان و شاگەشکە و حەپەسان دەکات، یان (لەناو پێنجەمین دەقیقەی بیست و پێنجەمین سەعات دا ..!) هەر لە ناونیشانەکان و دواتریش دەقەکان توانا سیحراوییە جوانەکانی (فەرید زامدار) هەست پێدەکەین

ئەو ڕەهەندە مەعریفییەش کە لە پشتی گەمە زمانەوانییەکان و لە پشت مانا و دەقە شیعرییەکان خۆیان حەشارداوە . (ستێکس و ئەنیما مۆندی و فۆبیا و کالغۆنی و .. زۆر وشەی تر)، لە ئەفسانەی یۆنانی وەریگرتوون، دواتریش هەموو کتێب و شیعرە ناوازە و سەرسوڕهێنەرەکانی وەکو کۆبەرهەمێک لە کتێبێکدا کۆ کردۆتەوە بەناوێکی جوان و سەرسوڕهێنەرتر (شەڕی وشەکان/ نیو نوقتە لە ژێر نیودا)، دەکرێ ئەم دەربڕینە ئاماژە بێت بۆ (جووڵە و کات و خێرایی)، ئەمانەش لەژێر پێشکەوتن و کاریگەری تەکنەلۆژیادا، چونکە لەژێر کاریگەری تەکنەلۆژیا جووڵەکان خێراتر بوون، ڕووبەر و مەوداکانیش بچووک بوونەتەوە، گەردوون وەک گوندێکی بچکۆلانەی لێهاتووە، بە چەند خولەکێک دەتوانی لەمسەری دونیا بۆ ئەوسەی بپشکنی ..! (شەڕی وشەکان)، ئەوەمان پێدەڵێت (شیعریش لەم جووڵە و خێراییە و بچووک بوونەوەیە بەدەر نەبووە، نیو نوقتە لەژێر نیو/ دەربڕینێکە دەکرێ ئاماژە و هێما بێت بۆ زۆر شتیتر . هەر لە پەیوەند بە ناونیشانە شیعرییەکان، یان لە پاڵ ناونیشانەکان، (فەرید زامدار)، داهێنانێکیتری کردووە، ئەویش ئەوەیە لەژێر زۆرێک لە ناونیشانەکان، لاکێشەیەکی کێشاوە، (کۆپلە شیعرێکی یەک دێری یان دووسێ دێری ..) تیا نووسیوە، ئەمەش

برِســتێک و جوانکارییەکـای زێتـری بە ناونیشــانەکان داوە، لە هەمانکـاتیش لە ڕووی فـۆرمەوە تەکنیکێکـی نـوێ و جیـاوازە، لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەردەم ..

لە شیعری (شەبەنگ)، لە ژێر ئەم ناونیشانە لەناو لاکێشەیەک دەنووسێت .

**(دەبێ ... لە هەر چرکەیەکی تەمەنما، سوڵتانێک بمرێ ...**

**من ...**

**یەک حەبیبی نەجارِ و هەزارەها سوڵتان ! ... زستانی ١٩٨٦)**

- **یــان لە شــیعری (لاوێــز) لەژێــر ناونیشــانەکە ئەم دیمەنەی نەخشاندووە ..**

*********

**زمانی من**

**زمانی ڕۆحە**

**ئەوەی لە ڕۆحی خۆی نزیک نەبێ ... لێـی تێناگا ...!**

*********

- لە شـــیعری (زەماوەنـــدی کـــۆچ و بـــرین) لە ژێـــر ناونیشانەکە لەناو لاکێشەیەک نووسیویەتی :

**" دوا شیعرم یاداشتی مردنمە "**

- له شيعرى (زەنگى خەتا) له ژێر ناونيشانەكه لەناو لاكێشەيەک نووسيويەتى :

**پێش ئەوەى فێربن گۆرانى بڵێن**

**فێربن چۆن له ئەندازەى ئاوازه سنووردارەكان دەپەڕنەوه**

- له شيعرى (نێرگزى كەڤر) لەژێر ناونيشانەكه لەناو لاكێشەيەک ئەمەى نووسيوه :

**تاكو هەبم، دەبم به خەونێكى ئاسمانى**

**سروشت كرنۆشم بۆ دەبا ...!**

لێرەدا ئەوه دەخوێنینەوه كه ئەزموونه شيعرييه نوێخوازييەكەى (فەريد زامدار) ئەزموونێكى دەوڵەمەند و فرەڕەهەنده، داهێنان و جوانكارى له ناونيشانەكان و دەقه شيعرييەكان و دەروازەكان كردووه، مەبەستمان له دەروازەكان ئەو كۆپله شيعرييانەى ناو لاكێشەكانه . گرينگ ئەوەيه بەهەموو تواكانى له هەوڵى ئەوەدابووه كه دەقى جوان و ناوازه و نوێمان پێشكەش بكات .

# شیعر و پارادۆکس

(پــارادۆکس) بــریتییە لە تەکنیــک و شــێوازی دەربــڕین بە شــیوەیەک/ گونجانــدنی دوو وشــە، یــان دوو دەســتەواژەی دژ بەیەک و پێچەوانە، بەئامانجی دروستکردنی وێنە و مانای نوێ . پارادۆکس زێتر لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخەنە مۆدێرنەکانەوە بەتایبەت لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو هـاتۆتە نێـو ئەدەب و وەک ســتایل یــان وەک پێکهــاتە و بنەمــای زمــانی نووســین و شیعری سوودی لێوەرگیراوە . ئەم چەمکە لە ســتایلی شــیعری پۆســتمۆدێرنی لەپــاڵ گومــان و پرســیار و دووبــارەبوونەوە و گەمە زمانیەوانییەکـــان زۆر بەچـــاو دەکەوێـــت . (فەریـــد زامدار)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی لە ستایلی دەربڕینـی ڕسـتە و دەســـتەواژە شـــیعرییەکانی پـــرادۆکس زۆر بەکاردەهێنێـــت، دەست بۆ وشە و چەمـکە دژ بەیەک و ناتەباکـان دەبـات و بە ئامـانج و دوورنمـایەکی دوور لە بەرگێکـی سـەیر و جوانکاریـدا بەکارییـــان دەهێنێـــت . ئەمەش قـــووڵایەکی بێئەنـــدازەی بە شیعرەکانی بەخشیوە، لە هەمانکات خوێنەر دەخاتە بەردەمـی بیرکـردنەوە و ڕامانێـک لە دواجـار، لەنێـو دڵـەڕاوکێـی گەڕان و چێژێکــی ئــارامکەر بە دەروونــی خــوێنەر دەبەخشــێت .. لە سیاقی خوێندنەوەی شـیعرەکان/ دەسـتەواژەی پـارادۆکس زۆر

بەچاو دەکەون، چ لە تایتل و ناونیشانی شیعرەکان، چ لە نێو دەقەکان لە نێو دەربڕینەکان پێکهاتەی پارادۆکسی دەبینین . لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەک بخەینە روو، سەرەتا لە تایتلەکان دەست پێدەکەین .. (قەبرەکانی ئاو، مردنی ئاوی، جەژنی مردن، فرمێسکی خۆر، سەمای مردن، سەمای خەونێکی کوێر، دوکەڵی گوڵ ... چەندانیتر ..!)، ئەگەر لەم دەستەواژانە ورد بینەوە، دەبینین هەموویان هەرچەند لەمانا پێشوەخت یان لە مانا فەرهەنگییەکەیان، ناتەباو دژن بەڵام لەنیو ئەم دەربڕینە لە پەیوەندییەکی تونودتۆڵ و بەهێزدان لەگەڵ یەکتریدا .. بۆیە دیمەنێکی رەنگین و جوانییان پێک هێناوە، (قەبرەکانی ئاو و مردنی ئاوی) هەردووکیان وەک و یەک وان/ واتە مردن و ئاو، مردن مانای نەمان و کۆتایی هاتن، ئاو هێمایە بۆ ژیانەوە و دەستپێکردنەوە، گونجاندنی ئەم دوو وشە دژ بەیەکە، بۆ مەبەست و ئامانێکی تایبەت، کاتێک دەڵێین مردنی ئاوی/ دەربرێنێکی نوێ و وێنەیەکی نوێی دەبینین .. کە مانایەکی قووڵی لە پشتە و ئەم دەربڕینانە تا ئەندازەیەکی باش جوانی بە دەقەکان دەبەخشن . (جەژنی مردن و سەمای مردنیش)، ئەمانەش وەک و یەک و لە یەکترەوە نزیکن، جەژن و سەما هەردووکیان دەربڕ و هێمای خۆشی و شادین بەڵام لەگەڵ مردن دژ و ناتەبا دێنەوە

و پـــێچەوانەن/ کـــاتێکی دەڵێـــین جەژنـــی مـــردن، مانـــا و مەبەستێکیتر و جوانکارییەکی شـیعریش دەبینـین . (سـەمای خەونێکی کوێر) یش، وەکو سەمای مردن وایە، خەونێکی کوێر بەمانـای خەونێکـی مـردوو دێـت/ لێـرەش (سـەماو مـردن) ئـــاوێزانی یەکـــری دەبـــن . لێـــرەدا ئەوە دەخـــوێنینەوە کە دەسـتەواژە پارادۆکسـییەکان مانـاو مەبەسـتێکی گەورەیـان لە پشت بێ، کە هێز و بڕستێکی زێتر بە زمانی شـیعر دەبخشـن، بەڵام لە هەموویـــان کـــاریگەرتر و (دوکەڵـــی گـــوڵ) ە، ئەم دەربـڕینە لە ئاسـتێکی بەرزی جوانکـاری و داهێنێکـی گەورەی تیـــا کـــردووە، دوکەڵ/ لەگەڵ گـــوڵ .. (دوکەڵـــی گـــوڵ)، ناونیشانی کورتە شیعرێکە بۆ هەڵەبجەی نووسـیوە، تەنهـا بە دوو وشـە توانیـویەکی تەعبیـر لە یەکێـک لە کارەسـاتە هەرە گەورەکـان و خەماوییەکـانی مێـژووی میلەتەکەمـان بکـات، لە دوو وشەی دژ بەیەک و دوو سیمای تەواو دژ و ناتەبا، دوکەڵ هێمایە بۆ گازی کیمیایی/ گوڵیش هێمایە بۆ جوانی و ناسـکی لێرە هێمایە بۆ مرۆڤە بێتاوانەکان واتە هێمایە بۆ (بەرائەت ٠) بەڵام ئەو دەڵـــێ (دوکەڵـــی گـــوڵ)، چەنـــد بەهرەمەنـــد و بەخـتەوەرن ئەو نووسـەر و شـاعیرانەی کە لە چرکەسـاتەکانی نووسین، دەسـەڵاتییان بەسـەر زمانـدا دەشـکێ و وشـەکان بـۆ ئامانجی گەورە لە شـوێنی تـایبەت و پێویسـت بەکـار دەهێـنن

..! دوکەڵی گوڵ/ تەنها دوو وشەیە بە ئەندازەی تابلۆیەکی نایاب، یان بە ئەندازەی ڕۆمانێک، هێزی جوانی لەگەڵ دایە، ئیتر لەنێو شیعرەکانی (فەرید زامدار) تایتل و دەستەواژەی پارادۆکسی لەمجۆرەمان زۆر بەرچاو دەکەوێت، جگە لە تایتلەکان لەنێو دەقەکانیش رستە و دەربڕینی پارادۆکسی زۆر دەبینین/ بۆ نموونە، لە شیعری (دیدگا ئاسمانییەکان ..) دا دەڵێت، (هەر بێگوناهێک بە کۆمەڵێک تاوانبار گەمارۆدراوە ..!) لێرەش پەیوەندییەکی لە نێوان (بێگوناه و تاوانبار)، دروست کردووە و بۆ مەبەستێکی تایبەت لە رستەیەکدا بەکاری هێناون .. لە وتاری (ئەسینا پالاس لە سەمایەکی دەمامکرداودا)، لەوێدا دەڵێ،/ شیعر عاقڵانە مومارەسەکردنی شێتییە ...!) مانایەکی گەرە و قووڵ لەنێو ئەم ڕستەیە بەدی دەکەین، ئاستێکی بەرز و هێزێکی گەورەی بە شیعر بەخشیوە، لێرەشدا (ژیرێتی و شێتی) کە ئەم دوو وشەیە لە ڕووکەشدا دژ و ناتەبان بەڵام، لەنێو یەک ڕستەدا لەنێو پەیوەندییەکی توندوتۆڵ ڕێکی خستوون و بەکاریهێناون .. یان لە شیعری (شەبەنگ)، لە شوێنێکدا دەڵێ،

بێ ئەنجام لە دایک دەبیت

خۆت نابینی

بە کۆکراوەیی پەرت دەبیت و

**به پەرتبوونیش کۆ دەبییەوە ...!**

کاتێک دەڵێین/ شاعیر بۆ ئەوەی دەست ئاوەڵاو ئازاد بێت، نابێ خۆی ببەستێتەوە بە مانا پێشوەختەکان و سیستەمە ڕێزمانییەکان .. ئەم دەربڕینە شیعرییەی سەرەوە دەکرێت باشترین نموونە بێت بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەمان/ (فەرید زامدار) لێرەدا نەک وەک شاعیرێک بەڵکو وەک هونەرمەندێکیش دەردەکەوێت، لەم دەربڕینەی هونەرکاری پێوە دیارە، ئاخر بەکام فەرهەنگ و بەکام بنەما و مەنتقی زمانەوانی دەکرێ، (وێنەیەک یان شتێک بە کۆکراوەیی پەرت ببێت/ بە پەرتبوونیش کۆببێتەوە ..)، ئاخر ئەم بەکارهێنانە هونەرییە کە تا ئەندازەی سەرسامبوون پڕە لە جوانی، ئایا ئەمە شکاندن و بەزاندنی بازنە و سیستەمە ڕیزمانییەکان و مانا فەرهەنگییەکان نییە ...؟، (پەرتبوون و کۆبوونەوە)، تەواو دژ و پێچەوانەن .. ئەم شاعیرە نوێخوازە یاخییەمان، دیمەنێکی پڕ مانای جوانی شیعری لەم دوو وشە پێچەوانە و دژ بەیەکە خوڵقاندووە، بە هەمانشێوە لە شیعری (فۆبیا) دا دەڵێ ..

**چاوت هەیە**
**بەڵام خۆتی پێ نابینی**
**کوێری بەڵام**

**هەموو دەمێ**

**چاوێک لەناو چاوتا دەزێ ...!**

ئەم کۆپلە شیعرە یەکێکە لە کۆپلە شیعرانەی کە مانایەکی قووڵی هەیە، ئەگەر لە رووی ماناوە قسەی لە سەر بکەین و مانای پشتی قسە و هیماکان بخوێنینەوە، دەکرێ دووسێ لاپەڕەی لەسەر بنووسین بەڵام، ئێمە لێرەدا تەنها مەبەستمان دەرخستن و خستنە ڕووی دەستەواژە پارادۆکسیەکانە، لەم دەربڕینە شیعرییەش هونەرکاری جوانی لە زمان کردووە، لە دایک بوونی چاوێکی نوێی لەنێو چاوێکی کوێر و مردوو بەرهەمهێناوە، ئەمەش وێنەیەکیترە لە لادانە سەرکەشییە زمانەوانییەکانی (فەرید زامدار)ی شاعیر، دەکرێ بپرسین (ئاخر چۆن چاوی کوێر و نابینا و بێ ڕووناکییەکان، چاویتری تیا دەزێ ..!)، لە سیاقی خوێندنەوە خوێنەر بخەیتە سەر ئاستانەی ئەم پرسیارە،، ! لێرەدا گرینگی ئامانجی شیعر خۆی دەردەخات . دیارە هێزی پرسیار دروستکردنیش بەم ڕەهەندە قووڵەوە لە هەموو شاعیرێک دا نییە ...! لە شوێنێکیتر هەر لە شیعری (فۆبیا) دا دەڵێ ...

**مارێک لەنێو باڵەکانی کۆترێکی دڕندەدا**

**ژەهری جوانی**

**دەڕشتە ناو خۆشاوی ڕێ**

**شتێکی جوان**

**لەناو ئێوارەیەک دەنووسێت ..!**

لەم دیمەنە شیعرییە دوو پارادۆکسی جوان و سەرسووڕهێنەر دەبینین، ئەوانیش (کۆترێکی دڕندە و ژەهری جوانی ...!)، ئاخر لە چوارچێوەی مانا پێشوەختەکاندا، کۆتر هێمایە/ بۆ ئاشتی و جوانی و ناسکی .. بەڵام (فەرید زامدار) پەیوەندییەک لە نێوان (کۆتر و دڕندەیی) دروست دەکات و دەڵێت، (کۆترێکی دڕندە ..!)، بەهەمان شێوە (ژەهری جوانی ..!)، ژەهر/ هێمایە بۆ کوشتن و خنکاندن و مردن بەڵام، ئەو بەرگێکی جوانی دەکاتە بەر و لە سیستەمە باوەکان لادەدات و سەرشێتانە و یاخییانە دەڵێت (ژەهری جوانی ..!) . یان لە شیعری (ئەنیما مۆندی) دا لە شوێنێک دا دەڵێت .. .

**بە شێتییەکی خۆکوژانە**

**خۆم دەڕوێنم**

**پەیکەری مردن**

**بە شێوەیەکی تر و مردنێکی تر**

**بە کەرەستەکانی ژیانێکی تر**

**هەڵدەکۆڵم ... !**

ئەگەر لەم دیمەنە ورد بینەوە، دەبینین دوو دەستەواژەی دژ

بەیەکی لە پارادۆکسێکی جوان وێنە کردووە، بە شێتییەکی خۆکوژانە، لەنیو پەیکەری مردن بە شێوەی مردنێکیتر، بە کەرەستەکانی ژیانێکی تر هەڵدەکۆڵم ..! واتە لەنێو پەیکەری مردن دا پەیکەرێکیتری ژیان هەڵدەکۆڵێت، بۆیە ئەو شاعیرەمان، هێندە کۆڵنەدەر و خەونەکانی بۆ ژیان هێندە گەورەن، لەنیو رووبەری مردن بەدوای ژیان دا دەگەڕێت و ژیان دەدۆزێتەوە ..! ئیدی لێرەدا دەبینین هەروەک پێشتریش گتومانە کە/ دەستەواژە پارادۆکسییەکان چ برستێک و قوولاییەک لە رووی جوانکاریدا بە شیعر و نووسینەکان دەبەخشن ..؟! دیارە لە نێو شیعرەکانی (فەرید زامدار) ئەم دیمەن و دەستەواژە پارادۆکسییانە زێتر بەچاو دەکەون بەلام ئێمە تەنها چەند دیمەنێکمان وەک نموونە خستۆتە روو .

# شیعر و چەمکی (مردن)

لەنیو شیعرەکانی (فەرید زامدار) چەمکی (مردن) زۆر دووبارە دەبێتەوە، لە رووبەرێکی فراوان ئیشی لەسەر ئەم چەمکە کردووە، سوودی زۆری لە وشەی (مردن) بینیوە چ بۆ ناونیشانی شیعرەکان یان بۆ وێنە و دەستەواژە شیعرییەکان، هەروەک دەبینین، (بیرەوەرییەکانی مردن، سەمای مردن، جەژنی مردن، مردنی ئەندازەیی، مردنی ئەستێرەیی، مردنی ئاوی، مردنی خۆم ... زۆریتر .. !) لە شیعری (زەماوەندی کۆچ و برین) لە ژێر ناونیشانەکە لەناو لاکێشەیەک نووسیویەتی (دوا شیعرم یاداشتی مردنمە ..!)، ئەگەر بە قووڵایی دەقەکە بڕۆینە خوارەوە دەبینین/ لە نێو زەماوەندی ئەم کۆچ و برینە بە دوای شوناسێک دەگەڕێت بۆ خۆیی و بۆ نیشتیمان . دەربارەی دیوانە بێناونیشانەکە گوتمان/ لە نێو رووبەر و بۆشایی بێشوناسی بەدوای شوناس دا دەگەڕێت، لێرەش لەناو زەماوەندی کۆچ و برین و مردنی خۆی دا/ بەدوای شوناس و لەدایکبوونەوەی خۆی دەگەڕێت ..! (فەرید زامدار) لەنێو شیعرەکانی شێتانە بە قووڵی مامەلەی لەگەڵ مردن کردووە، مردنێکی جوان و پڕ لە داهێنان ..! ژیانیش لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا فرەڕەهەند و فرە مانان، لێرەدا

چەند نموونە و دیمەنێکی شیعری دەخەینە ڕوو .. لە شیعری (بیرەوەرییەکانی مردن) دا دەڵێ ..

**ئەگەر گەرووی برینەکان پڕ دەنگ دەبوو**

**درەختی ژیان**

**لەناو چاوەکانی مردن**

**بێ کۆتایی**

**گەورە دەبوو**

**هەمیشە هەر سەوز دەبوو ...!**

درەختی ژیان لەناو چاوەکانی مردن گەورە دەبێت و بە سەوزی هەناسە دەدات، ئەمە جگە لەوەی پارادۆکسێکی جوان و سەرکەوتووە، لەهەمانکات دیمەنێکی شیعری پڕاوپڕە لە جوانکاری شیعری واتە، دیمەنێکە/ شیعرییەتی لێدەڕژێ ...! بەهەمانشێوە، لە شیعری (سەمای مردن، سەمای کالغۆنییە دمدمییەکان) دا، لە کۆتایی شیعرەکە لە دیمەنێکی خەمناکی شیعریدا دەڵێت .. .

**ئاوازە خۆکوژەکانییان، کرد بە سەنگەر، بە نیشتیمان**

**هەرچی دەنگی هەڵنەفڕیو بوو**

**لەگەڵ خۆیان هەڵیان فڕان**

**سەمای با بوو**

**سەمای مردن**

**مردنی جوان**

**سەفەری بەرد**

**خوێنی مێژوو**

**بەهرەی نەمان ...!**

لەم دیمەنە باس لە مردنی نیشتیمان و مردنی تاکی کورد دەکات، باسی کارەسات و کوێرەوەرییەکانی مێژوو دەکات، باسی برینەکان و مردن و نەمان دەکات .. . باسی ئەم دیمەنەی (قەڵای دمدم) دەکات/ ئەو دیمەنەی قەڵای دمدم کە، زۆر کاریگەری لەسەری هەبووە لە شیعرەکەی وێنەی کێشاوە، لەدوای شیعرەکە وەک تێبینی و ڕوونکردنەوە نووسیویەتی و دەڵێ ..

- (دمدم) قەڵای دمدمی (خانی لەپ زێڕین)، دوای شکانی لەشکری کورد بەهۆی ئاوبڕان لەناو کانی گەورەی قەڵاو شەهیدبوونی کوڕان و جەنگاوەرانی قەڵا، ژنان و کچانی دمدم، بە لاوک و بەستە چڕین خۆیان و منداڵەکانییان لە لوتکە بڵندەکانی قەڵا فڕێدا، ئەو دەمەی لەشکری (شا عەباسی سەفەوی) بەرەو قەڵا سەرکەوت ...!/ سەرچاوەکەش لە پێشەکی (توحفەی مزەفەریە) وەریگرتووە ..!

یان لە شیعری (نەخشەی برینەکانی ئاگر) دا، لە دوابەشی

شیعرەکە و لە کۆپلەی شەشەمدا دەڵێت .. .

**مردنێکی ئەستێرەیی**

**لە کانیاوی ئاسۆیەکی رەنگ خەنەیی**

**مەلە دەکا**

**لەوێ لەسەر درەختێکا**

**لەسەر گەڵایەکی سەوز**

**هەموو شتێ دەبینم**

**ڕەنگی خۆی کۆ دەکاتەوە**

**دەنگی خۆی کۆدەکاتەوە**

**مێژووی خۆی کۆدەکاتەوە ...!**

لە زۆرێک لە شیعرەکانی ئیشی لەسەر مردن کردووە، لە شیعری (دانپیانان)یش دا دیمەنێکی مردن دەخوێنینەوە باسی کوشتن و مردنی خۆی دەکات و دەڵێت .. .

**دەچمە ژووانی، ترسێکی چاوڕەشی شەرمن**

**هەرچی سۆز و تاسەم هەیە**

**بە ڕوخساری بیر دەسپێرم**

**خۆم نابینم و خۆم دەبینم**

**هەر بەتەنیا**

**بە ڕوخساری خۆم دەوێرم**

**خەنجەری خۆم لەسەر سینگمە**

**هەموو دنیا**

**لەودیو جیهانی چاوییەوە من دەبینێ**

**خۆم دەکوژم ... !**

هەر لەنێو شیعرەکانی (فەرید زامدار) زۆر وشەو چەمکیتر دەبیندرێن و وەکو چەمکی مردن دووبارە و چەندبارە دەبنەوە لەوانە، (چەمکی دۆزەخ / چەمکی شێتی)، هەروەک لەم نموونە و دەستەواژانەدا هاتوون، (ڕووخسارە دۆزەخییەکان، هزرە دۆزەخییەکان، ئاوازە جەهەنەمییەکان، تقوسە جەهەنەمییەکانی وشە/ یان، چاوە شێتەکانی هزر، ڕاگرتنی باڵای ساتە شێتەکانی هەبوون، خەیاڵ و بیر شیواندنی شێتانە .. یان دەربارەی شیعر دەڵێت، شیعر/ عاقڵانە مومارەسەکردنی شێتییە ..! یان لەژێر تایتلی (ستێکس) دا دەنووسێت، (براووسکەیەکی ئاوی یە بۆ کائیناتە دارستانیەکانی جەهەننەم ...!)، ئەمانە و چەندین نموونەی تر، لێرەدا بەناچاری ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە (فەرید زامدار) بە هیچ شێوەیەک خۆی نەبەستاوەتەوە بە بازنە تەسکەکانی مانای پێشوەخت و مانا فەرهەنگییەکانی وشە، بۆیە/ چ چەمکی مردن و چەمک و وشەکانیتر فرەڕەهەند و فرەمانای جۆراوجۆرن .. بۆ نموونە/ شێتی لە شیعرەکانی (فەرید) بە تەنیا بەمانای کەم مێشکی و نەخۆشییە

دەروونییەکــان نــایەت، بــۆ نمــوونە، لە زۆر شــوێن بەمانــای (یــاخی و جەربەزەیــی و سەرکەشــی) دێــت، بــۆ چەمــک و وشەکانیتریش بەهەمانشێوە، بۆ نموونە لە زۆر شوێن، چەمکی مردن دەلالەت لە ژیـان و لەدایـک بـوونەوە دەکـات لەمبـارەش نمــوونە هەمەچەشــنە و لەزۆرشــوێن دەبینــدرێن .. لە بەشــی پارادۆکس باسی ئەو کۆپلە شیعرەی (ئەنیما مۆندی) مان کرد کە دەڵێت/

**بە شێتییەکی خۆکوژانە**
**خۆم دەڕوێنم**
**پەیکەری مردن**
**بە شێوەیەکی تر و مردنێکی تر**
**بە کەرەستەکانی ژیانێکی تر**
**هەڵدەکۆڵم ..!**

ئەمە یەکێکە لەو نموونە ڕۆشنانەی کە لەنێـو پەیـکەری مـردن پەیکەری ژیان دەکێشێت، بەدوای ژیانێکیتر دەگەڕیـت .. یـان لە کتێبــی (ســتێکس) لە لاپەرەی یەکەم کـۆپلە شـیعرێک لە شێوەی کـورتە پەرەگرافێـک دەنووسـێت کە، تەواو تەعبیـر لە مەبەست و خوێندنەوەکانی ئێمە دەکـات بـۆ چەمکـی (مـردن) لەنێو شیعرەکانی خۆیدا، کە بەدیوێک بەمانـای لەدایکبـوونەوە و نوێبوونەوە دێت کە لەوێدا دەڵێت ... .

**هاتنەوەیەکی وەرزەکانی تری وشەیە**
**لە رێگا خەیاڵییەکانی مردنی ئەوانیتر**
**لە هەر چرپەیەکدا**
**جارێک ..... لە دایک بوون**
**ڕاگرتنی قەدەر**
**لەهەر لە دایک بوونێکیش دا**
**بیرێکی نوێ و دیدگایەکی نوێ**
**سرپینەوەی چرکەکان بە چرکەیەکی نوێ تر ...!**

لێرەدا باس لە پرۆسەی نوێخوازی دەکات، مردنی ئەوانیتر، مەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەدەبە چەقبەستووەکەی ئەوانیترە، هەروەکو گتویەتی (من بەوەی کە هەیە ڕازی نیم)، ئەوە بۆ ئەو بڕیاریکە کە ئەوانیتر ڕەتکاتەوەو مەبەستییەتی بە شێوەیەکی جیاواز بنووسێت . لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئەو خاڵە روونبکەمەوە کە کە/ (فەرید زامدار) هێندە لەم ئاستە فراوانە ئیشی لەسەر چەمکی مردن کردووە، ئەوە بەو مانایە نایەت کە کەسێکی نائومێدی ڕەشبین بووە ..! بەر لەهەر شتێک، پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان چەمکەکانی (نائومێدی و ڕەشبینی) دا، مەبەستمە ئەوە بڵێم کە، (نائومێدی) حاڵەتێکی ئاساییە، دەکرێت کەسێک نائومێد بێت و هەر بەردەوامیش بێت بۆ گەیشتن بە خەون و

ئومێـدەکانی، بـۆیە نائومێـدە چـونکە خەونـی زۆر و خەونـی گەورەی هەیە هێشـتا پێـی نەگەیشـتوون، واتە هەر لەسـەر گەیشـتن بە ئومێـدەکان و خەونەکـانی بەردەوامە . بەڵام/ (ڕەشـبینی) ئاسـایی نیـیە و حـاڵەتێکی نێگەتـیڤە، ڕەشـبینی بەو مانـایە دێـت، (ئەو کەسـە دەسـتی لە ژیـان و ئومێـد و خەونەکـانی بەرداوە، واتە وا بیردەکـاتەوە کە هەبـوون و نەبـوونی وەکـویەک وایە ..!) بەڵام، (فەریـد زامـدار) بەهـیچ شێوەیەک کەسێکی ڕەشـبین نەبـوو هەمیشـە خەونـی گەورە و ئومێدی گەورەی هەبوو، ئەگەر بە زۆرێک خەون و ئومێدەکانی نەگەیشـبێ، ڕاسـتە نائومێـد بـووە، لەزۆر شـوێنیش بـاس لەنائومێدییەکانی دەکات بەڵام، نائومێدییەکی ڕەشبین نەبـووە ..! بـۆیە لە زۆربەی دەسـتەواژە و شـوێنەکان لەلای ئەو چەمکی مردن بەمانای لەدایکبوونەوە و نوێبوونەوە هاتووە .

# شیعر و ئەفسانە

یۆنان یەکێکە لەو وڵاتانەی بە تـایبەت لە کۆنەوە مێژوویەکـی پرشنگداری هەیە، لە ڕووی فەرهەنگی و ئەدەبـی و هـونەری و فەلسەفییەوە، هەروەها خاوەن ئەفسـانەیەکی دەوڵەمەنـدن، بە تـــایبەت ئەفســـانەی خوداکـــان .. زۆرێـــک لە بیرمەنـــدان و فەیلەسوفان و نووسەران و شاعیران، سوودیان لەم ئەفسانە و فەرهەنگە مەعریفـی و فەلسـەفییەی یۆنـانی کـۆن وەرگرتـووە، لەوانە (شکسپیر، هیگل و نـیچە و فرۆیـد و سـارتەر و ئەلبێـر کـامۆ و ئۆکتاڤیۆپـاز و ئەدۆنـیس و چەنـدان بیرمەنـد و کەڵە نووسەریتر ..)، دەبینین لە کتێبی (مرۆڤی یـاخی) دا هـاتووە کە، (ئەلبێر کامۆ) لە دەمی خۆیدا دەڵێت، (هزرە فەلسەفییە ســـەرەتاییەکانم لە یۆنـــانی کـــۆنەوە وەرگرتـــووە نەک، لە ئەلمانیــای ســەدەی نـۆزدەیەمەوە ..!)، یــان (فرۆیــد)، بـۆ داڕشـتنی تیـۆرە دەروونییەکـانی سـوودی زۆری لە ئەفسـانە و شانۆنامە و ئەدەبی یۆنانی کۆن بینیـوە، (ئەدۆنـیس) یـش لە دیمـــانەیەک بـــاس لە ســـەرچاوە مەعریفـــی و ئەدەبـــی و فەلسەفییەکەی خـۆی دەکـات کە، کـاریگەر بـووە بە ئەدەب و مێــژوو و ئەفســانە و ئەدەب و فەلســەفەی یۆنــانی کــۆن . (فەرید زامدار) یش بەهەمان شـێوە، سـوودی لەم مێـژووە پـڕ

له فەلسەفی و مەعریفییەی یۆنان وەرگرتووە، بەتایبەت ئەفسانەکانی، زۆرێک لە وشە و چەمکی لە ئەفسانەکانی کۆن وەرگرتووە لە شوێنی گونجاو بەکاری هێناون، یان کردوونی بە ناونیشانی شیعر و کتێبەکانی، ئەمەش جوانکارییەکی بە شیعرەکان بەخشیوە زمانێکی شیعری سەیر و ناوازەی تایبەت بەخۆی داهێناوە، لە هەمانکات، لە کۆتایی شیعر و قەسیدەکان وەک فەرنگۆکێک ماناکانی نووسیوەتەوە، وا لە خوارەوە هەندێکتان بۆ دەخەینە روو .

ستێکس : ڕووبارێکە لە جەهەنەم ڕۆژێ حەوت جار بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە و نەمری دەدا بە لەشی مرۆڤ .

(کالغۆن) : گوندێکی بەردینی نزیک شاری (کریتی) یۆنانییە،

فۆبیا : خودای ترس .. لە یۆنانی کۆن

نارسیس : لاوێکی جوان بوو هێندە لە ئاوێنە ئاوییەکانی ڕووبار لە خۆی رادەما، عەشقی خۆی بوو، خوا مراندی و کردی بە گوڵە نێرگز، (گریک) .

نیکارۆس : ویستی لە شاری کریتی یۆنانی کۆن ڕابکات، باوکی دوو باڵی لە مۆم بۆ دروست کرد و فڕی، کە نزیک هەتاو کەوتەوە هەردوو باڵەکەی توانەوە .

ئەسینا پالاس : پاکیزەیەکی بەهێز .. ئەفسانەی گریک

پالاس : گەنجێکی بەهێزی یۆنانی بوو، ویستی ئەسینای کچی

خوداوەندی گەورەی گریک (زیۆس) برفێنێ .

ئەنیما مۆندی : ڕۆحی جیهان، یان کائینێکی خولقێنەر .

دەبینین زمانی شیعرییەکەی چڕ و پڕ چێژ کردووە بەم چەمک و وشە و ناوانەی کە لە ئەفسانەی یۆنانی کۆن وەریگرتوون، هەروەها هەوڵیداوە بەشێوەیەک بەکاریان بهێنێ کە داهێنای خۆی تیا بکات و رستەی نوێیان لێ بەکار بهێنێ، بۆ نموونە لە شیعری (سەمای مردن/ سەمای کالغۆنی یە دمدمییەکان ...!)، لێرەدا پەیوەندی لە نیوان (کالغۆن و دمدم) دروست کردووە، ئەفسانەی یۆنانی و کوردی بەیەکەوە گرێداوە، جگە لەو وشە و چەمکانەی کە لە ئەفسانەی یۆنانی کۆن وەری گرتوون، زۆر وشە و چەمکی تر هەیە کە زمانە شیعرییەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە، گەر لە کۆتایی شیعرەکان ماناکانی نەنووسیبا، بێگومان زۆربەی زۆری خوێنەرەکان لە مانای وشەکان نەدەگەیشتن و یان نەیان دەزانی ئایا ئەم وشەیە کوردییە یان بیانییە، بۆ نموونە .

نێزی کەڤر : برسێتی بەرد .

ئەکسیر : مژادێکە نەمری بە ژیان دەبەخشێ .

ئاوزێم : کانی قەڵاو سەرچاوەی ئاو .

ئارمیدە : ئارامگر (زاراوەی لوڕی) .

هێوران : دامەزران، قۆناغگرتن .. .

زمـــانی شـــیعری (فەریــد زامـــدار) زمـــانێکی دەوڵەمەنـــد و سەرنجڕاکێشــە، هەوڵیــداوە بەشــێوەیەک وشــەکان بەکـاربهێنێ نــامۆ و جیــاواز دەربــکەون، بەدوای وشـــەی شــاز و نــاوازەدا گەڕاوە، بەتایبەت بۆ تایتل و ناونیشانی کتێب و شـیعرەکانی، وشە و دەستەواژەی زۆر ناوازەی بەکارهێنـاون، هەر لەبەر ئەم هۆکـارە پەنـای بـۆ ئەفسـانەکان بـردووە بەتـایبەت ئەفسـانەی یۆنانی کۆن .

# شیعر و (ڕەنگ و وشە)

(ڕەنگ و وشە) لە ڕووکەشدا لە یەکتری جیاوازن بەڵام لەناوەڕۆکدا، لە یەکترییەوە نزیک و خاڵی هاوبەشیان هەیە، رەنگ و وشە پێکهاتەیەکی سەرەکی شیعرن، مرۆڤ بەهۆیانەوە دەتوانی ناخ و هەستەکانی دەرببڕی، هەروەها هەردووکیان سەرچاوەیەکن بۆ بەرهەمهێنانی جوانی و بەخشینی چێژ .. لەسەر ئەم بنەما هاوبەشییەی ڕەنگ و وشە دەتوانین بڵێین/ (شیعر تابلۆکێشانە بە وشە)، (تابلۆش شیعر نووسینە بە ڕەنگ ..!)، زۆر کەسانی بەهرەداریش هەن کە لە هەردوو بوارەکە، توانای باش و داهێنەرانەیان هەیە، واتە هەم شاعیر و هەم نیگارکێشن، بۆنموونە (ویلیەم بلەیک، دانتی گابرێل ڕۆزێتی، سلفادۆر دالی و چەندانیتر)، لە یەککاتدا شاعیر و نیگارکێش بوون، لە هەردوو بوارەکە توانا و دەستێکی باڵایان هەبوو، (ئەدۆنیس) یش بەهەمان شێوە، لای خۆشمان (فەرهاد پیربال و فەرید زامدار)، دوو نموونە و دووکەسی دیارن کە هەم شاعیری نوێخواز و داهێنەرن، هەم لە نیگارکێشانیش توانا و بەهرەیەکی بەرچاو و جوانیان هەیە . زۆر کەس هەیە تونایەکی هەمەچەشنەی خۆڕسکیان هەیە، بۆ نموونە

له یەککاتـــدا، شـــاعیر و ڕۆماننووســـن یـــان شـــاعیر و نیگارکێشـــن یـــان مۆسیقاریشـــن، بـــۆ نمـــوونە (مارگرێـــت ئـــاتودی کەنەدی) شـــاعیر و ڕۆماننووســـێکی بەباوبـــانگە، (سیلڤیا پلاسی ئەمریکی) و (چـارلس بوکۆسـی ئەلمـانی) بەهەمانشـــێوە ..، شـــاعیر و ڕۆماننووســـن . هەروەک لای خۆشـــمان، بەختیـــار عەلـــی و شـــێرزاد حەســـەن و دڵـــزار حەســـەن و چەنـــدانیتر ..) بەهەمانشـــێوە .. (.شـــیعر و تابلۆ)، جگە لەو سیفاتە هاوبەشانەی نێوان ڕەنگ و وشـە، نزیکی و کاریگەری و هاوئاهەنگی زێتریـان هەیە بەیەکەوە، بۆ نموونە، زۆر دەقی شیعری هەیە پڕە لە وێنە و دیمەنـی جـوان . یـان زۆر تـابلۆ هەیە پـڕە لە مۆسـیقا و خەیـاڵی شیعری، ڕەنگەکان قسـە دەکەن، زۆر تـابلۆ هەیە خەیاڵـت دەبزوێنـێ و ئیلهـامی شـیعرت پـێ دەبەخشـێ/ زۆر تـابلۆ بەناوبانگەکـــانی جیهـــانی هەن، خەڵکیـــان بزوانـــدووە و شـــــیعرییان پێگتـــــون لەوانە، تـــــابلۆی (شـــــەوە ئەســـــتێرەییەکان)ی (ڤـــانکوخ)، ئەم تـــابلۆیە بـــۆتە سەرچاوەی خەیاڵی (ئان سیکسـتۆن) شـیعرێکی بەهەمـان ناونیشان نووسـیوەو ئیلهـامەکەی لەم تـابلۆیە وەرگرتـووە، لە بەشیکدا دەڵێت ..

**شار بێدەنگە**

**شەویش/ بە یانزە ئەستێرەوە کڵپە دەکات**


**ئای ئەستێرەی شەوەکان**


**منیش دەمەوێت بەم شێوەیە بمرم ...!**

زۆر تـــابلۆی تـــر ئەم گاریگەریەیـــان هەیە و بـــوونەتە سـەرچاوەی نووسـین، لەوانە تـابلۆی (هـاوار) و ئیـدوارد مەنچ، (مۆنالیزای) داڤنشـی و زۆرانیتـر . (فەریـد زامـدار) جـگە لەوەی توانـایەکی جـوانی هەبـوو لە نیگارکێشـان و مـــامەڵەکردن لەگەڵ رەنـــگ و هێڵەکانـــدا، لەنێـــو شیعرەکانیشی گرینگی زۆری بە هێلکاری و وێنەی شـیعری دەدا، سـوودی زۆری لە قوتابخـانەی (وێنەیـی) بینیبـوو، ئەم قوتابخانەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەمریکا، لەلایەن ( (ئەزرا پاوەنـد و ئـامی لوێـل) دادەهێنـرێ، کە یەکـێکە لە قوتابخـانە مۆدێرنەکـانی شـیعری جیهـانی . هەروەک (ئەزرا پاوەند) وەسفی شیعری وێنەیـی دەکـات و دەڵـــێ (تێکەڵاوبـــوون و ئـــاوێزانبوونی نێـــوان هەســـتە دەروونییەکـــان و توانـــا مەعریفییەکـــانی کەســـەکانە لە چرکەسـاتێکی دیـاریکراودا ..!) . (فەریـد زامـدار) وەک شـاعیرێکی نوێخـواز و هـاوچەرخ، وشـیارانە ئیشـی لەسـەر شـیعری وێنەیـی کـردووە و چەنـدین هیلکـاری و وێـنەی جوانی نەخشاندووە.

لە کۆتایی کۆ بەرهەمەکەی بە ناوی (شـەڕی وشـەکان نیـو نوقتە لەژێـر نیـودا)، چەنـد شـیعرێکی لە شـێوەی وێـنە و

هێلکاری داناوە، وا لێرەدا یەکدوو نموونە دەخەمە بەرچاو، لە ڕووی تەکنیکییەوە من نەمتوانی وەکو خۆیان تایپیان بکەمەوە بۆیە بە وێنە وەکو خۆی دایان دەنێم.






لە هێلکاری و وێنەی شیعرییەکان جوانکارییەکی بێوێنەی بەرجەستە کردووە، کە ئەمەش ئامانجی سەرەکی شیعر و ئەدەبە، فەرید زامدار) وەک چۆن بەدوای وشەیەک دا دەگەڕا کە نەنووسرابایە واتە، وشەیەکی ناوازە و جیاواز، لە ڕووی فۆرمیشەوە، هەمیشە بە شێوەی جیاواز و ناوازە شیعرەکانی دەنووسی، ڕەنگە ئەو نائارامی و شەیداییەی

بۆ جیاواز بوون و نـوێگەری، وای کردبێـت جـگە لە شـیعر پەنای بۆ ڕەنگ و تابلۆکێشان بـرد بـێ .. بەو مەبەسـتەی ئەگەر لە شیعریش نەتوانێ بە ئامانج و خەونە گەورەکـانی بگات، تا لە ڕێی وێنەکێشانەوە ئاهێک بە دەروونە بزێـو و



مانـــــدووەکەی خۆیـــدا بهێنـــێ بـۆیە، زۆرجـاران لەنێــو دەربــڕینە شـــــیعرییەکان و مانیفێســـــــتە شــــــیعرییەکانی نائومێدانە قسەی دەکرد. (فەرید زامـدار) لەنێـــــــــــو تابلۆکانیشــی چــڕو ئــاڵۆز بــوو وەکــو شــیعرەکانی، یــان شێوازێکی ناوازە و نـامۆی هەبـوو، نـامۆ بە هـونەری بـاو، نائومێدبوونی (فەرید زامدار) لەوە بوو کە خەونی گەورەی هەبوو بۆ داهێنـان، وەک (پارناسـییەکان) نائومێـدییەکەی لە (ڕەشبینی)یەوە سەرچاوەی نەگرتبـوو، هەمـوو شـتێکی بێبایەخ نەدەبینی و ژیان لەلای ئەو تەنها تەعبیر نەبوو لە

وەهــم و هیچیتــر...! چڕبــوونەوە لە نێــو دنیــای وشــە و ڕەنگەکان، تەنها ئامانجی بە کەماڵ گەیشـتنی جـوانی بـوو ، (فەریـد زامـدار) وەک چـۆن لەنێـو شـیعرەکانی لەژێـر گەریــگەری (هــونەر بـۆ هــونەر) بــوو، لەژێـر گــاریگەری قوتابخانەکــانی دوای ئەو تەوژمە بــوو، واتە تێکەڵاویــیەک بوو، لە (سومبولیست و دادیـی و سوریالیسـت و وێنەیـی) لە نێو ڕەنگەکانیش بەهەمان شێوە، تێکەڵاوییەک بوو (لە تەعبیرییەت و ئەبستراکت)، بۆیە بەو باوەڕە گەیشـت بـوو کە، (تێنەگەیشتنیش جۆرە تێگەیشتنێکە..!) .

# شیعر و قەڵەم

ئەگەر (مارکس) بەوە لە فەیلەسوفەکانیتر جیا دەکرێتەوە و کە دەڵێ، (ئێمە نابێ تەنها دونیا تەفسیر بکەین، دەبێ هەوڵی گۆڕینیشی بدەین)، بە جیا لە تیۆرە گرینگەکان و مەعریفە مەلسەفییەکەی، ئەم قسەیەی (مارکس) یەکێکە لە بەناوبانگترین قسەکانی لەزۆر مەجلیس و گفتوگۆیەکان دووبارە دەبێتەوە، یان وتە بەناوبانگەکەی (دیکارت) کە دەڵێ (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم ..) لە هەموو نووسینێک لەسەر دیکارت ئەم وتەیە دووبارە بۆتەوە، یان قسەکانی (نیتچە) دەربارەی (مردنی خوا) و (هێز و مرۆڤی باڵا)، یان قسەکانی (ئەرستۆ) دەربارەی جیاوازی نێوان شاعیر و مێژوونووس، و زۆرانیتر . دیارە لەخۆڕا ئەم قسە و دەربڕینانەش نەبوونەتە وێردی سەرزمانی خوێنەران و ڕۆشنبیران، هەریەکێک لە قسەکان دوورنمایەک و قووڵاییەکی فەلسەفی و مەعرییفییان تیایە . لێرەوە دەمانەوێت باسی پیرۆزی قەڵەم بکەین لەلای (فەرید زامدار) ی شاعیر، چۆن شاعیرانە باسی لە قەڵەم کردووە و قەڵەم چ گرینگییەک و چ پیرۆزییەکی هەیە لەلای ئەو، بە چ شێوەیەک باس لە قەڵەم دەکات و وا

پێویسـت دەکـات ئەم دەربـڕینەی دەربـارەی قەڵەم تـا هەتـایە بگـوترێتەوە، وەک قسـە بەناوبانگەکـانی زانـا و فەیلەسـوف و بیرمەنـدەکان . دەربـڕینەکەش دەربـارەی قەلەم ئەوەیە کە/ دەڵێ .. .

<u>(قەڵەم نیشتیمانمە، لە هەرشوێنێکی زەمینـدا قەڵەمێـک بشکێ منیش دەشـکێم، قەڵەمێـک زینـدانی بکـرێ منـیش لەوێم، قەڵەمێـک ڕاوبنـدرێ منـیش ڕاودەنـرێم، قەڵەمێک ئازار بدرێ ژانەکەی دەگاتە ڕۆحی منیش، قەڵەمێک داگیر بکـرێ منـیش داگیـر دەکـرێم، لەهەر کـوێیەک قەڵەمێکـی خێرخـواز بـانگم بکـا دەچـمە ئەوێ، هەمـوو قەڵەمە خێرخوازەکـانی دونیـا بە نیشـتیمانی ڕاسـتەقینەی خـۆم دەزانـم و هەمـوو نووسـینە هـونەری و داهێنـانە ئەدەبـی یەکانی جیهانیش بە هی خۆم دەبینم ... لە هەرکـوێیەک قەڵەمێک ئازاد ببێ منیش ئازاد دەبـم ..!)</u> ئەم قسـەیەی (فەریـد زامـدار) هێنـدە لە ئاسـتێکی بەرز و پـڕ واتـایە پێویستە، بۆ تاهەتایە هەر بگوترێتەوە چونکە/ باوەڕناکەم هـیچ نووسـەر و شـاعیر و بیرمەنـدێک، بەم شـێوەیەی (فەرید زامدار)، باسی بەهای قەڵەم و خۆشەویستی خـۆی بـۆ قەڵەم پێشـان دابێـت، هۆکـارەکەش ئەوەیە/ لای ئەو شاعیرەمان (قەڵەم یانی شیعر ...!)، ئەو شاعیرێک بـوو،

هەموو ژیانی خۆی بە شیعر بەخشیبوو. ئێمە مەبەستمان (ئەوی شاعیرە)، پەیوەندی (ئەو و شیعر)، یان (ئەو و قەڵەم و شیعر)، بەمانای/ شیعر لەلای ئەو، ئەو بەها و ئەو پیرۆزییەی هەبوو، وشەی (قەڵەم) لەنێو وتار و شیعرەکانی زۆر دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە لە کورتە شیعرێکی هێلکاری یان وێنەیی دا دەڵێ ... .

(من، کورەکەی خۆم کرد، بە قەڵەمێک و، کچەکەم بە کتێبێک و هاوسەرەکەشم بە دەفتەرێکی ڕەسم ...!)، قەڵەم و کتێب بەئەندازەی هاوسەرەکەیی و جگەرگۆشەکانی لێیەوە نزیک و خۆشەویست بووە، ئەم نزیکایەتییە و ئەم خۆشەویستییە بۆ قەڵەم و کتێب، ئەوە ئاگایی و مەعریفەی (فەرید زامدار)مان پێشان دەدا، وەکو شاعیرێک جدییەتی ئەومان بۆ دەردەکەوێت بۆ شیعر و داهێنان، دەبینین لە کۆپلە شیعرێکی جوان و ناسکیتر دا دەڵێ،

**کە چاوم کردەوە**

**شیعر**

**ژنم بوو**

**تاهەتاییش**

**شیعر**

**هەر ژنە یاخی و**

**جوانەکەی**

**من دەبێ ...!**

لەنێو بیرکردنەوە یاخی و سەرشێتییەکانی (فەرید زامدار)دا خەونە گەورەکانی دەبینین بۆ شیعر و نوێخوازی . خەمەکانی دەبینین بۆ داهێنان . یان ئاوێزان و تێکالاوییە ڕۆحییەکانی دەبینین . لە شوێنێکدا دەڵێ ... (لە ئان و ساتی نووسیندا، دار و بەرد و چیا، خاک و گوڵ و خۆڵەمێش، ئاگر و ئاو، دیوار و دەرگا و پەنجەرە و ڕەشەبا، هەموویان لەبەر زەبری دیدەمدا، دەبنە کاغەز و لە ناویاندا وشە بە وشە دەچنرێم و وەک و گورگێکی هاریشم لێ دێت ... !) بێگومان مەبەستی/ لە ئان و ساتی نووسینی شیعرە ..! بەهەموو هەست و دەمارەکانی ئارەزوو و ناخود ئاگاییەکانیشی، تێکەڵ بە خەیاڵ و تەقسە شیعرییەکان دەبێت و تەواو لە دنیا دادەبڕێ . ئەوەتا بە ئاشکرا لەکاتی نووسینی شیعردا/ باس لەم حاڵەتە سۆفییانە و ڕۆحییانەی خۆی دەکات و دەڵێ، (نووسین شێوەیەکە لە شێوەکانی کڕنۆش بردن بۆ وەحی ڕۆح ...!)، یان پێش ڕۆژەکان و چرکەساتەکانی ماڵئاوایی، لای (دەریا)ی کچی دەڵێت، (ئیتر تەواو) ..!

یـــــان لای هاوسەرەکەشـــــی دەڵێـــــت، (قەڵەمەکەم بەربوویەوە...!)، ئاخ مردن چەند بێڕەحمی، کە شاعیرێک ئەم هەموو پەرۆشی و عەشق و شەیداییەی بۆ قەڵەم و شـیعر و داهێنـان هەبـێ، کەچـی هەسـت بکـات کـاتی ماڵئـــاویی نزیـــک بـــۆتەوەو (ئیتـــر تەواو، قەڵەمەکەی بەردەبێتەوە.. !)، واتە دڵە گەورەکەی لەلێدان دەکەوێت و مـــردن کۆتـــایی بە پڕۆژەکـــانی بـــوون و بە پـــڕۆژە شـــــیعرییەکانی دەهێنێـــــت ..! چ بیرکـــــردنەوەیەک و چرکەسـاتێکی ئازاربەخشـە..! بەڵام، نووسـەرە داهێـنەرە گەورەکـان هەمیشـە لەنێـو نووسـین و داهێنانەکانییـان بە زیندوویی دەمینـنەوە و دەبـن بە مـوڵکی مێـژوو و مـوڵکی مرۆڤـــایەتی، دەگەنە نێـــو ڕووبەری ئەبەدیـــیەت، ئێســـتا (فەریـد زامـدار) لەنێـو ئەم ڕووبەرە/ میـوانی (شـیرکۆ بـێکەس و گـۆران و نـاڵی و دەستۆفسـکی و شکسـپیر و دانتـی و بۆدلێر و فـروغ و ئەزرا پاوەنـد و چەنـدان گەورە نووســەرانی مێــژووە... !)، بەهەمــان هەســت و ســۆز و خەونـی گەورەوە لە کـورتە شـیعرێکی پەخشـانئامێز دا بە ناوی (وەسیەتنامە) دا دەڵێت ..

**کە مردم**

**لە لێواری ڕووبارێ یان لە کەنار**

**دەریاچەی دوکان تەرمەکەم**

**بسووتێنن و خۆڵەمێشەکەم**

**لەبن درەختی گەلەری شانەدەر**

**بەرامبەر هۆڵی شێوەکاری**

**شانەدەر**

**پەرشوبڵاو بکەنەوە**

**تاکو بچمە ناو ڕۆحی**

**درەختێکەوە و تا هەتایە**

**سێبەرەکەم ببێت**

**بە جێگەی حەسانەوەی**

**کەسانیتر...!**

دەیەوێت دوای مردن جەستەکەی بسووتێنن، خۆڵەمێشەکەی لەژێردرەختێک پەرشوبڵاو بکەنەوە، واتە شاعیرێک بووە لە روانگەیەکی زانستی و ماتریالیستانەوە، لە (بوون و ژیان و مردنی) ڕوانیوە، تا سەرئێسقانیش لێوانلێو بووە لە هەست و سۆزی ئینسانی، (کاتێک خۆڵەمێشی جەستەکەی لە بەرامبەر هۆڵی شێوەکاری شانەدەر پەرشوبڵاو دەکەنەوە، دەیەوێت بچێتە نێو ڕۆحی درەختێکەوە، تاکو بۆ تاهەتایە سێبەری ئەم درەختە ببێتە جێگەی حەسانەوەی کەسانیتر ..!)، (فەرید زامدار)

وەکچـۆن خەونەکـانی بـۆ شـیعر و داهێنـان و نوێخـوازی گەورەبـوون بەهەمـان ئەنـدازەش، هەسـتە ئینسـانییەکانی گەورە بوون، (ئەدۆنـیس) لە دیمـانەیەک دەربـارەی مـردن دەڵێ، (مردن تێکەڵبوونەوەیە بە سروشـت ...!)، (فەریـد زامدار)یش هەمان بیرکرنەوەی هەیە بـۆ مـردن . دەیەوێـت بچێتە نیو ڕۆحی درەختێکەوە و لەوێوە تێکەڵ بە سروشت بێتەوە، ئیتـر لێـرەدا بەوە دەگەیـن کە/ شـاعیرێک تـا ئەو ئەندازەیە عاشقی شـیعر و داهێنـان و جـوانی بێـت، ئیـدی قەڵەمەکەی چـۆن دەکەوێـتە خـوارەوە ..؟! ئەوە نیـیە قەڵەمەکەی ئەو ئـێمەی هێنـاوەتە قسـە، ئەوە نیشـانەی ئەوەیە، قەڵەکەی ئەو هەر بە زیندوویی و بە درەوشـاوەیی لەنێو دنیای شیعر و ئەدەب و داهێناندا دەمێنێتەوە...!

## بۆ شاعیری خۆشەویست هاوڕێم/ فەرید زامدار

فەریـد زامـدار، ئەو شـاعیرە بـوو نـزیکەی نیـو سـەدە لە نوێبـوونەوە و داهێنانـدا بـوو، لەنێـو ڕووبەری شـیعر، وەک شـاعیرێکی نوێخـواز بـۆ شـیعر و داهێنـان/ خـاوەن ڕوئیـا و بیرکردنەوە و جیهانبینی خۆی بوو . فەرید زامدار شاعیرێکی نوێخـواز بـوو، بەو مانـایەی بە زمـان و سـتایلێکی جیـاواز دەینووسـی واتە/ جیاواز لە شـاعیرانی پـێش یـان سـەردەمی خـۆی .. ئەو بە سروشـت کەسـێکی ئـارام بـوو بەڵام یـاخی/ یـاخی بەو مانـایەی دابـڕاو لە بیرکـردنەوە و فـۆڕمی مەوجـود، بەو مانـایەی شـاعیرێکی لادەر، بەو ڕێگـایەدا نەدەڕۆیشـت کە شاعیرانی سەردەمی خۆی بە لێشاو پێیدا دەڕۆشتن . هەروەک خـۆی لە (شـەڕی ڕەنگەکـان) دا دەڵـێ / (بەردەوام لە ڕێگـا نادیارەکانی ڕەنگێکەوە بۆ ڕەنگێکی نادیـار سـەفەر دەکەم ..) یان لە سەرەتای (ئەنیما مۆندی) باس لە خولقاندن و داهێنان دەکات .. دیـارە مەبەسـتی لە خولقانـدن (نوێخـوازیی) بـووە، دەڵێـت/ (خولقانـدنی ڕاسـتەقینە مـوعجیزەیەکی ئـاڵۆزوو تەمـومژاوییە، جیـاوازییەکی زۆر هەیە لەنێـوان خولقانـدن و داهێنانـدا)، بـۆیە لێرەدا دەتـوانین بڵێـین/ هەمـوو داهێنانێـک لادان و نوێخـوازی نیـیە بەڵام، هەمـوو لادان و نوێخـوازییەک

داهێنــانه، چــونكه ئەوانەی داهێنــان دەكەن ڕاســتە ئاســتێكی بەرز لە جـوانی بەرهەم دەهێـنن/ بەڵام بە سـتایل و شـێوازی پێشخۆیان دەنووسن یان ستایل و شێوازێكی باو، بەڵام فەریـد زامداری شاعیر چ لە ڕووی زمانەوە چ لە ڕووی فـۆڕمەوە تەواو نوێخواز و شاعیرێكی بەمانای وشە جیاواز بوو . مـن ئەمـڕۆكە وەک هاوڕێیەكی لەمێژینەی ئەو شاعیرە، بۆ ڕێزگرتن لە خۆیی و لە داهێنانە شیعرییەكانی، ئەمڕۆ هەموو ڕۆژەكەم و كاتەكانم بە شــیعرەكانی ئەو دەبەخشــم، دەمەوێ ئەمــڕۆ لەگەڵ ئەودا بمێـنمەوە، چـونكە ئەو لەنێـو شـیعرەكانییەتی و هەر لەوێشـدا دەمێنێــتەوە . مــن ئەمــڕۆ ســەفەرێک بەنێــو كــۆبەرهەمەكەی (شــەڕی وشــەكان نیــو نــوقتە لەژێــر نیــودا) دەكەم .. بەنێـو كــۆڵانە قوڕەكــانی (بروســكەی هەوری مەبەســتێک) دەســت پێـدەكەم، لەوێـدا بە هێمنـی گـوێ لە سـەمفۆنیای ئازارەكـانی میللەتێكـــی ســـتەمدیدە ڕادەگـــرم .. دواتـــر لە نێـــو ژنە وەهمییەكـانی نـاو سـەرم دەسـتی یەكێكیـان دەگـرم و بەرەو (ژووانی بەرسێبەر) دەڕۆین و لەوێندەریش پشـوویەک دەدەیـن ؛ بە وشەی ناسک و جـوان یەكتـری دەلاوێنیـنەوە، پاشـان بە تەنیـا دەڕۆم بـۆ گەڕەكـی شـیعرە (بـێ ناونیشـان) ەكـانی .. لەوێـوە خـۆم دەخـزێنمە نێـو دوو كەوانە و دەبـم بە نـوختەی تــایتلی وردە شــیعرەكان .. لەوێــوەش دەڕۆم بــۆ (شــەڕی

ڕەنگەکـــان) و لە کەنـــار ڕووبـــاری (ســـتێکس)ی ســـیحراوی، ســـەیری ئەو مـرۆڤە بێگوناهـانە دەکەم کە لەژێـر بـارانی ئـاگر ســـەمایەکی ڕوحییـــان دابەســـتووە، هەرلەوێـدا لە دەســـتەواژە و وشە و چەمکە دۆزەخییەکانی قەسیدەی (ئەسپ و ترس) ورد دەبـمەوە، هەر لەوێـدا (لە شـەپۆلە ئاسـۆییەکانی نێـو چـاوی مەحاڵ ..) دەڕوانم . دواتر دەڕۆم بەرەو نیشتیمانی (دروسـت نەبوون لە شەوی یەک دەقەییدا) . لەوێدا دەبم بە (خـاچی .. هەڵوێست و .. نوشوستی) و (خـۆم بە میـوان لەسـەر خـوانی بیرکـردنەوەی خـۆم دەبیـنم .. خـۆم بە میـوان لەسـەر زمـانی خۆم دەبینم .. خۆم بە میـوان لەنـاو سـەری خـۆم دەبیـنم .. خۆم بەمیوان لەناو چاوی خۆم دەبینم .. گەورەترین هیوام لە ژیانـدا " ئەوە دەبـێ "، بـگەم بە خـۆم و ببم بە خـۆم ...!)، لەوێوەش بەرەو دنیای (ئەنیما و مۆندی) دەڕۆم لەوێـش دەبـم بە (جیـابوونەوەیەکی تـر لە ناوچەکـانیتری شـیعر و دەبـم بە دەقێکـی هێرشـبەر)، ئیتـر لەوێـوەش وردە وردە ســەفەرەکەم درێژە پێدەدەم تا لە دوا کۆڵان و دوا لاپەرەی کـۆبەرهەمەکەی دێمە دەرەوە ...! . لەوێوەش دەگەڕێمەوە هەولێـر، لە لێـواری قەڵادا لە چـــاوەڕوانی (فەریـــد) دا دەبـــم، کە گەیشـــت دوای پشـــــوودانێکی کـــــورت، بەیەکەوە بەســـــــەر ســـــــینگی قەڵا سەردەکەوین لە شوێنێکی بەرزەوە، ســەیری گەرەک و شـەقام

و تێکچرژانـی خەڵـکە بەریئەکـان دەکەیـن .. دواتـر دێیـنە خوارەوەو پیاسەیەک بە دەوری قەڵادا دەکەیـن پاشـان، دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ بەرەو ماڵە لانەوازەکەی نووسەرانی هەولێـر دەکەویـنە ڕێ . لەوێـدا/ لە ژوورێکـی بچکـۆڵەی دوکەڵاوی لەگەڵ برادەران لە دەوری مێزێکی لاکێشەیی کۆدەبینەوە و من هەروەک جـاری پێشـوو و دوادیـدار بەرامـبەری دادەنیشـم .. ناوەناوە سەیرێکی بزە و نیگا نەرمەکانی دەکەم هێدی هێدی بەدەم هەڵدانەوەی یادەوەرییەکان و باسی شیعر و ئەدەبیـات، پێکەکانمـان هەڵـدەدەین، پاشـان کە شەوڕادەکشـێ و کـاتی ماڵئـاوایی و جیـابوونەوە نزیـک دەبێـتەوە، ئیتـر بە ناچـاری هەڵدەسـتین بـاوەش بەیەکتریـدا دەکەیـن و بەرلەوەی دەسـتم لەدەستەکانی بەرببێ بە دەنگێکی ئـارام و هـێمن پێـی دڵـێم/ فەرید گیان، تۆ لەنێو نیشتیمانی شیعر و لەنێو یادەوەرییەکان و لەنێو دڵی من بۆ تاهەتایە دەمێنیـتەوە .. دواتـر کە دەسـتم لێـی بەردەبـێ و ئـاوڕێکی لێـدەدەمەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە پێیدەڵێم/ چاوەڕوانم بە منیش دێم بۆ لات ...!

٢٣/ ٩/ ٢٠١٧

*تێبینـی/ ئەم وتـارە لە سـەرووبەندی مەراسـیمی چلەی شـاعیر نووسـراوە، هەر ئەوکـات لە یەکێـک لە ژمارەکـانی ڕۆژنـامەی (هەولێر) بڵاوکرایەوە .*

## سەرچاوەكان :

بۆ ئەم لێكۆڵینەوەمان سوودمان لەم كتێب و سەرچاوانە وەرگرتووە .

-/ چـاوپێكەوتن لەگەڵ (ئەدۆنـیس)، وەرگێڕانـی (ئـازاد بەرزنجـی)، رۆژنامەی هەولێر .
-/ (حیكایەتی )، چاوپێكەوتن لەگەڵ (ئەدۆنیس)، (یوتوب) .
-/ كتێبـــی (ئەدۆنـــیس ئەفســـونكاری وشـــەكان)، وەرگێرانـــی (عەبدوڵموتەڵیب عەبدوڵا) .
_/ كتێبی (بوون و داهێنان)، دكتۆر (محەمەد كەمال) .
_/ كتێبی (قوتابخانە ئەدەبییەكان) نووسینی/ ڕەزا سەید حسەینی .. و/ حەمە كەریم عارف
-/ كتێبی (نەرسیسیزم)، وەرگێڕانی (ناڵە حەسەن) .
_/ كتێبی (لە دیارەوە بۆ نادیار)، بەختیار عەلی
_/ كتیبـی (مرۆڤـی یـاخی)، (ئەلبێـر كـامۆ)، وەرگێڕانـی (ئـازاد بەرزنجی) .
_ كتێبی (شەڕی وشەكان/ نیو نوقتە لەژێر نیـودا)، (فەریـد زامـدار)، كۆبەرهەمی شیعری
_ كتێبی (دەریای وشە لێڕپژاو)، (فەرید زامدار) .

**سوپاسنامه :**

سوپاسی بێپایانی ئەو هـاوڕێ ئـازیز و خۆشەویسـتانەم دەکەم کە لەنووســـــینی ئەم لێکـــۆڵینەوەیە یارمەتییـــــان دام، ئەو هاوڕێیانەش ..

- (وەفیق زامدار) ی هونەرمەندی شـێوەکار، کە کـۆبەرهەمە شیعرییەکەی (فەرید زامدار)ی لە هەولێـرەوە بـۆ هێنـامەوە کەنەدا .
- (خولیـا حوسـێن)ی شـاعیر، کە نـامیلکەی (دەریـای وشـە لێڕژاوی) (فەرید زامدار)ی لە هەولێرەوە بۆ هێنام .